لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد

وشەی زمانی کوردی

دوکتۆر
ئەورەحمانی حاجی مارف

ولید حمدی

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد - بەغداد ١٩٧٥

ئەم کتێبە

لە ئامادەکردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي) ە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada/

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com

لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد

وشەی زمانی کوردی

دوکتۆر

ئەورەحمانی حاجی مارف

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد - بەغدا

١٩٧٥

من مطبوعات المجمع العلمي الكردي

الكلمة

في اللغة الكردية

د. عبد الرحمن معروف

مطبعة المجمع العلمي الكردي

بغداد ــ ١٩٧٥

پێشەکی

کاتێ باسی زمان دێتە گۆڕێ ، بەر لە هەمو شتێک مەبەست وشەیە . بۆ زانینی وشە ، بە تایبەتی وشەیەکی زۆر ، زمان نازانرێ و ئاخاوتنی پێ ناکرێ . ئەمە لەکاتی فێربوونی زمانی بێگانەدا بەئاشکرا دەردەکەوێ . ئەگەر کەسێک لە دەنگەکان و ڕێزمانی زمانێکدا شارەزاییی باش پەیدا کردبێ ، بەڵام وشەی کەم لەبەر بێ و موفرەدات کەم بزانێ ، ئەوە ئەو کەسە بە هیچ جۆرێک ناتوانێ باش لەو زمانە بگا و باش پێی بخوێنێتەوە و وتووێژی پێ بکا . بێگومان ، تەنیا زانینی موفرەدات و پشتگوێ خستنی تێکڕای دەنگەکان و پێکهاتنی ڕێزمانیش ، هەروەها مەودای باش زانینی زمان تەسک دەکەنەوە ، چونکە یەکگرتنی ئەو سێ ڕیشەیە ، (وشەکانی زمان ، دەنگەکان ، پێکهاتنی ڕێزمانی) ، زمان سازدەکەن و پێکدەهێنن . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ، دەبێ ئەو ڕاستییە لە بیر نەکەین ، کە وا زانینی ژمارەیەکی زۆر لە وشە و زانینی بەکارهێنانیان ڕادەی زانینی زمان نیشان دەدەن . جا هەر لەبەر ئەوەشە ، وشە بە ڕیشەیەکی هەرە گرنگی زمان دەژمێردرێت

زانینی ژمارەیەکی زۆر لە وشـە و بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی راست ، نەك تەنیا لە فێربوونی زمانی بێگانەدا گرنگە ، بەڵـکو بۆ زمانی زگماکیش ـ بۆ ئەو زمانەی لە منداڵییەوە وتوویژی پێ دەکەن ـ گەلێك پێویستە . راست نییە ، ئەگەر وا بیر بکەینەوە ، هەموو ئەو کەسـانەی بە کوردی دەدوێن و ئەو خەڵـکەی کە زمانی کوردی زمانی زگمـاکیانە ، وەك یەك دەیزانن و ئاخاوتنیان وێکدەچێ و یەك جۆر وشـە بەکار دەهێنن ، بەڵـکو پلەی زانینی ئادەمیزاد جیـاوازە . وەك ئاشکرایە ، ئەمەش لە گەلێك رووەوە پەیوەندی بە رادەی کولتووری مرۆڤەوە هەیە .

هۆی ئەو جیاوازییە چییە !

جیاوازی پلەی خوێندەواری و جۆری ژیان و توانا و هەروەها پەیوەندی جیـاواز لەگەڵ زماندا دەور دەبینێ . وەرگرتن و هەزم کردنی وشەی زمانی زگماك ، تا رادەیەك لە خۆڕا و بە شـێوەیەکی میکانیکی و بێ بیرکردنەوە روودەدات . مرۆڤ وشەی زمانەکەی هەر لە منداڵییەوە بێ بیرکردنەوە ، لە کەسانی دەور و پشتی وەردەگرێ . بەڵام لەگەڵ ئەو بیر نەکردنەوەیەشدا لە وەرگرتنی وشەی زمانەکەیدا (کە هــەر لە منداڵییەوە دەست پێ دەکا و لە تێـکڕای ژیانیدا بەردەوامە) چالاکی هەزم و وەرگرتن و ئارەزوو دەورێـکی گەورە دەبینن . جا لەبـەر ئەوەیە ، ئـەو کەســانەی شێوەی ژیانیان وێکدەچـێ و رادەی خوێندەوارییـــان وەك یەکە ، جیـاوازی لە ئاخاوتنیاندا هەیە . هەندێـکیان بە زمانێـکی وشك و رەق ، وە

هەندێکیان بە زمانێکی شیرین و جوان و پاراو و دەوڵەمەند دەدوێن .

چۆن وشەکانی زمان بناسرێن ؟

ئێمە هەر لە منداڵییەوە ، لەگەڵ فێربونی وشەکانی زماندا فێری ئەو یاسا و دەستورانەش دەبین ، کە وشەیان پێ دروست دەکرێ و دادەڕێژرێ . ئەمەش رێگەمان بۆ خۆش دەکا کە لەگەڵ وەرگرتنی لە خۆڕا و میکانیکی هەزاران وشەدا ، بتوانین بە بیر و هۆش لە زمان وردبینەوە و شتی شاراوەی ئاشکرا بکەین و فێری ئەوە ببین ، کە وەك چەکێکی پێویست بەکاری بهێنین .

زمان هەمیشە لەگەشە کردندایە و بە وشەی نوێ دەوڵەمەندتر دەبێ . ئاشکرایە ، کە بۆ ئەمە ، بە شیوەیەکی سەرەکی ، ئەو کەرەستەیە بەکار دەهێنرێ کە لەو زمانەدا هەیە . لە سەرێکەوە وشەی حازر بەدەست هەن ، وە لە سەرێکی دیکەوە کەرەستەی یاریدەر ، بە تایبەتی پێشگر و پاشگر . بەم جەشنە ، لەو وشانەی لە زووەوە لە زماندا هەن ، وشەی نوێ دروست دەکرێن .

هەر کەسێك ، زمانی کوردی بزانێ ، بێئەوەی ئەرکێکی ئەوتۆ بکێشێ ، دەتوانێ چەندین وشەی نوێی وەها ناوبێنێ ، کە لەم چەرخەی ئێمەدا پەیدا بوون . لەم دەمەدا ، کە ژیانی رۆشنبیری و زانستی و کۆمەلایەتی و سیاسی .... میللەتی کورد لە برەودایە و تێکڕای جیهان لە پێشکەوتندایە . بێگومان زمان پێویستی بە وشەی نوێ دەبێ و رۆژ بە رۆژ وشەی نوێ پەیدا دەبێ .

بەهرەی بوونی زمان ـ نیشانەی بەختەوەریی مەزنی ئادەمیزادە . خۆشویستنی زمانی زگماك و باش زانینی و چـاك بەکارهێنانی .... ئەرکی سـەرشانی مرۆڤە و مایەی بەختیارییەتی ناسین و زانینی وشە و شارەزایی تێدا پەیدا کردنی کارێـکی بەرز و پێویستە .

لە نیوەی یەکەمی سـەدەی نۆزدەمدا ، کاتێك زمانناسـی بە زانستێـکی سـەربەخۆ دانرا ، زانایان گومانیان لەوەدا نەبوو ، کە بە تایبەتی وشە دانەیەکی سەرەکیی زمانە . گەلێك لە زمانناسان لەم بارەیەوە نووسییان و کۆڵییانەوە .

وەك ئاشکرایە ، پەردەی رەش بەسەر سـەدان وشـەی زمانەکمانەوەیە و گەلێك رووی گرنگی وشەی زمانی کوردیی هێشتا هەر بە ئاڵۆزی و تاریکی ماوەتەوە . هۆی ئەمـەش ، ئەوەیە تاکو ئێستا بەداخەوە لێکۆڵینەوەی قووڵ و زانستییانە دەربارەی وشـەی زمانی کوردیی نەنووسراوە .

هەرچەندە بە گشتی لێکۆڵینەوە دەربارەی زمانی کوردیی کەمە ، بەڵام تـا رادەیەك باسی (مۆرفۆلۆژی و فۆنەتیك و سینتاکس) ـ کە سێ بەشی گرنگن لە لێکۆڵینەوەی زمانـدا ـ کراوە . ئەوەی سەرنج رابکێشێ ، ئەوەیە کە تا ئێستە چ زانایانی کورد و چ زانایانی بێگانە لە بارەی (لێکسیکۆلۆژی)[1] زمانی کوردییەوە شتێکی ئەوتۆیان نەنووسیوە .

بێ گومان پشت گوێ خستنی کێشەی وشـەی زمانی کوردیی

---

(١) شی کردنەوەی ئەم زاراوەیە و ئەوانی دیکە لە کتێبەکەدا هاتووە .

لە کاری لێکۆڵینەوەی زمانەکەماندا کەلێنێکی گەورەیە. بینینی ئەو کەلێنە هەستی جوڵاندم و رایکێشام کە خۆم بەو باسەوە خەریک و ماندو بکەم ... دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر، ئەوەی بۆم کرا کردم و ئەوەی لە توانامدا بوو بەجێم هێنا ... هیچ گومانم لەوەدا نییە، کە ئەم کارەی من تەواو نییە و کەم و کورتی تێدایە. بەڵام ئەوەی شایانی باس بێ، ئەوەیە کە ئەم کتێبە سەرەتایەکە لە بارەی کێشەی وشەی زمانی کوردییەوە و گەلێک کەرەستەی نوێی وەهای تێدایە، کە تا ئێستا لە لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیدا باسیان نەکراوە.

ئەرکی سەرەکی ئەم کتێبە «وشەی زمانی کوردی»، تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەیە لەو کێشە گرنگانەی لە روی لێکسیکۆلۆژی (Lexicology) یەوە پەیوەندییان بە وشەی کوردییەوە هەیە، بە تایبەتی لە بارەی مانا و واتایانەوە؛ شوێنیان لە یاسای گشتی زماندا؛ پەیدابوونیانەوە؛ بەکار هێنانیانەوە؛ دەرفەتی جێکردنەوەیانەوە لە ئاخاوتندا؛ جۆری دەربڕین و شێوەی چەسپاندنیان لە رەوانبێژیدا ... وەک (جۆری وشە، جۆری مانا، پەیوەندی نیوان وشە، وشەی هاوبێژ، وشەی هاوواتا، وشەی دژواتا، وشەی یەکواتا، وشەی فرەواتا، وشەی تەواو، وشەی ناتەواو، وشەی بەرەڵلا، وشەی گیراو، وشەی کوردی پەتی، وشەی ئێراتی، وشەی هند و ئەوروپایی، وشەی بێگانە لە زمانی کوردیدا، رەگی بێگانە لە موفرەداتی زمانی کوردیدا، زنجیرە، موفرەداتی زمانی کوردی لە روی چالاکی و سستییەوە، وشەی مردە، وشەی نوێباو،

فرێزی گیراو ، جۆری فرێزی گیراو ، فرێزی گیراو لە ڕوی واتاوە ... هتد) .

هەرچەندە ئەرکی ئەم لێکۆڵینەوانەش دەکەوێتە سەر سێ بەشی هەرە گرنگی لێکسیکۆلۆژی : واتاناسی (علم معاني الالفاظ Semasiology) ، ئێتیمۆلۆژی (الاتيمولوجيا Etymology) ، فرێزیۆلۆژی (علم العبارات الاصطلاحية Phraseology) . بەڵام کاری فەرهەنگنوسی (Lexicography) پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کێشەی وشەوە هەیە . جا لەبەر ئەو هۆیەیە ، کە لە دوا بەشی ئەم کتێبەدا لە فەرهەنگ و جۆری فەرهەنگ و دەوری فەرهەنگ و کاری فەرهەنگ دواوین و باسی تێکڕای فەرهەنگە کوردییەکانمان کردوە ، کە لە کاری فەرهەنگنوسی و مێژوی فەرهەنگنوسی کوردی و پاراستنی وشەی کوردی و لێکدانەوە و شیکردنەوەی هەندێ کێشەدا دەوریان بینیوە .

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ، پەنجە بۆ ئەوە ڕابکێشم ، کە دوو بەشی ئەم کتێبە ـ واتە واتاناسی و ئێتیمۆلۆژی ، وەك وتار لە دوو ژمارەی « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد »دا بڵاوکراونەتەوە[٢] . وە بەشێکی بەشی فەرهەنگنوسی بە زمانی عەرەبی لە ژمارەیەکی دیکەی هەمان گۆڤاردا چاپ کراوە[٣] . هەرچی پێشەکی و بەشی

---

(٢) بڕوانە : « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، بەرگی دووەم ، بەشی دووەم ، ١٩٧٤ ، ل ٨١ ـ ١١٦ ؛ بەرگی سێیەم ، بەشی دووەم ، ١٩٧٥ ، ل ٢٠٧ ـ ٢٤٠ .

(٣) بڕوانە : « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، بەرگی سێیەم ، بەشی یەکەم ، ١٩٧٥ ، ل ٧٠٠ ـ ٧٢٨ .

فرێزیۆلۆژی و بەشێکی کەی بەشی فەرهەنگ نوسی و فەرهەنگۆک و لیستەی سەرچاوەکان ، بۆ یەکەم جار بڵاودەکرێنەوە .

پڕ بە دڵ سوپاسی مامۆستا هێمن موکریانی و مامۆستا شوکور مستەفا ، دوو مامۆستا و برای گەورە و هاوڕێی ئێزیکم دەکەم ، کە لە شی‌کردنەوەی گەلێك ڕووی ئەم باسەدا ، زۆریان هاریکاری لەگەڵ کردم و یاریدەیان دام . سوپاسی برای دڵسۆزم کاك حسەین عەیزوڵڵا جاف دەکەم ، کە گەلێك سەرچاوەی نوێی و پێویستی بۆ دۆزیوەتەوە و نیشان داوم . بەگەرمی سوپاسی مامۆستا و برای گەورەم کاك محەممەدی مەلا کەریم دەکەم ، کە لە ڕاست کردنەوەی هەڵەی چاپ و دەرکردنی ئەم کتێبەدا هاریکاری کردم هەروەها . ڕێز و سوپاسم بۆ کرێکاران و لێ‌پرسراوی چاپخانەی کۆڕ ، کە بەڕاستی دڵسۆزانە ئەم کارەیان بۆ هەڵسوڕاندم .

تاقە هیوام ئەوەیە ، بەم کارە توانیبێتم خزمەتێکی بچوك پێشکەش بە زانیاری گەلەکەمان بکەم . لە بارەی « وشەی زمانی کوردی »یەوە پێم کرابێ چەند وشەیەکی بە کەڵك بنوسم و دوو قسەی خێر بکەم ...

د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف

لێکسیکۆلۆژی زمانی کوردی (١)

لێکسیکۆلۆژی بەشێکە لە زانستی زمان و لە بارەی باری ئێستا و رابوردوی وشەوە دەدوێ . لێکسیکۆلۆژی زمانی کوردی یاسای وتووێژی ئەمڕۆ و دوێنێ و شێوەی پەیدابوون و پێشکەوتن و گەشەکردنی زمانەکەمان و پەیوەندی لەگەڵ مێژووی گەلی کوردمان بۆ دەردەخا و ڕوون دەکاتەوە .

کاکڵ و کەرەستەی لێکۆڵینەوەی لێکسیکۆلۆژی بەر لە هەموو شتێک وشەیە . وەک ئاشکرایە (مۆرفۆلۆژی)یش هەر لە وشە دەدوێ ، بەڵام لێرەدا دەیکاتە هۆ بۆ لێکۆڵینەوە لە دەستوور و

(١) وشەی لێکسیکۆلۆژی Iexicology کە لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە ، پێکهاتووە لە : (Iexikos ـ وشەکانی زمان ، وشەی فەرهەنگی) و (Iogos ـ زانست) . بەم جۆرە وشەی لێکسیکۆلۆژی بە مانای ـ زانستی وشە ـ دێت

رێزمان . کەچی لە لێکسیکۆلۆژیدا کاری پێویست و گرنگ زانین و ناسینی وشە و وشەکانی زمانە .

بە وینە ئەگەر لە باری مۆرفۆلۆژی و لێکسیکۆلۆجییەوە تەماشای وشەی « پاك » بکەین ، دەبینین ئەوەی کە بەلای مۆرفۆلۆژییەوە گرنگە ئەمەیە کە ئەم وشەیە — (ئاوەڵناوە Adjective) ، (ئاوەڵناوی سادەیە Adjective Simple) ، لە (پلەی بەراورد Comparative Degree) دا دەبێ بە « پاکتر » و لە (پلەی باڵا Superlative Degree) دا دەبێ بە « پاکترین » .... هتد .

بەڵام بە نیسبەت لێکسیکۆلۆژییەوە ، ئەوەی پەیوەندی بە وشەی « پاك » ەوە هەبێت ، ئەوەیە کە ئەم وشەیە لەگەڵ « پاقژ » و « پاکژ » و « خاوێن » دا هاوواتا (Synonym) یە و لە زۆر ناوچەی کوردستان بەکاری دەهێنن و لەگەڵ وشەی « پاك » — کە بە مانای « تێکڕا ، هەمو » دێت هاوبێژ (Homonym) ە .... هتد .

هەروەها ئەگەر لە وشەی « عەشق » وردبینەوە ، دەبینین ئەوەی بۆ مۆرفۆلۆژی گرنگ بێ ئەمەیە کە ئەم وشەیە (ناو Noun) ە ، (ناوی مەعنا Abstract Noun) یە ...... وە بۆ لێکسیکۆلۆژیش ئەمە گرنگە کە « عەشق » وشەیەکە لە مێژە کورد لە زمانی عەرەبییەوە وەری گرتووە ، ئەم وشەیە لەگەڵ « ئەڤین ، ئەوین ، دڵداری » دا هاوواتایە . ... وشەی « ئەڤین » یش وشەیەکی کوردی بەتییە و سەر بە دیالێکتی کرمانجی ژووروە و چەند

سالێکە لە دیالێکتی کرمانجی خوارودا جێگەی خۆی گرتووە و بووە بە وشەیەکی ئەدەبی و لەگەڵ « ئەوین » و « عەشق » و « دڵداری » دا هاوواتایە ...

تاکو ئەم شوێنە تا رادەیەك ئەرك و گرنگی لێکسیکۆلۆژیان بۆ روون بووەوە و بەم جۆرە دەتوانین بڵێین کە لێکسیکۆلۆژی لە وشە و وشەکانی زمان دەکۆڵێتەوە لە بارەی :

١ــ مانا و واتایانەوە ؛

٢ــ شوێنیان لە یاسای گشتی زماندا ؛

٣ــ پەیدابونیانەوە ؛

٤ــ بەکار هێنانیانەوە ؛

٥ ــ دەرفەتی جێگرتنەوەیانەوە لە ئاخاوتندا ؛

٦ــ جۆری دەربرین و شێوەی چەسپاندنیان لە بەلاغەدا .

ئەرکی ئەم لێکۆڵینەوانەش دەکەوێتە سەر سێ بەشی هەرە گرنگی لێکسیکۆلۆژی کە بریتین لە :

واتاناسی (علم معانی الالفاظ Semasiology)[٢] و زانستی

---

(٢) واتاناسی Semasiology بەشێکی سەرەکییە لە زانستی وشە و لە گشت ئەو مەسەلانە دەکۆڵێتەوە کە پەیوەندییان بە مانای وشەوە هەیە .

وشەداتاشین (علم الاشتقاق Etymology)[٣] و (علم العبارات الاصطلاحیة Phraseology)[٤].

لەم سێ بەشە گرنگەی لێکسیکۆلۆژیدا دەتوانرێ تێکڕایی ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە وشە و وشەکانی زمانەوە هەیە شی بکرێنەوە. منیش لەم باسەدا هەوڵ دەدەم بەو پێیە لە لێکسیکۆلۆژی زمانی کوردی بدوێم.

واتاناسی SEMASIOLOGY

وشە :

وشەکانی هەر زمانێك وەنەبێ تەنیا لە کۆمەڵێك وشە پێکهاتبن، بەڵکو بریتیبە لە یاسا و دەستوورێکی ورد و ئاشکرا و تەواو و رێكوپێك و دیاری کراو لە پەیوەندی و پەیوەستی راست و رەوادادا. لێکسیکۆلۆژی زانستی نییە کە لە بارەی وشەی جوێ جوێوە

---

(٣) ئێتیمۆلۆژی ئەو بەشەیە لە زانستی وشە کە لە پەیدابوون و پێشکەوتنی وشە و ئەو دەورانەی پیایدا تێپەڕیوە دەدوێ.

(٤) لە یەکگرتنی هەندێ وشەدا مانای تایبەتی پەیدا دەبێ و بەم جۆرە وشە و دەستە واژانە دەڵێن فرازیۆلۆژی کە بەشێکە لە زانستی وشە.

بدوێ ، بەڵکو زانستێکە دەربارەی سیستێم و دەستوری تێکڕایی وشەکانی زمان .

هەرچەندە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان لە بارەی وشەوە ، لێکۆڵینەوە زۆرە و لە گەڵێك سوچەوە لەم مەسەلەیە وردبونەتەوە و گەڵێك زانا بەم کارەوە خەریك بوون و بەرهەمی بەنرخیان پێشکەش کردوە و ئەنجامی سەرکەوتویان وەدەست هێناوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەعریفی تەواوی وشە نەکراوە و لەم بارەیەوە رایەکی یەکگرتوی وەها نییە کە گشت لایەك و تایبەتێتیەکی ئەم باسەی گرتبێتەوە و هەمو زمانناسان لایەنگیری بکەن .

ئەوەی لەم بارەیەوە پەیوەندی بە تەعریفی وشەوە هەبێت کە لە وڵاتی ئێمە نوسراین ئەوەیە کە تا رادەیەك کاڵ و کرچن و تەنیا سوچێکی باسەکە دەگرنەوە(٥) .

---

(٥) بە وێنە :

مامۆستا سەعید صدقی لە لاپەڕە (٦)ی کتێبی « صرف و نحوی کوردی »دا (بەغدا ١٩٢٨) لە تەعریفی وشەدا دەڵی : « تەنیا لفظێکە کە مەعنای ببێ ، وەکو (پیاو ، درەخت ، ئەستێرە ، بەرد ...) » .

مامۆستا نوری عەلی ئەمین لە لاپەڕە (٩)ی بەرگی دووەمی کتێبی « قواعدی زمانی کوردی »دا کە ساڵی ١٩٥٨ لە بەغدا بلاوی کردۆتەوە ، لە تەعریفی وشەدا نوسیویتی : « ئەو وشەیە کە لە=

یشك تەعریف و دیاری کردنی راست و زانستیانەی وشە ئەوەیە کە تیشك و رۆشنایی ئەو نیشانە سەرەکیانەی لە وشەدا هەن دەخۆیدا بنوێنێ. وشەش پێویستە ئەو خاسیەتە بنەرەتیانەی خوارەوەی تیدابێ :

= دەنگێ یا چەند دەنگێ پێك ئەهێنرێ و ئەوترێ و ئەنوسرێ ، وەك (خ ، آ ، ن ، ز ، آ ، د) ئەگەر بدرێنە دەم یەکتر ، وشەی (خانزاد)ی لێ پێك دێ . وە وشەش دوو جۆرە : » . وە لە لاپەڕە (٢٢)ی کتیبی « رێزمانی کوردی » شدا (سلیمانی ١٩٦٠) لە بارەی وشەوە دەڵێ : « وشە کەرەسەی زمانە و لە دەنگێ وە یا چەند دەنگێ دروست ئەکرێ ، وەك وشەی (خانزاد) لە دەنگی (خ ، آ ، ن ، ز ، آ ، د) پێکهاتووە ، وشـەش بـە بۆی زۆر و کەمی وازەکانی دوو بابەتە » .

لە لاپەڕە (٣١)ی بەرگی یەکەمی « فەرهـەنگی خاڵ »دا ، مامۆستا شـێخ محەممەدی خاڵ لە تەعریفی وشـەدا نوسیویتی : « وتە (کلمە) وشەیەکە کە مەبەستێکی ببێ ، وەك (دار ، کار ، ژن ، من ، بڕین ، دڕین) » .

لە کتیبی « زمان و ئەدەبی کوردی » کە د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ و د. ئیحسان فوئاد و مامۆسـتا صادق بەهائەدین بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی دایان ناوە (چاپی دووەم ، بەغدا ١٩٧٢) ، لە لاپەڕە (٢٥)دا لە بارەی وشەوە نوسیویانە : « وشە ئەو بێژەیەیە کە رستەی لێ پێك دەهێنرێت » ، لە لاپەڕە (٢٨)یشدا دەڵێن : « وشە یا وازە لە چەند دەنگێك پێك دێ » .

١ــ پێکهاتنی فۆنێتیکی هەبێت ؛

٢ــ مانا و واتادار بێ .

٣ــ قەوارەی ڕێزمانی هەبێ .

٤ــ هەمیشە خاوەنی دەنگ و مانا بێت ؛

٥ــ هەردەم لە ئاخاوتندا وەك دانەیەك (وحدة) لە زمان بەکار بهێنرێ ؛

٦ــ پتر لە یەك گیرەی نەبێت ؛

٧ــ بتوانرێ لە ڕستەدا بەکار بهێنرێ ؛

٨ــ توانای هەبێ ببێت بە ئیدیۆم .

جۆری وشـــە :

بەشێکی زۆری وشەکانی زمانی کوردی ـ وەکو هەمو زمانەکانی سەر ئەم زەمینە ـ ئەو وشانەن کە مانای دیاردەیەکی (ظاهرە) مەوزوعی واقیعی جۆراوجۆر دەبەخشن و بەم وشانەش دەڵێن وشـەی تەواو Autosemantic words . لە ڕوی مۆرفۆلۆژییەوە ئەم وشـــانە بە زۆری (ناو و ئاوەڵناو و زمارە و کردار و جێناو ...... ن) .

هەروەها پێویستە ئەوەش لە بیر نەکەین کە هەندێ پۆل وشە، وەك (پیتی بانگهێشتن و وشەی یاریدەدەر ....) بە شیۆەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە دیاردەی واقعیەوە نییە و مانایان شیۆەی تایبەتی

خۆی هەیە و هەر لەبەر ئەوەشە کە مۆرفۆلۆژی بە لێکۆڵینەوەی ئەم وشانە گرنگی دەدا و لێکسیکۆلۆژی تا رادەیەك دەیانخاتە پشت گوێ . لە زانستی وشەدا بەم چەشنە وشانە دەڵێن وشەی ناتەواو .

لە زمانی کوردیدا دوو جۆر وشەی تەواو هەن :

١— ئەو وشانەی لە شێوەی دروست بوون و دارشـــتنیاندا تا رادەیەك مانایان روون و ئاشکرایە (Motivated, having symbolic value) . ئەم وشانەش لە ئەنجامی وێکچوون و نزیکی (رەنگ ، شێوە ، ئەرك ، ئەندازە ، خاسیەت .... ی) دوو شتدا داتاشراون ، وەك :

شەکرشکێن — لە شـێوەی دارشتنی ئەم وشەیەدا ئاشکرا دیارە کە ئامرازێکە شەکری پێ دەشکێنرێ .

ســـەوزە — هەموو جۆرە شینایییەك دەگرێتەوە کە روابێ . لە وشـەی (ســـەوز)ەوە هاتووە کە جۆرە رەنگێکە ـ واتــە لـــە وێچوونی (رەنگ)ەوە پەیدابووە .

٢— ئەو وشانەی کە پێکهاتن و شێوەی دروست بوونیان مانایان روون ناکەنەوە (Devoid of symbolic value) ـ واتـــە شێوەی دارشتنیان مانای ئاشکرا و دیار نیشان نادەن ، وەك :

داڵ — هەرچەندە ئاشکرایە کە (داڵ) مەلێکی گەورەی گۆشت خۆرە ، بەڵام شێوەی داڕشتنی مانای ڕوَن ناکاتەوە .

ترێ — ئاشکرایە کە بەری درەختی مێوە ، بەلام ئەم مانایە لە شێوەی داڕشتنی وشەکەدا دیار نییە .

بۆیە هەر یەك لەم جۆرە وشانە مانای تەواوی خۆیان هەیە و بێ واتا نین . هەر وشەیەکیش یەك یاخود چەند مانایەکی هەیە ، ئەو وشانەی تەنیا یەك مانایان هەیەن لە لێکسیکۆلۆژیدا پێیان دەڵێن وشەی یەك واتا Monsemous word ، ئەو وشانەش کە مانایان زۆرە فرەواتا Polysemantic .

لە زمانی کوردیشدا ، وەکو هەموو زمانەکانی تر وشە هەن کە تەنها یەك مانایان هەیە و وشەش هەن کە مانایان زۆرە ، بۆ نموونە دەبینین کە هەندێ وشە ، وەك : (شەو ، ئاشەوان ، دراوسێ ، ئەژنۆ .... هتد) لە یەك مانا زیاتریان نییە ، بەڵام وشەش هەن مانایان زۆرە و ئەو مانایانەش لە یەك نزیکن ، وەك :

بەردانەوە — ١ـ بەردانی ئاوی گیراو ؛

٢ـ فڕێدانی شتێك لە بەرزییەوە .

جۆش‌سه‌ندن — ۱ـ هاتنه کوڵی شتی شل له‌سه‌ر ئاگر ؛
۲ـ بریتی‌یه له تاوسه‌ندنی جیهان له هاویندا ؛
۳ـ گه‌رم بوونی یه‌کێك له کارێکدا .

بووچ — ۱ـ شتی بێ ناوکتی بۆشی کاڵۆر ،
۲ـ بریتی‌یه له قسه و گفتوگۆی بێهووده[٦].

فره‌واتایی به‌شێکی زۆری وشه‌کانی زمانی کوردی ئه‌وه نیشان ده‌دات که به‌م زمانه ده‌توانرێ باش ته‌عبیر بکرێت ، هه‌روه‌ها شایانی باسه که زوربه‌ی ئه‌و وشانه به ره‌سه‌ن کوردین و له‌ناو جه‌رگه‌ی کورده‌واریدا هه‌ڵقوڵاون .

جۆری مانا :

له زمانی کوردیدا ده‌توانرێ دوو جۆر مانای وشه‌ی جیا بکرێته‌وه :

۱ — مانای حه‌قیقی direct (proper) meaning . به‌و مانایه ده‌وترێ که راسته‌وخۆ دیارده‌یه‌کی مه‌وزوعی واقیعی نیشان ده‌دات .

---

(٦) له هێنانه‌وه‌ی هه‌ندێ نموونه و شه‌رح کردنی وشه‌دا سوودم له چه‌ند فه‌رهه‌نگێکی کوردی ، به‌تایبه‌تی فه‌رهه‌نگی خاڵ وه‌رگرتوه .

٢— مانای مەجازی Transfered meaning . بەو مانایە دەوترێ کە راستەوخۆ دیاردەیەکی مەوزوعی واقیعی نیشان نادات ، بەڵکو لە رێگای پەیوەندییەوە لەگەڵ دیاردەیەکدا مانا دەدات .

بە وێنە وشەی « ئاگرنانەوە » لە زمانی کوردیدا بە مانای (ئاگربەردان بە شوێنێکەوە کە بسوتێ) و (هەڵگیرساندنی شەڕ و ئاشوبنانەوە) دێت . مانای یەکەمی ئەم وشەیە ـ ئاگربەردان بە شوێنێکەوە کە بسوتێ ـ کە مانایەکی حەقیقی‌یە ئاشکرا دیارە کە راستەوخۆ دیاردەیەکی مەوزوعی واقیعی نیشان دەدات . بەڵام مانای دووەمی کە ـ هەڵگیرساندنی شەڕ و ئاشوبنانەوە ـ یە مانایەکی مەجازی‌یە و راستەوخۆ دیاردەیەکی مەوزوعی واقیعی نیشان نادات ، چونکە ئاشکرا دیارە کە لەم رووداوەیاندا (گڕگرتن و سوتاندن)ی تێدا نییە ، بەڵکو ئەم کارە کە (ناخۆشی و وێرانی و خراپی ...) لەدوایە ، لە ئەنجامی (گڕگرتن و سوتاندن)ەوە نزیکە . بەم جۆرە لە رێگای نزیکی و وێکچوون و پەیوەندی ئەو دوو رووداوەوە ، وشەی « ئاگرنانەوە » بەو دوو مانایە ، واتە ـ حەقیقی و مەجازی ـ هاتووە .

هەرچی مانای مەجازییە لە زمانی کوردیدا پەیدا دەبێ لە ئەنجامی نزیکی و وێکچوونی :

١- شـێوە :

بە وێنە وشەی « بارخستن » بە مانای (کردنەوەی بار و خستنی لە شوێنێك) دێت و ئەمەش مانا حەقیقەکەیەتی . هەروەها بە (کەوتنی مریشك و کەڵەشێریش لەسەر تەنیشت) هەر دەڵێن « بارخستن » و ئەمەش مانایەکی مەجازییە . ئاشکرا دیارە کە نێزیکی و وێکچوون لە شێوەی ئەو دوو رووداوەدا هەیە و ئەمەش بووە بە هۆی ئەوەی کە ئەو مانا مەجازییە لە رێگای ئەو مانا حەقیقیەوە ئەو مانایەی ناومان برد ببەخشێ .

٢- ئەرك و خاسیەت :

دەبینین کە وشەی « نەرم » بە هەموو شتێك دەوترێ کە رەق نەبێت ، بەڵام لە سەرێکی کەوە (مرۆڤی نەرم)یش هەیە . بێگومان لێرەدا ئەو « نەرم »ە مانای ئەوە نادات کە مرۆڤ بە لەش نەرم بێت ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە مرۆڤێکی لەسەرخۆ و ناسك و بەئەدەبە . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاسیەت و ئەرکی ئەم دوو مانایە نزیکن و وێکچوون لە نیوانیاندا هەیە .

٣- لە مانایەکی فراوانەوە کەرتێك ، وە لە کەرتێکەوە مانایەکی فراوان وەربگیرێ :

أ - وەرگرتنی کەرتێك لە مانایەکی فراوانەوە .

بۆ نموونە دەبینین لە زمانی کوردیدا وشەی « بزرکان » مانایەکی گشتی هەیە ، ئەو مانایەش (تێکچوون و شــپرزەبوونی گیاندارە لە ترسانا) . لەم مانا گشتییەوە بەشێك وەرگیراوە ، ئەویش ئەوەیە کە بە (تێکچوونی شیر و ماست و هەندێ شتی تر کە گرۆ گرۆ دەبێ) دەڵێن « بزرکان » . یاخود وشەی « پشتیوان » بە شێوەیەکی گشتی مانای (یاریدەدەر)ە ، وە لەو مانا گشتییەوە ئــەوە پەیدا بووە کە وشەی « پشتیوان » بەو (دارە بوترێ کە لە باری پانی بە پشتی تای دەرگا و دەرابەدا دادەکوترێ) .

ب- فراوان بوونی مانایەکی تەسك .

بە وێنە دەبینین لە زمانی کوردیدا وشــەی « باسقەندە » بە (داردەستێك دەوترێ کە لە داری بەلاڵوك دروست کرابێ) . بێشك ئەمە ناوە بۆ یەك شت ، بەڵام لە هەمان کاتدا ئــەم مانایە فراوان بووە و بە (هەموو دارێکی باریکی لووسی کون کراو کە کرابێ بە دەسکی قەندە) هەر دەوترێ « باسقەندە » .

پەیوەندی نێوان وشــە :

لە بەکار هێنانی وشەدا بە مانای جیاواز لە رێگای پەیوەندییەوە لەگەڵ وشەی تردا دەتوانرێ دوو جۆر وشە جیا بکرێتەوە :

١— وشەی بەرەڵلا .

ئەم جۆرە وشانە دەتوانن لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشەدا پەیوەندییان هەبێ ، بە وێنە وشەی « مێز » لە روی ئەندازەوە دەتوانرێ بوترێ (بچوك ، گەورە ....) ، لە روی شێوەوە (خڕ ، درێژ ، کورت ، پان ، چوارگۆشە ....) ، لە روی رەنگەوە (سپی ، سور ...) ، لە روی پێویستییەوە (نان خواردن ، نوسین ....) ، لە روی ئەوەی لە چی مادەیك دروست کراوە (ئاسن ، دار ....) ، لە روی بەکار هێنان و نەوعیەتەوە (باش ، جوان ....) .... هتد .

٢— وشەی گیراو .

ئەمیش ئەو جۆرە وشانەن کە توانای ئەوەیان نییە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وشەدا یەك بگرن و لەبەر ئەوە شێوەی بەکار هێنانیان لە قاڵبێکی تەسکدا ماوەتەوە . بە وێنە وشەی « کەڕ ، کۆتەرە .... » لە زمانی کوردیدا ئەو توانایە و سەربەخۆییەیان نییە کە لەگەڵ ژمارەیەك پۆلی جیاوازی وشەدا رێك بکەون و بەکار بهێنرێن .

وشەی هاوبێژ (مشترك لفظی Homonym) :

چۆن لە گشت زمانێکدا ، هەروەها لە زمانی کوردیدا وشە هەن کە بە خوێندنەوە و نوسین وەك یەکن ، بەڵام مانایان جیاوازە ،

وەك :

ئازار — ئێشی ئەندام .

ئازار — مانگی مارت .

باو — دەستور : فیسار شت بووە بە باو .

باو — باوك .

باو — زیادەی شتێك بەسەر شتێکی تردا .

بێگومان ئەو چەند وشەیەی لە سەرەوە ناومان بردن لەو وشانە نین کە مانایان زۆرە ـ واتە وشـــەی فرەواتا Polysemantic نین ، بەڵـکو ئەو وشانەن کە تەنها لە خوێندنەوە و نوسیندا وەك یەکن ، ئەگینا لە واتا و پەیدابونیاندا جیاوازن ، وەك : (« ئازار » ـ ئێشی ئەندام) کە وشەیەکی کوردییـــە زۆر دوورە لە (« ئازار » ـ مانگی مارت) کە وشەیەکی کوردی نییـــە و لە پەیدابون و دروست بوندا سەرچاوەیەکی تری هەیە . یاخود « باو » دەبینین سێ وشەن کە مانایان جیاوازە و لە یەك دوورن . هەرچەندە هەر سێکیان لە رەسەندا کوردین ، بەلام پەیدا بون و دروست بونیان لە رێگای جیاوازەوە هاتووە . جا ئەم جۆرە وشـــانە کە لە لێکسیکۆلۆژیدا وشەی هاوبێژ (Homonym) یان پێ دەڵێن ، پێویستە لەگەڵ وشەی فرەواتا (Polysemantic) دا جیابکرێنەوە و تێکەڵ نەکرێن(٧) .

---

(٧) بەداخەوە ، لەم رووەوە ـ واتە دەربارەی وشەی هاوبێژ و هاوواتا ═

جۆری وشەی هاوبێژ :

لە زمانی کوردیدا سێ جۆر وشەی هاوبێژ بەرچاو دەکەون :

١ــ ئەو وشە هاوبێژانەی چۆن بە خوێندنەوە ، هەروەهاش بە نوسین وەك یەکن . بۆ نمونە :

= لە زمانی کوردیدا ـ نە بە زمانی کوردی و نە بە زمانی بێگانە هیچ شتێکی وەها نەنوسراوە و ئەمەش نانەواویەکی زۆر و کەلەبەرێکی گەورەیە لە مەسەلەی لێکۆڵینەوەی زمانەکەماندا ، بەلام ئەوەی شایانی باسە لەم بارەیەوە ئەوەیە کە هەندێ لە زانایانی کورد ، وەك مامۆستایان (تۆفیق وەهبی و قەنانی کوردۆ و چەرکەزی بەکۆ) لە فەرهەنگەکانیاندا لە رێگای کۆشش و زانینی خۆیانەوە بە شێوەیەکی تەجروبی هەندێ کێشەی ئەم کارە ئالۆزەیان خاوکردۆتەوە . هەروەها لە لاپەڕە (٥٦٩ ـ ٦٢٣)ی ، ژمارە دوی ، گۆڤاری « کۆڕی زانیاری کورد »دا (بەغدا ١٩٧٣) ، مامۆستا جەمال بابان لە ژێر ناوی « هەندێك لەو زاراوانەی واتایەك زیاتر ئەبەخشن »دا وتارێکی بلاوکردۆتەوە ، بەلام کەم و کورتی و هەڵەی هەرە گەورەی ئەم باسە لەوەدایە کە نوسەر وشەی هاوبێژ و فرەواتای جیا نەکردۆتەوە ، بە وێنە :

ناوڵە ـ تەویلەی ولاخ .

ناوڵە ـ جۆرە یاریەکە کە بە بوڵی تەختە و زار دەکرێت .

تیرە ـ هۆز ، ئێل ،

تیرە ـ تیرەی بن کلاش .

ئەمانە و گەلێکی تر ـ کە زوربەی ئەو نمونانە دەگرنەوە کە =

ئاش — جێی هاڕین و پاکردنی دانەوێڵە .

ئاش — چێشت .

٢— ئەو وشە هاوبێژانەی بە نوسین وەك یەکن ، بەڵام لە خوێندنەوەدا جیاوازییان هەیە ، وەك :

هەمانە[٨] — (هە) ـ رەگی کرداری (هەین)ە[٩]
(مان) ـ جێناوی لکاوی کۆیە
(ە) ـ نیشانەی وجودە لە حاڵدا .

هەمانە[١٠] — کیسەیەك لە پێستی مەڕ و بزن دروست کرابێ .

٣— ئەو وشە هاوبێژانەی لە هەندێ حاڵاتی رێزماندا لەیەك نێزیك دەبنەوە ، وەك :

= مامۆستا جەمال بابان لە وتارەکەیدا هێناویتیەوە ـ لەو وشانە نین کە واتایەك زیاتر دەبەخشن ، واتە وشەی فرەواتا نین ، بەڵکو ئەو وشانەن کە لە رێگای چەند هۆیەکی تایبەتییەوە بە خوێندنەوە و نوسین وێكدەچن ، واتە ئەمانە وشەی هاوبێژن ، نەك فرەواتا .

(٨) لەم وشەیەدا گیرە وا بەسەر بڕگەی دووەمەوە .

(٩) ئەمە کردارێکە کە چاوگەکەی لە بیر چۆتەوە .

(١٠) لێرەدا گیرە وا بەسەر بڕگەی شەشەمەوە (دوایەوە) .

تاڵە — گیانداری ڕەشی درێژ .

تاڵە — (تاڵ) ـ ئاوەڵناوە .

(ە) ـ نیشانەی وجودی حاڵە .

بۆ — کوندەبەبۆ .

بۆ — کردارێکی ڕابوردووە کە لە چاوگی (بۆن)ەوە وەرگیراوە .

ڕێبازی پەیدابونی وشەی هاوبێژ :

١ — بونی چەند دیالێکتێك و بەشە دیالێکتێك لە زمانی کوردیدا هۆیەکی گرنگە لە پەیدابونی وشـــەی هاوبێژدا . بە وێنە وشەی « بەش » لە دیالێکتی کرمانجی خوارووَدا مانای (هێندێ لە شتێك کە بڕدرابێ بۆ یەکێك) دەبەخشێ ، وە هـەر ئەم وشـەیە لە دیالێکتی کرمانجی ژووروَدا بە (گیانداری ناوچەوان سپی) دەڵێن .

٢ — لە ئەنجامی تێپەڕبونی کات و ڕۆژگاردا واتاکانی هەندێ وشەی فرەواتا لەیەك دوور کەوتونەتەوە و وشەی هاوبێژیان دروست کردوە ، وەك :

زێ — ڕووباری زۆر گەورە .

زێ — زێی مێینە .

٣— چۆن لە مێژوی پەیدابونی وشەی گشت زمانێکدا ، هەروەها لە مێژوی پەیدابونی وشەی کوردیدا وا رێکەوتووە کە دوَ وشە ، یاخود پتر دابڕاون بەسەر شتی جیاوازدا و بە رێکەوت شێوەی دەربڕینیان وەك یەك بووە . بە وێنە :

باهوَ — شان و قۆڵ .

باهوَ — ئاسۆ .

٤— هەندێ وشە کە لە زمانی بێگانەوە کەوتونەتە ناو زمانی کوردییەوە ، وا رێکەوتووە لەگەڵ وشەیەکی کوردتی رەسەندا لە نوسین و خوێندنەوەدا وەك یەك بن و لە هەمان کاتیشدا هەر یەکە مانای تایبەتی و جیاوازی خۆی هەبێت ، وەك :

بیَر — بیر و هۆش .

بیَر — (بئر - عەرەبی) .

جگە لەو چەند رێگە سەرەکیانە ، هەروەها هەندێك جار لە حالاتی گۆڕینی وشەدا و لکاندنی ئامراز و هەروەها کورت کردنەوە و سوانەوە ، وشەی هاوبێژ پەیدا دەبێ .

بەم جۆرە دەبینین کە دەوڵەمەندی و فراوانی زمانی کوردتی تەنها لە زۆری وشە و مانای جوێ جوێدا دەرناکەوێ ، بەڵکو لە دەوری چالاك و سامانی بەرین و بەنرخی وشەی هاوبێژیشدا دەردەکەوێ .

وشەی هاووااتا (مرادف Synonym) :

بەو وشانە دەڵێن کە یەك مانا دەبەخشن ، یاخود ماناکانیان لێك نزیکە ، بەڵام لە خوێندنەوە و نوسینیاندا جیاوازن ، وەك :

لێڕ – دارستان – جەنگەڵ .

ئاوارە – پەڕیوە – دەربەدەر .

جەندەك – کەلاك – تەرم – کەلەش .

توش – دژوار – سەخت – ناخۆش .

خەم – کەسەر – خەفەت .

خاپور – وێران .

.... هتد .

سەرچاوەی وشەی هاووااتا :

لە پەیدابون و کۆبونەوەی وشەی هاووااتای کوردیدا چەند ڕێگایەکی جیاواز دەوریان بینیوە :

١– چۆن بونی چەند دیالێکتێك و بەشە دیالێکتیك لە زمانی کوردیدا بووە بە هوی پەیدابونی وشەی هاوبێژ ، هەروەها بوشە بە هۆی پەیدابونی گەلێك وشەی هاووااتا :

أ – بەشێك لەو وشەی هەووااتایانە لە خوێندنەوە و نوسیندا لەیەك دورن ، وەك :

ئەوَك — قوزَك .
گەلەك — گەلێك ـ فرە ـ پڕ ـ زۆر .
بەدەو — جوان ـ قەشەنگ ـ چەلەنگ .
باهور — باهۆر ـ رەشەبا .

ب) هەندێکیشیان ئەو وشە هاوواتایانەن کە لە خوێندنەوە و نوسیندا تا رادەیەك وێكدەچن ، بەلاّم لە شـــێوەی فۆنێتیکدا تۆزێك جیاوازی هەیە . ئەو جۆرە وشانەش لە ئەنجامی لێك نزیك بونەوەی هەندێ دەنگ ، یاخود لە ئەنجامی خاسیەتی تایبەتی بەشە دیالێکتەکان و دیالێکتەکانی کوردیدا پەیدا بوون ، وەك :

م / و دامێن ـ داوێن .
ه / و هشك ـ وشك .
ف / و چاف ـ چاو .
ی / وَ پاری ـ پاروَ .
ه / ی تەنیا ـ تەنها .
آ / ێ ما ـ مێ .
ئـ / ه ئەسپ ـ هەسپ
.... وە گەلێکی تر[11] .

(۱۱) ئەم جۆرە وشە هاوواتایانە کە لە ئەنجامی نزیکی دەنگ ، یاخود خاسیەتی تایبەتی بەشە دیالێکتەکان و دیالێکتەکانی زمانەکەمانەوە هاتون ، پتر بەیوەندییان=

٢ـ لە ئەنجامی بەکار هێنانی شێوازی جودا لە چۆنێتی داڕشتن و دروستکردنی وشەدا گەلێك وشەی هاوواتا لە زمانی کوردیدا پەیدابوون ، وەك :

بەرەوژێر — بەرەوخوار

بەرەوخوارکە — بەرەوخوارە

بەرەولێژە — سەرەولێژە

٣ـ هەرچەندە لە زمانی کوردیدا بۆ هەندێ مانا وشەی رەسەنی کوردی هەبوون ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وا رێکەوتووە کە بۆ هەمان مانا لە زمانی بێگانەوە وشە بکەونە زمانەکەمانەوە و لەگەڵ وشە کوردییەکاندا ببن بە هاوواتا ، وەك :

زەوی — ئەرز — عەرد ، — هەرد .

مەردوم — مرۆ — مرۆڤ — ئادەمیزاد — ئینسان .

هەژار — بەلەنگاز — فەقیر .

وشەی دژواتا Antonym :

لە سەرەوە رونمان کردەوە کە لە نیوان ژمارەیەکی زۆر لە

= بە باسی فۆنێتیکەوە هەیە ، جا هەر لە بەر ئەوەشە کە لەم رووەوە شتێکی کەمم نوسیوە . دەربارەی ئەم جۆرە وشانە باسێکی سەربەخۆم هەیە ، هیوادارم بەم زوانە بە وتارێکی تایبەتی بیخەمە بەر چاوی خوێنەرانی بەڕێز .

وشەکانی زمانی کوردیدا پەیوەندی هاوواتایی هەیە . هەروەها پەنجەش بۆ ئەوە رادەکێشین کە پەیوەندی دژواتایش لە زمانەکەماندا دەوری خۆی دەبینێ .

وشەی دژواتا بەو وشانە دەوترێ کە لە مانادا بەرامبەر یەکتر دژ وەستاون ، وەك :

گەورە — بچوك .

زۆر — کەم .

بەرز — نزم .

چاك — خراپ .

دوَر — نزیك .

روَناك — تاریك .

لەو نموونانەی سەرەوەدا ئاشکرا دیارە کە هەر وشەیەك رەگی جیاوازی خۆی هەیە ، هەروەها وشەی دژواتا دەتوانن خاوەنی یەك رەگ بن ، وەك :

خۆش — ناخۆش .

راست — ناڕاست .

بەنرخ — بێنرخ .

پێویستە پەنجە بۆ ئەوەش رابکێشین کە وەنەبێ هەموو وشەیەکی

زمانی کوردیی بەرامبەری وشەی دژواتا هەبێت . بۆ نموونە بەرامبەر
هەندێ ناو ، وەك : خانوو ، دەرگا ، کتێب ، وشتر .....؛
زوربەی جێناو ؛ تێکڕایی ژمارە وشەی دژواتا نییە .

ئێتیمۆلۆژی (الاتیمولوجیا ETYMOLOGY)[1]

ئێتیمۆلۆژی ئەو بەشەیە لە زانستی وشە ، کە لە پەیدابوون و وەرگرتن و گەشە کردنی وشە و ئەو دەورانەی پێیدا تێپەڕیوە دەدوێ .

موفرەداتی زمانی کوردی قاڵبۆوەی ساڵانی دوور و درێژی مێژوی گەلی کوردە و سوورە و تۆرەی چەندین پلە و قۆناخی هەڵس و کەوتی باری ژیانی هات و نەهاتێتی . لەو ماوە درێژ و بەرفرەوانەدا کە بە سروشت لە کەو دراون و گێژە کراون و گورگە و بنژیل و زێوانیان لێ گیراوە ، لە زۆر رۆی گرنگەوە پتەو بووە و بە

(١) لە لاپەڕە ١ ی ئەم کتێبەدا بە هەڵە بەرامبەر بە (ئێتیمۆلۆژی) نوسراوە : (وشەداتاشین ـ الاشتقاق) . بەڵام راستییەکەی : (ئێتیمۆلۆژی ـ الاتیمولوجیا : دراسة تعنی باصل الکلمات وتاریخها) یە .

خۆدا هاتۆتەوەو دەوڵەمەند بووە .

پەیـدابوون و گەشە کردنی موفرەداتی زمانی کوردی ، وەکو هەموو زمانەکانی سەر ڕووی ئەم زەمینە لە دوو ڕێگەوە سەری هەڵداوە . یەك - ڕێگەی ڕاستەوخۆ کە ئەویش هەڵێنجانی وشـەی کوردی ڕەسەنە لە نێو زمانی کوردیدا ؛ دوو - ڕێگەی لاوەکی ، کە ئەویش وەرگرتنی وشەیە لە زمانانی بێگانەوە .

بەم جـۆرە لە لێکۆڵینەوەی ئێتیمۆلۆژی زمانی کوردیدا ، پێویستە بەتایبەتی بنجی زمانی کوردی ساغ بکرێتەوە ؛ وشـەی ڕەسەنی کوردی و وشەی ئێرانی و هیند و ئەوروپایی دەست نیشان بکرێن ؛ وشەی بێگانە و ڕەگی بێگانە لە زمانی کوردیـدا نیشان بدرێن ؛ چالاکی وستنی موفرەداتی زمانی کوردی بخـرێتە پێش چاو ... هتد .

* * *

لەسـەر ڕووی ئەم زەمینە بە ژماردنێـکی تەقدیری پتر لە دوو هەزار و پێنج صەد زمان هەن . وەك ئاشکرایە ، دیارکردنی ژمارەی تێکڕای زمانەکانی جیهان کارێـکی سەخت و گرانە ، ئەویش بەر لە هەموو شتێك پەیوەندە بەوەی ، کە وا لە زۆر ڕووەوە لێکۆڵینەوەی تەواو و پێویست کەمە . وە هەر لەبەر ئەو هۆیەشە کە ئاشـکرا و ڕوون نییە ، ئایا هەندێ زمان زمانێـکی سەربەخۆیە یاخود دیالێکتی زمانێـکی دیکەیە . لێرەدا پێویسـتە پەنجە بۆ ئـەوە ڕابکێشین

کە لە دیارکردنی سەربەخۆیی زماندا کەم و زۆری خاوەنی ئـەو زمانە ناتوانێ دەور ببینێت ، بە وێنە هەندێ دیالێکت هەن کە بە ملیۆنەها کەس پێـی دەدوێن ، کەچی زمانی وا هەیە کە خاوەنەکانی تەنیا چەند هەزار کەسێك دەبن . زمان هەیە ژمارەیەکی کەم کەس پێی دەدوێ ، وەك (زمانی خێڵەکانی ئەفەریقـا ، پۆلینیزی[۲] ، زمـانی هندییەکانی ئەمەریکا ، زمانەکانی داغستان ..) . هەندێ زمانیش هەن میللەتێـکی گەورە پێی دەدوێ ، وەك (چینی ، رۆسی ، عەرەبی ...) . زمانی وەهاش هەیە کە چەند نەتەوەیەك پێی دەدوێن ، بە نمـوونە (زمانی فەرەنسی ـ لە فەرەنسا و بەلجیکا و سـویسرا ؛ زمانی ئینگلیزی ـ لە بەریتانیا و ئەمەریکا ؛ زمانی ئەڵەمانی ـ لە ئەڵەمانیا و نەمسـا ؛ زمانی ئیسپانی ـ لە ئیسپانیا و بیست کۆماری خوارو و ناوەڕاستی ئەمەریکا ؛ ...) . چەند زمانێکیش هەن کە بوونەتە زمانی نێومیللەتان International language و لە کۆمـەڵی نەتەوە یەککرتووەکان و گەلێك رێـکخراو و کۆمەڵەی جیهـانیدا پێـی دەدوێن و پێی بڵاودەکەنەوە ، وەك (ئینگلیزی ، فەرەنسی ، رۆسی ، ئیسپانـی ...) .

---

(۲) ئەمە زمانی نەتەوەی پۆلینیزە ، کە لە پۆلینیزیا و هەندێ لە دوڕگەکانی رۆژهەلاتی میلانیزیا دەژین . ژمارەی خاوەنی ئەم زمانە نزیکەی (۳٤۰) هەزار کەس دەبێت . ئەوەی سەرنج رابکێشێ ، ئەوەیە کە ئـەم زمانە خاوەنی فۆنەتیکێـکی زۆر سادە و ساکارە . زۆری دەنگی بزوێن لە گـەلێ وشەدا ساز و ئاوازێـکی خۆشی بەخشیوە . وشەی وای هەیە کە تەنیا لە دەنـگی بزوێن پێکهاتوە ، وەك : (oe , oiaio ... هتد) .

هەروەها زمانی وا هەن کە بە نیسبەت زمانەکانی ئەمڕۆوە بە زمانێکی مردوو دادەنرێن ، بەڵام لە هەندێ ڕووەوە سوودیان لێ دەبینرێ و بەکار دەهێنرێن ، بەتایبەتی زمانی لاتینی ، کە زمانی کەنیشت و زانست و زاراوە ...

مێژووی گشت زمانەکانی جیهان وەك یەك ئاشکرا نین . زمانی وا هەیە کە لە ڕێگای ئاسەواری نووسراویانەوە مێژووی لە ماوەی ٢٠ ـ ٣٠ سەدەدا ناسراوە ، بە وێنە زمانی یۆنانی هەر لە (هۆمیرۆس)ەوە تا ئەم دەورەی زاراوە ، یاخود زمانە هیند و ئەوروپاییەکانی هندستان هەر لە دەمی سروودەکانی (ریکفیدا)ەوە تا زمانە هندییەکانی ئەمڕۆ ناسراون .

هەر لە نێو زمانە هند و ئەوروپاییەکاندا زمانی وا هەن ، کە خاوەنی نووسراوی ئێجگار دێرینن ، بەڵام زانست دەربارەی ئەو زمانانە تەنیا لە سەدەی بیستەمدا زانیاری وەرگرتووە ، وەك زمانی (تۆخاری) کە بەر لە سەدەی حەوتەمی پ. ز. لە ناوچەی ڕۆژئاوای چین پێی دەدوان ... هتد .

زمانی وەهاش هەن ، کە مێژوویان لە نێوان سەدەکانی ٤ ـ ٨ زدا ناسراوە ، وەك (گێرمانێکان ، سلاڤێکان ، ئەرمەنی ، جۆرجی ...) .

چەند زمانێکیش هەن ، کە تەنیا مێژووی ئەم چوار ـ پێنج سەدەیەیان ئاشکرایە ، وەك زمانی (لاتیشی ، ئەلبانی ...) .

زوربەی زمانەکانی ئەفەریقا و ئوسترالیا و ئەمەریکا لە سەدەکانی (١٧ ـ ١٨)ی زاییندا ناسراون و تەنانەت هەندێکیشیان لە سەدەکانی (١٩ ـ ٢٠)دا .

تێکڕای زمانەکانی جیهان بەسەر چەند کۆمەڵە زمانێکی گەورەدا دابەش دەبن و هەر کۆمەڵێکیش بەسەر چەند خێزانێکدا . زمانی کوردی یەکێکە لە کۆمەڵی گەورەی زمانە هیند و ئەوروپاییەکان و خێزانی ئێرانی . جا بەو بۆنەیەوە لێرەدا بەتایبەتی باسی خێزانی زمانە ئێرانیەکان دەکەین[٣] .

خێزانی زمانە ئێرانیەکان

خێزانی زمانە ئێرانیەکان لە ژمارەیەك زمانی زیندو و مردو پێکهاتووە :

أ ـ زمانە ئێرانییە زیندووەکان

١ ـ فارسی نوێ

٢ ـ کوردی

٣ ـ ئەفغانی

---

(٣) بەداخەوە ، لێرەدا باسەکە رێگای ئەوەمان نادات کە بە دوور و درێژی لە تێکڕای کۆمەڵی زمانەکانی جیهان بدوێین . بەڵام لە بارەیەوە باسێکی تایبەتیمان هەیە ، هیوادارم بەم زوانە بە چەند وتارێکی تایبەتی بیخەمە بەر دەستی خوێنەرانی بەڕێز .

٤ ـ بلوجی

٥ ـ تاجیکی

٦ ـ ئۆسیتی

٧ ـ تاتی

٨ ـ تاڵیشی

٩ ـ پامێری

١٠ـ مازەندەرانی ، گیلیانی

.... هتد

ب ـ زمانە ئێرانییە مردووەکان :

١ ـ فارسی کۆن[٤]

٢ ـ ئاوێستایی[٥]

٣ ـ پەهلەوی[٦]

---

(٤) زمانی زەمانی هەخامەنشێکانە ، سەدەی ٦ ـ ٤ پ ز .

(٥) واتە ئەو زمانەی کە (ئاوێستا)ی پێ نوسراوە و ەکە زمانی ئاینی (زەردەشت)ە . دێرینترین مێژوی کە مێژوناس و زماناسەکان پەسەندیان کردبێ ، سەدەی (٧ ـ ٦)ی پ. زە کۆنترین و بەنرخترین بەشی (ئاوێستا)ش ئەو سرودانەن کە لە لایەن (زەردەشت)ەوە وتراون . ئەم بەشەی (ئاوێستا) ناوی (گاتەها)یە و بەشەکانی تری بە (یەسنا ، ویسپارت ، یەشت ، دیفس .....) ناسراون .

(٦) هەروەها پێی دەوترێت (فارسی ناوەڕاست) ، کە زمانی ئاینی و دەوڵەتی ساسانێکان بووە .

٤ ـ میدی[٧]

٥ ـ پارتی[٨]

٦ ـ سەغدی (سوگدی)[٩]

٧ ـ سەکی[١٠]

زوربەی ئێرانناسەکان بە گوێرەی شوێن زمانە ئێراییە زیندوو و مردووەکان دابەش دەکەن بەسەر :

---

(٧) زمانی میدییەکانە ، کە بەر لە زایین بە چەند سەدەیەک توانیویانە دەوڵەتێکی دەسەڵاتداری گەورە لە رۆژئاوای ئێرانی ئەمڕۆدا دابمەزرێنن . گەلێک لە زانایان کورد بە نەوەی میدییەکان دادەنێن . بۆ وەرگرتنی زانیاریی تەواو دەربارەی میدییەکان و زمانی میدی ، بڕوانە : کورد نەوەی میدییەکانن ، نوسینی پرۆفیسۆر ڤلادیمیر مینۆرسکی ، کۆزین و لێدوانی د. کەمال مەزهەر (بە زمانی عەرەبی) ، گۆڤاری « کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ١ ، بەغدا ١٩٧٣ ، ل ٥٦٠ .

(٨) یەکێکە لە زمانە فارسییەکانی پلەی ناوەڕاست ، لە نێوان سەدەکانی ٣ پ ز. و ٣ پ. زدا ، کە لە ناوچەی خوارووی رۆژهەڵاتی دەریای قەزویندا بەکار هێنراوە .

(٩) یەکێکە لە زمانە ئێرانییە رۆژهەڵاتییەکان . لە کۆتایی سەدەی ١ی پ. ز. تا ٩ی ز. ژیاوە

(١٠) یەکێکە لە زمانە رۆژهەڵاتییە مردووە ئێرانییەکانی دەوری ناوەڕاست و لە سەدەکانی ٥ ـ ١٠ ی زایینیدا لە ئاسیای ناوەڕاست و تورکەستانی چین بڵاوبوبۆوە . هەندێ تێکستی ئەم زمانە بەجێ ماون ، کە بە خەتی هیندی نوسراون .

أ) زمانە ئێرانییە رۆژئاواییەکان :

١ ـ بەشی خوارۆی رۆژئاوا ـ فارسی کۆن و ناوەڕاست و نوێ ، تاجیکی ، تاتی ... و هەندێکی تر .

٢ ـ بەشی سەروی رۆژئاوا ـ میدی ، پارثی ، بلوجی ، کوردی ، تاڵیشی ... هتد .

ب) زمانە ئێرانییە رۆژهەڵاتیەکان :

١ ـ بەشی خواروی رۆژهەڵات ـ سەغدی ، ئەفغانی ، پامیری ... هتد .

٢ ـ بەشی سەروی رۆژهەڵات ـ سەکی ، ئۆسیتی .... و هەندێکی تر .

زمانە ئێرانیەکان بە سێ دەوری مێژوویدا رۆیشتون : کۆن و ناوەڕاست و نوێ :

١ ـ دەوری کۆن ـ لە (ئاوێستا)وە دەست پێ دەکا ـ واتە سەدەکانی ١٠ ـ ٦ پ. ز. زمانە ئێرانییە کۆنەکان پەیدا بون لە : ئاوێستایی ، فارسی کۆن ، سەکی ، میدی ... هتد .

٢ ـ دەوری ناوەڕاست ـ لە کۆتایی دەوری یەکەمەوە دەست پێ دەکا تا کو داهاتنی ئیسلام لە سەدەی حەوتەمدا . لە مێژوودا بە تێکڕای زمانەکانی ئەم دەورە دەوترێ (پەهلەوی) . زمانە ئێرانیەکانی

ناوەڕاست بریتین لە : فارسی ناوەڕاست ـ پەهلەوی ، سـەغدی ، پارتی ... هتد

٣ـ دەوری نوێ ـ ئەم دەورەی زمانە ئێرانیـەکان لە سەدەی نۆیەمی دوای زایینەوە دەست پێ دەکا . زمانە ئێرانیـەکانی ئەم دەورە پێکهاتوون لە : فارسی نوێ ، کوردی ، ئەفغانی ، تاجیکی ، بلوجی ، پامیری ، ئۆسیتی ... هتد[11].

بەم جۆرە دەبینین کە زمانی کوردی زمانێکی سـەربەخۆ و زیندوی ئێرانییە و یەکێکە لە بەشی سەروی رۆژئاوای خێزانی زمانە ئێرانیـەکان . خێزانی ئێرانیش بەشێکە لە کۆمەڵی هند و ئەوروپایی ، (Indo - European) .

تا ئەم شوێنە لە بنجی زمانی کوردی دواین و بڕێك لە مەسەلەی ئێتیمۆلۆژی زمانی کوردیمان روونکردەوە . لێرەش بە دواوە لە چەند لایەنێکی تری پێویستی باسەکە دەکۆڵینەوە ، کە ئەویش هەندێ روی گرنگی وشەکانی زمانی کوردییە .

---

(١١) دەربارەی ئەم سێ دەورە ، کە زمانە ئێرانیەکان پێیدا رۆیشتوون ، بە زمانی کوردی چەند وتارێك بلاوکراونەتەوە و بەتایبەتی لە نێوانیاندا وتارەکانی د. پاکیزە رەفیق حیلمی و د. کەمال فوئاد دیارن ، وەك :

أ) د. پاکیزە رەفیـق حیلمی ، زمانی کوردی « دەفتـەری کوردەواری » ، بەغدا ١٩٧٠ ، ب ٣ ، ل ١٠٤ ـ ١١٠ .

ب) د. کەمال فوئاد ، زمانـە ئینـدۆ ـ ئەوروپیەکان ، گۆڤاری « پزشکـە » ، بەرلین ١٩٦٦ ، ژا ، ل ٢٠ ـ ٢٤ .

وشەی کوردیی پەتی (ڕەسەن) :

زمانی کوردی بە تێکڕایی و وشەکانی زمانەکەمان بەو شێوەیەی ئەمڕۆی کە هەیە ، بەرهەمی تێپەڕبوونی چەندەها سەدەیە و ئەنجامی پێشکەوتنێکی زۆر و دوور و درێژە له نێوان ئەو وشانەدا ، کە ئێستا لە ئاخاوتنی زمانەکەماندا بەکار دەهێنرێن ، وشەی زۆر جیاواز و جودا دروستبوون ، کە لە شێوەی پەیدابوون و داڕشتنیانـدا دەردەکەون و دەبینرێن . لەتەك ئەو وشانەدا کە بەر لە پەیـدابوونی نووسینەوە لە زمانی کوردیدا بەکار هێنراون ، وەك (دایك ، باوك ، برا ، خـوشك ، پیر ، سپی ، ڕەش ، سێ ، چی ... هتد ، چاومان بە وشەی وەهاش دەکەوێ کە تازە پەیدابوون و زۆر نییە کەوتوونە ناوانەوە ، وەك (خوێنەر ، ژیننامە (ترجمة الحـال) ، بزوێن (Vowels) .. وە گەلێکی تر) . لەپاڵ وشـەی ڕەسەنی کوردیدا ، وەك (شەو ، ژوور ، سەر ، ژن ، چوون ... هتد) وشەش دەبینرێ کە لە زمانی بێگانەوە کەوتوونەتە زمانەکەمانەوە ، وەك (حەج ، زەکات ... ـ لە عەرەبییەوە) ؛ دامە ، خاشخـاش ... ـ لە فارسییەوە) ؛ (خان ، خاتوون ... ـ لە تورکییەوە) ؛ (فەیلەسووف ، ئەڵماس ... ـ لە یۆنانییەوە) ؛ (دیکتاتۆر ، کۆنسول ... ـ لە لاتینییەوە) ؛ (ملیۆن ، ڕژێم ... ـ لە فەرەنسییەوە) ؛ (سەماوەر ، بۆلشەفیك ... ـ لە ڕووسییەوە) ... هتد[١٢] .

---

(١٢) ڕاستە هەندێ وشەی لاتینی و یۆنانـی و ئینگلیزی و فەرەنسی ... لە=

کەرەستەی سەرەکی زمانی ئەمڕۆی نەتەوەی کورد و موفرەداتی زمانی کوردی لە درێژایی هەموو دەورەکانی پێشکەوتنیدا بریتییە لە وشەی رەسەنی کوردی . بەشی هەرە زۆری موفرەداتی ئەمڕۆی زمانی کوردی ئەو وشە کوردییە رەسەنانەن کە لە ناو جەرگەی کوردستاندا هەڵقوڵاون و کورد دایهێناون و شێوە و خاسیەتی کورد و کوردستانیان پێ دراون و بوونەتە ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری ... میللەتی کورد .

بەشی زۆری وشەی کوردی رەسەن ، ئەو وشانەن کە لە دروست بوون و داڕشتن و شێواز و دەستووری زماندا پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە و لەو دەمەوە پەیدا بوون کە زمانی فارسی و کوردی و ئەفغانی و بلوجی و تاجیکی و ئۆسیتی و تاتی و تالیشی و پامیری و . . لە خێزانی زمانە ئێرانییەکان کەوتوونەتەوە ـ واتە بەشی زۆری موفرەداتی زمانی کوردی وشەی کوردی رەسەنن .

وشەی کوردی رەسەن ئەو وشانەن کە لە سەدەی نۆیەمی دوای

= ڕێگای زمانی عەرەبی و فارسی و تورکییەوە هاتوونەتە زمانی کوردییەوە ، بەڵام ئێمە لێرەدا گرنگیمان بەوە داوە ، کە ئەو وشانەی نیشانمان داون بە رەسەن کوردی نین و کورد وەری گرتوون . بوونی وشەی بێگانەش لە زمانی کوردیدا ، ئەوە ناگەیەنی کە زمانی کوردی زمانێکی رەسەن و سەربەخۆ نەبێ ، بەڵکو ئەمەش دیاردەیەکە کە لە تێکڕای زمانەکانی جیهاندا هەیە .

زایینەوە هەتا ئەمڕۆ پەیدابوون . ئەم جۆرە وشانە خاسیەتی وتوویژی کوردییان هەیە و بێگومان بۆنیان لە زمانێکی تردا ، ئەوە نیشان دەدەن ، کە لە زمانی کوردییەوە وەرگیراون .

وشەی ئێرانی :

لە نیوان وشەی رەسەنی کوردیدا گەلێك وشەی گرنگ هەن کە بە رەگەز ئێرانین . ئەو جۆرە وشانە مێژوویەکی کۆنیان هەیە و بە نیسبەت زمانی کوردی و زمانە ئێرانیەکانی ترەوە میراتییەکی گرنگ و بەنرخن (بە وێنە بڕوانە : خشتەی ژمارە ١) . ئەسەری ئێرانی بە تایبەتی لە ژمارە و جێناودا دەبینرێ ، وەك : (یەك ، دوو ، سێ ، ... حەوت ، دە ... ؛ تۆ ، ئەو ، ئێوە ، کێ ، چی ...) .

هەروەها پێویستە ئەوە لە بیر نەکەین کە گەلێك وشە هەن کە لە فارسی و کوردی و ئەفغانی و تاجیکی ... دا وێکدەچن ، بەڵام پەیوەندییان بەیەکەوە نییەوە و لە پەیدابوون و دروست بونیاندا پێکەوە نەبەستراون و بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەسەر بناغەی رەگ و پێشگر و پاشگر ... ی وێکچو وەرگیراون ، بە وێنە بڕوانە : خشتەی ژمارە[1] .

خشتەی ژمارە ١

زمانە ئێرانیە رۆژئاواییەکان							زمانە ئێرانییە رۆژهەلاتیەکان	
کوردی		فارسی	تاجیکی	تاتی	بلوجی	تالیشی	ئەفغانی	ئۆسیتی
کرمانجی ژوورو	کرمانجی خوارو							
پەرس	پرس	پورس	پورس	پۆرس	پورس	پورس	پەخت	پەرس
ئاڤ	ئاو	ئاب	ئۆب	ئاو	ئاف	ئوڤ	ئۆبە	ئاپ
رۆژ	رۆژ	روز	رۆز	روز	رۆچ	رۆژ	روەدز	رودزەنک
بەرا	برا	برادەر	بارودەر	برار	براس	بو ، بوا	ورور	ئەرڤەدە
سەر	سەر	سەر	سەر	سەر	سەر	سە	سەر	سەد
هەسپ	ئەسپ	ئەسپ	ئەسپ	ئەس	ئەسپ	ئەسپ	ئەس	ئەفسە
دە	دە	دە	دە	دە	دە	دە	لەس	دەس
سەد	سەد	سەد	سەد	سەد	سەد	سە	سەل	سەدە
چاڤ	چاو	چەشم	چەشم	چوم	چەم	چەش	چەم	چەستە

وشەی هند و ئەوروپایی :

لە نێوان وشەی کوردی و ئێرانیدا وشەش هەن کە بنجی هند و ئەوروپاییان هەیە ، وەك : برا ، زاوا ، برۆ ، نوێ ... وە گەلێکی تر (هەروەها بڕوانە خشـــتەی ژمارە ۲ کە نێزیکی زمانە هیند و ئەوروپاییەکان لە ژمارەدا نیشان دەدا) .

وشەی بێگانە لە زمانی کوردیدا :

لەتەك وشەی پەتی و رەسەنی کوردیدا لە زمانی کوردیدا ژمارەیەکی زۆر وشـەی بێگانە هەن ، کە لە زمانانی ترەوە هاتونەتە زمانەکەمانەوە .

وشەی بێگانە بە تێکڕایی بەو وشانە دەوترێن کە لە هـــەر زمانێکی بێگانەوە بێت کەوتبنـــە زمانی کوردییەوە ، ئەگەرچی لە رۆی پێکهاتنی (مۆرفێم)ەوە[13] لەگەڵ وشەی کوردی رەسـەندا هیـچ جیاوازییەکیان نەبێت .

پێویستە ئەوەش بهێنینەوە یاد کە لەسەر رۆی زەمیندا هیـــچ زمانێك نییە کە لە تاسیری زمانی بێگانە ئازاد بێت ، یاخود تاسیری زمانی بێگانەی لەسەر نەبێت . هەروەها هیـــچ میللەتێك یاخـود

(۱۳) مۆرفێم (motpheme) ـ بچوکترین پارچەی واتاداری زمانە. بـۆ وەرگرتنی زانیاری تەواو دەربارەی مۆرفێم ، بڕوانە : محەمەد ئەمین هەورامانی ، سەرەتایێك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی ، بەغدا ۱۹۷٤ ، ل ۲۳ .

خشتەی ژمارە ٢*

کوردی	فارسی	هیندی	ئەڵمانی	ئینگلیزی	ئیتالی	فەرەنسی	رووسی	بولگاری
یەك	یەك	ئێك	ئاینس	وان	ئۆنۆ	ئان	ئەدین	ئیدەن
دوو	دو	دوێ	تزڤای	تو	دوێ	دوێ	دڤا	دڤا
سێ	سیە	تین	درای	ثری	تری	تروا	تری	تری
چوار	چەهار	چار	فیر	فۆر	کواترۆ	کاتر	چیتیری	چیتیری
پێنج	پەنج	پانج	فیونف	فایف	چینکوێ	سانك	بیات	پێیەت
شەش	شیش	چێ	زێکس	سیکس	سی	سیز	شێست	شێست
حەوت	هەفت	سات	زیبن	سێڤن	سێتی	سیت	سێم	سیدەم
هەشت	هەشت	ئەت	ئاخت	ئەیت	ئۆتو	ویت	ڤۆسیم	ئۆسەم
نۆ	نە	نۆ	نۆین	ناین	نۆڤێ	نۆف	دێڤیت	دێڤەت
دە	دە	دەس	تزێن	تێن	دیتشی	دیز	دێست	دێسەت

(*) جگە لە زانیاری خۆم ، لە سازکردنی هەردوو خشتەی ژمارە (١) و (٢)دا سوودم لە کتێبی : (س. ئا. سۆکۆلۆڤ ، زمانە ئێرانییەکان ، مۆسکۆ ١٩٦١ ، وەرگرتووە . وە بۆ خشتەی ژمارە (٢) ، جگە لەو=

هەڵگری هەر زمانێك بەرەهایی بە شێوەیەکی تایبەتی و جیاواز و دوور لە میللەتان نازی .

خاسیەتی کۆمەڵایەتی وتوویێژی مرۆڤ و رووداوی مێژوویی ، کە پێشکەوتنی کۆمەڵ دیار دەکەن ، دەبنە هۆی ئەوەی کاری زمانێك بەسەر زمانێکی دیکەوە ببێت و زمانێك لە زمانێکی کەوە شت وەربگرێ . ئەم دیاردەیەش پتر لە موفرەداتی زماندا دەردەکەوێ .

لە ئەنجامی پەیوەندی دوور و درێژی ئابووری و سیاسی و جەنگی و کولتووری ... میللەتی کورد لەگەڵ میللەتانی تردا ، گەلێك رەگەز (عنصر)ی وشە هاتوونەتە زمانی کوردییەوە و لە دەستووریدا بنجی خۆیان پتەو کردوە .

ئەم دیاردەیە ـ واتە کاری زمانی بێگانە و وەرگرتنی وشەی بێگانە ، وەنەبێ کارێکی خراپ و زیان بەخش بێ ، بەڵکو بە پێچەوانەوە زمانی ئێمەیان دەوڵەمەند و فراوان و بەرین کردوە . بێگومان ئەوەی کورد لە بێگانەی وەرگرتوە خستویەتیە ژێر باری فۆنەتیك و وشە داڕشتن و دەستوور و رێزمانی کوردییەوە و بەمە بەرگێکی کوردیی بە بەریاندا کردوە .

وەك ئاشکرایە ، بەشی هەرە زۆری ئەو وشە بێگانانەی لە

= سەرچاوانەی ناومان بردن ، هەروەها ئەو خشتەیەی مامۆستا طاهر صادق لە کتێبی : (رێنووس . چۆنیەتی نووسینی کوردی ، کەرکوك ١٩٦٩ ، ل ١٤١)دا دایناوە کەڵکمان لێ وەرگرتوە .

زمانی کوردیدا هەن ، لە زمانی فارسی و عەرەبی و تورکییەوە وەرگیراون . بێگومان هۆی ئەمەش ڕوون و دیارە .

وشەی فارسی لە زمانی کوردیدا :

لە نێو ئەو وشە بێگانانەدا کە کەوتوونەتە زمانی کوردییەوە ، بەشێکی زۆریان لە زمانی فارسییەوە ـ کە لەگەڵ زمانی کوردیدا لە یەك خێزانی زمانن ـ وەرگیراون[١٤] . هۆی پەیدابوون و پتەوبوونی ئەو وشانەش لە زمانی کوردیدا ، ئەو مێژووە دوور و درێژەیە کە ئەم دوو میللەتە (کورد و فارس ـ ئەورەحمان) لە تێکەڵاویدا هەیان بووە . بە وێنە وشەی « سروشت »[١٥] ، « غـایش » ، « وەرزش » ، « نایاب »[١٦] ، « ئەندێشە » ، « باڵوێز »[١٧] .... هند .

---

(١٤) لەتەك ئەو وشانەدا کە لە فارسییەوە کەوتوونەتە زمانی کوردییەوە هەروەها هەندێ ڕەگی فرازیۆلۆژی و وشە داتاشین و شێوەی ڕێزمانی و داڕشتنی ڕستە لە زمانی فارسییەوە وەرگیراون .

(١٥) فارسییەکەی « سرشت »ە و کورد کردوویە بە « سروشت » .

(١٦) لە فارسیدا بە مانای « نادر » ـ « بەدەگمەن » هاتوە . بە نموونە دەڵێن « گوشت در بازار نایابست » ـ « گۆشت لە بازار دەست ناکەوێ » ، بەڵام کورد وەری گرتوە و تا ڕادەیەك مانای گۆڕیوە و بە واتـای « فاخر » ـ « زۆرباش » بەکاری هێناوە . ئەم جۆرە ڕوداوانەش لە وەرگرتنی وشەی بێگانەدا ، لە زمانی کوردیدا بەرچاو دەکەون .

(١٧) وشەی « باڵوێز » فارس تازە دروستی کردوە و کورد لێیی وەرگرتوە .

وشەی عەرەبی لە زمانی کوردیدا :

هەروەها لە زمانی کوردیدا زۆر وشە هەن کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون . سەرەتای ئەم رووداوە ، واتە هاتنە ناوەوەی ئەو وشانە بۆ زمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ پەیدابوونی ئیسلام و دراوسێتی و تێکەڵاوی کورد لەگەڵ عەرەبدا[18] .

کورد چۆن وشەی هەر زمانێکی بێگانەی وەرگرتوە و شێوە و بەرگی کوردی کردوە بە بەردا ، هەر بەو جۆرەش وشەی عەرەبی وەرگرتوە و خستویەتیە ژێر باری پێشکەوتنی یاسای زمانەکەیەوە . دەستکاری کردنی وشەی عەرەبی لە چەند رێگایەکەوە بووە : یەکێك لەو دەستکارییانە لە رووی دەنگ و (تلفظ)ەوە بووە . بۆ نموونە ئەگەر لە وشەیەکی عەرەبیدا دەنگێك هەبووبێ کە لەگەڵ یاسای فۆنەتیکی زمانی کوردیدا رێك نەکەوتبێ ، ئەوە گۆڕانێکی بەسەرا هێنراوە ، بە وێنە دەبینین دەنگی (ث ، ص ، ض ، ط ، ظ ، ذ ....) کە لە گەلێك وشەی عەرەبیدا هەن ، لە کوردیدا کراون بە (س ، ت ، ز ....) .

---

(١٨) بێشك ، ئەم دیاردەیە بە پێچەوانەشەوە رووی داوە و لە زمانی کوردییەوە گەلێك وشە کەوتوونەتە زمانی عەرەبییەوە ، وەك « گوێز ـ جوز » ، « سزا ـ جزا » ، « گێزەر ـ جذر » ..... هتد .

چەند نموونەیەك :

ص ، ث / س	صابر ـ سابیر
	مقص ـ مقەست
	ثروة ـ سەروەت
	اثبات ـ ئیسپات
ط / ت	طابو ـ تاپۆ
	طعم ـ تام
ض ، ظ ، ذ / ز	قرض ـ قەرز
	حوض ـ حەوز
	ظلم ـ زوڵم
	ظرف ـ زەرف
	ذخیرە ـ زەخیرە
	إذاعة ـ ئیزاعە

.... هتد .

ئەم جۆرە دەستكاری كردنەی وشـە كارێكی گرنگ و پێویستە ، بەتایبەتی چونكە وشـەی بێگانە وەردەگیرێ بۆ ئەوەی لەسەر وشەكانی زمانی كوردیی كاڵەكە بكرێ . بۆشك ئەم دەستكاری كردنەش دەبێتە هۆی پتەو بوون و رەگ داكوتانی ئەو وشانە لە زمانی كوردیدا . هەروەها هەنـدێ جار بە جۆرێك پتەو دەبن و رەگ دادەكوتن و جێی خۆیان دەكەنەوە و جێگیر دەبن و دەچەسپێن ،

که نەك تەنیا تەنگ بە وشەی کوردیی ڕەسەن هەڵدەچنن ، بەڵکو جێشیان پێ لەنگ و لێژ دەکەن و خۆیان شوێنیان دەگرنەوە .

ڕێکەوتی وەهاش زۆرە کە وشەیەکی عەرەبی بە جۆرێك هاتۆتە زمانی کوردییەوە و بە شێوەیەك دەستکاریی کراوە و تواندراوەتەوە و بەرگێکی کوردیی وەهای بەبەردا کراوە کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی تەواودا هەستی پێ دەکرێ و ڕوون دەبێتەوە و دەردەکەوێ ، کە ئەو وشەیە بە ڕەسەن کوردیی نییە ، وەك : « متمانە » ـ « مطمئن » ، « تام » ـ « طعم » ، « ئانقەست » ـ « عن قصد » ، « کاڵج » ـ « کل وجە » ، « عەلەتەوار » ـ « علی التوالي » . (دە ساڵی عەلەتەوار ـ عشر سنین علی التوالي) ، « جینار » ـ « جیران » (کوردەکانی یەکێتی سۆڤێت بەکاری دەهێنن) ، « مەشخەڵ » ـ « مشعل » ، « سات » ـ « ساعة » .... وە گەلێکی تر .

وشەی تورکیی لە زمانی کوردیدا :

چۆن لە ئەنجامی دراوسێتی و تێکەڵاوی کورد لەگەڵ فارس و عەرەب ، ژمارەیەك وشەی فارسی و عەرەبی کەوتۆنەتە زمانی کوردییەوە ، هەر لەو ڕێگەیەشەوە گەلێك وشەی تورکیی هاتۆنەتە زمانی کوردییەوە ، وەك : « قەرەباڵغ » ، « قاتر » ، « چوخم » ، « یاپراخ » (یاپراق ـ بە تورکیی واتە ـ گەڵا) ، « دۆڵمە » ... هتد .

ڕەگەز (عنصر)ی بێگانە لە موفرەداتی زمانی کوردیدا :

ڕێگای سەرەکی زۆر بوون و دەوڵەمەند بوونی زمانی کوردی لە گشت قۆناخەکانی پێشکەوتن و گەشەکردنیدا ، بێ شك داڕشتن و داتاشین و دروست کردن و هەڵێنجانی وشەی نوێیە لەو گەنجینەیەی هەبوە . ئەم ڕوداوە ـ واتە داتاشین و پەیدابوونی وشەی نوێ ـ لە زمانی کوردیدا ، وەك ئاشکرایە بە هۆی ئەو دەستور و یاسایانەی دێتە ئەنجام کە لە خاسیەت و تایبەتێتی وشە داڕشتنی زمانەکەماندا هەن .

لەگەڵ ئەوەشدا ڕاست نەدەبو ئەگەر لە زۆربوون و دەوڵەمەندبوونی موفرەداتی زمانی کوردیدا سەرچاوەی بێگانە پشتگوێ بخرێ و زمانەکەمان بە وشەی زمانانی دیکە موتوربە نەکرێ ، ئەگەر چی ئەو زمانانە لە پێکهاتن و بنجدا لە کوردییەوە دوور بن .

لەم وەرگرتنەشدا پێویستە جیاوازی لە نێوان وشەی بێگانە و زڕەزێژ (کلمە مقتبسة بالقیاس Calque)[19] بکەین :

١ـ وشەی بێگانە .

هەرچەندە لە زمانی کوردیدا وشەی بێگانە زۆرە ، بەڵام لەگەل ئەوەشدا نیسبەتێکی کەمی تێکڕای موفرەداتی زمانەکەیە . بەشێك لەو وشە بێگانانە ناوی ئەو شت و دیاردە و ...ن کە لای کورد

(١٩) Translation loan - word

نەبوون و لەگەڵ هاتنیان ، ناوەکانیان لەگەڵ خۆیان هێناوە ، وەك (حەج ، رادیۆ ، تەلەفزیۆن ، عەبا .. هتد) . بەشێکی دیکەیان ئەو وشە بێگانانەن کە بۆ هەمان مانا بەرامبەریان وشەی کوردیی رەسەن هەبوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر هاتونەتە زمانی کوردییەوە ، وەك (فەقیر ، ئەرز ، فکر ، عیلاج ـ ... هتد) .

زۆر وشەی بێگانە روون و ئاشکرا دیارن و بە ئاسانیی هەستیان پێ دەکرێ و بنجیان دەدۆزرێتەوە ، بەڵام وەك لەسەرەوە باسمان کرد ، هەندێ وشەی بێگانەی وەهاش هەن بە پێچەوانەوە تەنیا لە رێگای لێکۆڵینەوەی تایبەتیی و زمانەوانییەوە دەتوانرێ شی بکرێنەوە و دەربخرێن . بەم جۆرە ئەو جۆرە وشانە کە رەنگی بێگانەیان بـــە باشی پێوە دیار نییە ، هۆی دەگەڕێتەوە بۆ کاتی وەرگرتنیان و سنووری بەکار هێنانیان .

لەو رایەدام ، کە پێویست نا کا بە بێ هۆ وشەی بێگانە بەکار بهێنرێ ـ واتە کاتێك بۆ دەربڕینی مەبەستێك وشەی کوردیی جوان و لەبار و بەکارهێنراو و ئاشکرا هەبێت ، ئیتر بۆ پەنا بۆ وشەی بێگانە ببرێت ـ بۆچی بڵێین « دەماغ ، فەقەرە ... » لە کاتێکدا کە خۆمان « مێشك ، بڕبڕە ... »مان هەیە و چییان لە « دەماغ و فەقەرە ... » کەمترە . جگە لەوە پێویستە ئەوەش لە یاد نەکەین ، کە بەکارهێنانی وشەی بێگانە ، بە تایبەتیی لە شوێنی پێویستی خۆیدا کارێکی راست و رەوانە و هەر وەك وشەی کوردیی رەسەن جێی خۆی دەگرێ .

٢ ـ زژەرێژ (كلمة مقتبسة بالقياس Calque) .

لە موفرەداتی زمانی کوردیدا زژەرێژ بەرچاو دەکەون ، کە لە ڕێگای داتاشین و ماناوە وەرگیراون .

وا ڕێی دەکەوێ وشەیەکی بێگانە لە ڕوی مۆرفۆلۆژییەوە لە چەند بەش پێکهاتبێ و چۆن دروست بوبێ و مانا و واتای چی بێ ، لە وەرگرتن و وەرگێڕاندا بۆ سەر زمانی کوردی پێکهاتن و دروست بوون و مانا و واتای ڕەچـــاو کراوە . لە ڕوی دروست بوونی مۆرفۆلۆژییەوە لە زمانە بێگانەکەدا چۆن بووە لە زمانی کوردیشـدا هەر بەو جۆرە داتاشـراوە . هەروەهـا لە ڕوی لێکسیکۆلۆژیشەوە مانای چی بووە ، هەر بەو شێوەیە واتای بەخشیوە . بە وێنـــە وشەی « proanoun »ی ئینگلیزی ، کە لە « pro » ـ جێ ، لە جێی ، لە باتی . . » و « noun ـ ناو » پێکهاتوە بە « ڕاناو ، جێناو ... » کە لە « ڕا » و « ناو » ، « جێ » و « نـــاو »... پێکهاتوون داڕێژراون . هەروەها وشـەی « شرق شــــناس ، خاوەرشناس »ی فارسی ، کە لە « شرق ، خاوەر » ـ « ڕۆژهەڵات » و « شناس » ـ « ناس » پێکهاتوە کە کراوە بە « ڕۆژهەڵاتناس » .

بـەم جۆرە دەبینین ، ئـــەو زژەرێژانە کە لە زمانی بێگانەوە وەرگیراون و وەرگێڕاون لە کەرەستەی کوردی دروست کراون ، بەڵام شێوەی پێکهاتنیان تیشك دانەوەی وشەی بێگانەن .

موفرەداتی زمانی کوردیی لە ڕوی چالاکیی و سستییەوە :

وەك ئاشکرایە ، پێشکەوتن و گەشەکردنی زمان و دەوڵەمەند بوون و کۆبوونەوە و دروست بوونی ، بەستراوە بە پەیدا بوون و سەرهەڵدانی وشەی نوێوە . زمانی هەر میللەتێکیش پێویستی بە دروست بوون و پەیدابوونی وشەی نوێی هەیە ، کە ئەویش پەیوەندی بە گۆڕانی ژیانی کۆمەڵایەتیی و پێشکەوتنی بەرهەم و کولتور و زانست .... ەوە هەیە .

بەڵام پێویستە ئەوەش لە یاد نەکەین کە ئەو گۆڕانە تەنیا نابێ بە هۆ بۆ پەیدابوون و دروست بوونی وشەی نوێ ، کە زۆر لەو زمانەدا نەبوون ، بەڵکو لە هەمان کاتدا لە موفرەداتی زماندا دیاردەیەکی پێچەوانە ڕوو دەدات ـ ئەو دیاردەیەش ئەوەیە کە هەندێ وشە لەکار دەکەون و پەکیان دەکەوێ و بەرەو سوان و کۆن بوون دەچن ، بۆ نموونە : ناوی ئەو وشانەی پەیوەندییان بە ئاشی ئاوەوە هەیە ، یاخود ئەو وشانەی لە پەیوەندیی خێزانیدا بەکار دێن ... ، وەك (هەوێ ، هێوەرژن ، دش ، هەنەزا ....) . بەداخەوە هەست دەکرێت ئەو وشانەی کە ناومان بردن هەندێ ڕستۆك جێگایان دەگرنەوە ، وەك لە جێگای « دش » ـ « خوشکی مێرد » ... هتد .

بەم چەشنە وشەی نوێ لە زماندا بنج دادەکوتێ و جێی خۆی دەکاتەوە ، وە وشەی کەم بەکار هێنراو زمان بەجێ دەهێڵێ ـ ئەمەش دیاردەیەکی هەمیشەیی و دوور و درێژە .

بەگشتی لە موفرەداتی زماندا، لەیەك كاتدا دوو چین وشە هەن: یەك ـ چالاك ، دوو ـ سست :

وشەی چالاك ئەوانەن كە لە ژیانی رۆژانەدا بەكار دەهێنرێن و هەردەم لەسەر زارن و لە چاپەمەنیەكاندا بەرچاو دەكەون . وشەی سستیش ئەو وشانەن كە كەم بەكار دەهێنرێن[٢٠] ـ ئەویش ئەو وشانەن كە زمان هێشتا پێویستی پێیان نەبووە، یاخود پێویستی پێیان نەماوە. بەم جۆرە وشەی سست پێكهاتووە لە :

١ ـ ئەو وشانەی لەكار دەكەون و پەكیان دەكەوێ و كۆن دەبن و بەرەو سوان دەڕۆن ـ واتە وشەی مردە (الـكلمات الميتة ـ Obsolete) .

٢ ـ ئەو وشە نوێیانەی هێشتا بە تەواوی لە زماندا رەگیان دانەكوتاوە، یاخود تازە هاتوونەتە ناو زمانەوە ـ واتە وشەی نوێباو (الـكلمات المولدة ـ Neologism) .

وشەی مردە (الميتة Obsolete) :

لەكار كەوتن و نەمانی وشە كارێكی گرانە و یەكسەر روو نادات، بەڵكو لەسەرخۆ دەبێت . دوای ئەوەی لە رێگای هۆی تایبەتییەوە بەكار هێنانی هەندێ وشە كەم دەبنەوە و لە بەشی چالاكەوە دەچنە

(٢٠) بێگومان دەبێ وشەی سست لەگەڵ ئەو وشانەدا كە خاوەن پیشەی تایبەتی لە كاری رۆژانەیاندا بەكاری دەهێنن جیا بكرێنەوە .

بەشی سستەوە ، ئنجا دوایی وردە وردە کەمتر بەکار دەهینرێن و تا یەکجارێ لەسەر زار دەکەون و زمان بەجێ دەهێلن .

لەنێوان وشەی مردەشدا جیاوازێ هەیە . هەندێ لەو وشانە بە جۆرێك لەکار کەوتوون و هێندە لە مێژە لەسەر زمان نەماون ، کە بەرەی ئەم دەمەی کورد نەیبیستوون و تەنیا لە رێگای توێژینەوەوە ئاشکرا دەبن . ئەم جۆرە وشانەش بریتین لە :

أ ـ ئەو وشانەی بە تەواوێ لە زمان چوونەتە دەرەوە و بە هیچ جۆرێك لە زمانەکەماندا بەدی نـاکرێن و تەنانەت لە پێکهێنانی وشەی لێکدراویشدا ئەسەریان نییە .

بۆ ئەم مەبەستە لەو تێکستانەدا کە ئۆسکارمان کـۆی کردونەتەوە(٢١) ، گەلێك نمونە بەرچاو دەکەون ، وەك : « نسرین » ،

---

(٢١) Oskar Mann. Die Mundart der Mukri - Kurden, Teil. I. Berlin, Druck und Verlag, 1906.

ئۆسکارمان زانای مەزنی ئەلمانێ لە سالی ١٩٠١دا بۆ لێکۆلینەوەی زمان و ئەدەبی کوردێ هاتوتە کوردستانی ئێران و دوو سـاڵ و نیو لە ساولاخ و دێیەکانی موکریاندا ماوەتەوە و زۆر شێ بە نرخی کوردێ نوسیوەتەوە . بەشێکی لە نوسراوەکانی خۆی لە سالی ١٩٠٠دا بە خەتێکی لاتینێ تایبەتێ چاپ کردوە و بە پێشکەش ناردویە بۆ شـای ئێران (مظفر الدین شاه)ی قاجار و بۆیە ناوی ناوە (تحفەء مظفریە) . بەشی کوردێ ئەم کتێبە کە ٣٠٢ لاپەرەی ٣٥ دێڕێیە بریتییە لە شەش چیرۆك و هەژدە بەیت و چەند گۆرانی . ==

« کەبڕێن » ، « سەبڕێن » ... هتد ، کە لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا نەماون و ماناشیان تەنیا لە ڕێگەی ڕستەوە ئاشکرا دەبن . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان تەنانەت بە ڕستەش ڕوون نابنەوە .

لەو تێکستانەدا دەبینین ، کە وشەی « نسرین » بە مانای « پەژارە ، خەم ، داخ ... » هاتوە ، ئەویش لە ڕستەدا بۆمان دەردەکەوێ :

ئەگەر ژنی گەورەی میری وا دەبینێ
بانگ دەکا : برایم چاکە ، مەکێشە خەم و نسرینێ[٢٢]

هەرچی وشەی « کەبڕێن »و « سەبڕێن »ە مانایان ئاشکرا نییە و تەنانەت لە ڕستەشدا بۆمان ڕوون نەبۆتەوە :

= کۆڕی زانیاری کورد ، ئەرکی هێنانەوە سەر ڕێنووسی کوردیی و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی ئەم تێکستانەی خستە ئەستۆی مامۆستا هێمن ـ ئەندامی یاریدەری کۆڕ کە خۆی موکریانییە و ئەو شێوە کوردییە باش دەزانێ و لە فۆلکلۆری ئەدەبی کوردیدا ئەزموون و شارەزایی هەیە . ئەویش کەلێکی خۆ پێوە ماندوو کردوە و بە پوختی هێناویەتیە سەر ڕێنووسی کوردیی و پێشەکییەکی نایابی بۆ نووسیوە . ئەوە چەند مانگێکە ئەم کتێبە بەنرخە کە لە باری زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردییەوە زۆر دەوڵەمەند و بایەخدارە کەوتۆتە دەست خوێنەرانی بەڕێز و هیوادارین کەڵکی لێ وەربگیرێ . ئێمە بۆ چەند شوێنێکی ئەم نووسینەمان سوودمان لەو کتێبە وەرگرتوە و ئەوی ڕاستی بێ هەندێ کێشەی ئەم لێکۆڵینەوەیەمانی ئاسان کرد .

(٢٢) هەمان سەرچاوە ، ل ٣٨٥ ..

دەڵێ : خـولایە نە بە کەرێنی ، نە بە ســـەرێنی
بۆ خوت گیانان دەدەی ، گیان دەستێنی[٢٣]

پێویستە پەنجە بۆ ئەوەش رابکێشین کە ئەو وشانەی لەسەرەوە ناومان بردن تەنانەت لەو دەورەشدا کە ئۆسکارمان تۆماری کردون ـ واتە حەفتا ساڵێك لەمەوبەر ـ هەر وشەی مردە بوون . بەڵگەشمان بۆ ئەمە ، ئەوەیە کە ئەو وشانە تەنیا لە شیعرەکاندا هەن و لە پەخشانەکاندا نین . ئەوەش ئاشکرایە کە شیعر وەك خۆی دەمێنێتەوە و مەودای دەستکاری کەمە و پتر لە پەخشان دەپارێزرێ .

ب) ئەو وشانەی بەشێك لە رێژەکانیان لە زماندا نەماون . بە وێنە وشەی « پەروەردە » ـ وەك : ناوی بەرکار ماوە ، بەڵام رێژەکانی تری نەماون . کەچی ئەگەر تەماشای زمانی فارسی بکەین ، دەبینین کە رێژەکانی دیکەی ئـەم وشـەیە ، وەك « پرۆریدن ، میپروراند ، پرورش ، ... » ماون .

یاخود هەر لەو تێکستانەدا کە ئۆســکارمان تۆماری کردون ، وشەی « بوێر »[٢٤] ـ بە مانای « ئازا » بەرچاو دەکەوێ ، بەڵام لە زمانی کوردی ئەمڕۆدا ئەم وشەیە نەماوە ، کەچی رێژەکانی دیکەی ، وەك « ناوێرێ ، پێـم ناوێرێ ، پێ‌وێران ، پێی‌وێرام ... » نەك

---

(٢٣) هەمان سەرچاوە ، ل ٣٢٩ .

(٢٤) هەمان سەرچاوە ، ل ٢١١ .

هەر ماون ، بەڵکو زۆریش بەکار دەهێنرێن .

وشەی نوێباو (الـكلمات المولدة Neologism) .

بەرامبەر بە دیاردەی نەمانی وشە و چوونە دەرەوەیان لە زمان ، دیاردەی پەیدابوونی وشەی نوێی هەیە ، کە ئەمیش وەك لە سەرەوە باسمان کرد هۆیەکی گرنگە بۆ پێشکەوتن و گەشە کردنی هەر زمانێك .

ئەم دیاردەیە ـ واتە پەیدابوونی وشەی نوێی لە زماندا ـ لە هەر دەورێکی مێژوودا بێت ، دەبێتـە هۆی پەیدابوونی چینێکی دیکە لە وشەی سست .

وشەی نوێباو ـ ئەو وشـانەن کە وا بۆ مانایەکی ناسراوی دانەیەك (وحدة) لە زمان بەکار دەهێنرێن و تازە هاتوونەتە زمانەوە و هێشتا نەچوونەتە ریزی وشەی چالاکی ئەو زمانەوە .

ئەو جۆرە وشانە ، تا ئەو دەمەی بە تەواوی رەگ دانەکوتن و جێـگیر نەبن و بڵاو نەبنەوە و نەچنە ریزی وشەی چالاکەوە ، هەر بە نوێباوی دەمێننەوە و رەنـگی تازەییان تێدا دەبینرێ . بە وێنە وشـەی « رێزمان » ـ هەرچەندە ماوەی (٢٠) سـاڵێك دەبێت لە زمانی کوردیدا پەیدابووە ، بەڵام لەبەر ئەوەی بە تـەواوی بڵاوبۆتەوە و جێـگیربوە و رەگی داکوتاوە و رەنـگ و بۆی نوێباوی پێوە نەماوە ، هاتۆتە ریزی وشەی چالاکی کوردییەوە .

هـەروەها « نوسـەر » ، « خوێنـەر » ، « گۆڤار » ،

« چیرۆك » .... وە گەلێکی تر . لەگەڵ ئەوەدا کە لە مێژ نییە لە زمانی کوردیدا هاتونەتە ناوەوە ، بەڵام چونکە تێکڕای خەڵکەکە وەری گرتون ، لەبەر ئەوە لە نوێباوی دەرچون و لە ڕیزی وشەی چالاکی کوردیدا وەستاون .

بەم جۆرە ، وەك لە سەرەوە وتمان ، وەنەبێ هەمو وشەیەکی نوێ - واتە هەر وشەیەك کە تازە لە زماندا پەیدا بوبێ - دەبێ نوێباو بێ . وشەی نوێ بە نوێباو دەژمێرێت تا ئەو کاتەی ڕەنگ و بۆی تازەیی پێوە بێ و بە تەواوی جێگیر نەبوبێ و نەکەوتبێتە سەر زاری بەشی زۆری هەڵگری ئەو زمانە . بە وێنە ، ئەو زاراوانەی لەم ساڵانەی دواییدا لە زمانی کوردیدا پەیدابوون ، بەشێکیان بە تەواوی چەسپاون . بەڵام بەشێکی تریان هێشتا بە باشی جێگیر نەبوون و بە تەواوی بڵاونەبونەتەوە ، ئەمیش ئەگەر چی هۆی ئەوە بێ کە ئەو وشانە زاراوی ئەو زانستانە بن کە تەنیا بۆ پسپۆڕی ئەو کارە بێت و پەیوەندی بە تێکڕای خەڵکەکەوە نەبێ ؛ یاخود هۆی ئەوە بێ کە شێوەی دانان و داڕشتنیان لەبار نەبێ و نەچنە دڵی خەڵکەکەوە ... ئەم دو هۆیە بن یاخود هۆی بەجێی دیکە ، باری کارەکە ناگۆڕێ و گرنگ ئەوەیە کە بە هەر جۆرێك بێت ، ئەو وشانە هێشتا بە تەواوی جێی خۆیان لە زمانی کوردیدا نەکردۆتەوە و بۆن و بەرامەی نوێباوییان لێ دێت .

هەرچی وشەی نوێباوە پەیدا دەبێ لە ئەنجامی :

١ ـ هاتنەکایەی شت و مانا و دیاردەی نوێ .

٢ ـ سەرهەڵدانی ناوی نوێ بۆ ئەو مانایانەی کە ناویان هەبوە .

بێگومان پەیدابونی وشەی نوێ لە رێگای یەکەمەوە ، بۆ زمان کارێکی پێویستە ، چونکە ناکرێت ئەو شت و مانا و دیاردە نوێیانە بێ ناو بێننەوە چونکە میللەت و زمان پێویستیان بە بەکارهێنانیان هەیە .

پەیدابونی وشەی نوێ لە رێگای دووەمەوە ، هەرچەندە وەك رێگای یەکەم پێویست و گرنگ نییە ، بەڵام هۆیەکی گرنگە لە پێشخستن و گەشەپێدانی زماندا . پەیدا بونی وشەی نوێ بۆ ئەو مانایانەی کە ناویان هەبوە لە ئەنجامی هەست کردنی خاوەنی ئەو زمانەوەیە بۆ هێنانەکایەی وشەی نوێ .

* * * *

فریزیۆلۆژی

(الکنایة ـ العبارات الاصطلاحیة PHRASEOLOGY)

رستە کە لە ئاخاوتنی ئێمە پێکهاتوە ، بەسەر وشەدا دابەش دەبێ . کەم رێ دەکەوێ رستە لە یەك وشە دروست بووبێ . پتر لە پێکهاتنی رستەدا چەند وشەیەك بەشداری دەکەن : (ئازاد چوو بۆ بازاڕ) ؛ (ئەمڕۆ یەکەم رۆژی هاوینە) ؛ (زمانی کوردی زمانێکی هیند و ئەوروپاییە) ... لە روی سینتاکس (Syntaxe)ەوە رستە یەکسەر بە سەر وشەدا دابەش نابێ ، بەڵکو لە نێوان رستە و وشەدا زنجیرێکی سینتاکس هەیە ـ ئەویش فرێزە (عبارة Phrase) .

فرێز ـ بەو دانە سادە سینتاکسییە دەڵێن ، کە لە دوو یاخود چەند وشەیەکی سەربەخۆ[1] پێکهاتبێ و رێزمان بە یەکەوەی بەستبن .

لە زمانی کوردیدا دوو جۆرە فرێز هەیە :

---

(١) بێگومان پێویستە لە چەند وشەیەکی سەربەخۆ (واتە لە چەند وشەیەکی تەواو) پێکهاتبێ لەبەر ئەوەی پیتی بانگهێشتن و پیتی پەیوەندی ... وشەی ناتەواون ناتوانن فرێز دروست بکەن . بە وێنە لە رستەی « من دەچم بۆ بازاڕ »دا ، ناتوانین بڵێین کە « بۆ بازاڕ » فرێزە ، چونکە (بۆ) وشەی تەواو نییە . (بۆ جیاوازی کردن لە نێوان وشەی تەواو و ناتەواودا ، بڕوانە : (ل ٧ ـ ٩ ی ئەم کتێبە) .

١ـ فرێزی بەرەڵڵا .

٢ـ فرێزی گیراو .

فرێزی بەرەڵڵا ئەوەیە ، کە بە ئاسانی و بە پێی پێویست دابڕێدرێن ، یاخود لە رستە دەربهێنرێن ،بەوێنە : لە رستەی « تۆ دیمەنی بەهار و جەژنی نەورۆزت دیوە »دا دەتوانرێ دوو فرێزی بەرەڵڵا : « دیمەنی بەهار » ، « جەژنی نەورۆز » وەربگیرێ .

هەرچی فرێزی گیراوە پێی دەوترێ « فرێزیۆلۆژی ، ئیدیۆم » . کاتێ لە یەککگرتنی هەندێ وشەدا واتای تایبەتی پەیدا دەبێ ، ئەوە بەو جۆرە فرێزانە دەڵێن فرێزیۆلۆژی .

لە زمانی کوردیدا ـ وەك هەر زمانێکی دیکەی سەر ئەم زەمینە ـ جگە لە وشەی جودا جودا ، کە دانەی زمانن ، هەروەها پێکهاتنی ئاڵۆزتر هەیە کە پێی دەوترێ فرێزیۆلۆژی ، وەك : « دەستەئەژنۆ » ، « پشت ئەستوری » ، « روو رەشی » ، « روو زەردی » ، « برین کولانەوە » ، « شوولی لێ هەڵبڕین » ، « کای کۆن بەبا کردن » .... هتد .

چونکە فرێزیۆلۆژی لە سیستێمی زماندا بە مانای دیکە دێت ، لەبەر ئەوە پێویستە لە روونکردنەوە و ئاشکرا کردنی خاسیەت و دەوریدا ، لە لایەکەوە جیاوازی لەگەڵ فرێزی بەرەڵڵادا ، وە لە لایەکی ترەوە لەگەڵ وشەی جودا جودادا بکرێت .

ئەو دوو رێگەیەی لێکۆڵینەوەی فرێزیۆلۆژی ، وەك دیاردەیەکی

دیارکراوی زمان شتێکی زۆر پێویست و گرنگە ، ئەویش لەبەر دوو هۆ : یەك ـ فرێزیۆلۆژی لە زماندا ئەرکی خۆی لە رێگای وشەی جودا جودا وە دەبینێ ؛ دوو ـ فرێزیۆلۆژی لە پێکهاتنیدا لێکدراوە و پارچەکانی وشەی سەربەخۆن . تەنیا لە تەماشا کردنی تەواو و وردبونەوەی قوڵ لە خاسیەتی ، جیاوازی لەگەڵ فرێزی بەرەڵادا دەردەکەوێ و لە وشە نزیك دەبێتەوە . وە لە دواییدا ، واتە لە ئەنجامی بەراوردکردنیدا لەگەڵ وشەدا ، دەتوانرێ بزانرێ کە فرێزیۆلۆژی چییە .

لێکۆڵینەوە لە کێشەی فرێزیۆلۆژی زمانی کوردی ، نەك تەنیا کەڵك و سوودی بۆ دامەزراندنی تیۆری فرێزیۆلۆژی زمانی کوردی هەیە بە تایبەتی ، بەڵکو هەروەها بۆ کاری فەرهەنگنوسی و لێکسیکۆلۆژی بە گشتیش گەلێك پێویست و بە کەڵکە .

خاسیەتی سەرەکی فرێزیۆلۆژی ـ واتە فرێزی گیراو ـ ئەوەیە کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەگەڵ فرێزی بەرەڵادا جودایە ، وە لە هەمان کاتدا لە وشە نزیك دەبێتەوە . فرێزی بەرەڵا لە کاتی ئاخاوتندا دروست دەبێ ، هەرچی فرزیۆلۆژییە لە کاتی ئاخاوتندا دروست نابێ ، بەڵکو دانەی پێکەڵ و ئامادەی زمانە . بە وێنە لە کاتی ئاخاوتندا کە دەوترێ : « کامەران هێندەی رست ، سەرم ئاوسا » ، ئەوە لەم رستەیەدا « سەرم ئاوسا » ، کە فرێزیۆلۆژی (فرێزی گیراو)ە وەنەبێ لە کاتی ئەم ئاخاوتنەدا دروست بوبێ ، بەڵکو لە شێوەیەکی ئامادە و پێکەڵدا لە زماندا هەبوە و بەر لەم کاتە داڕێژراوە .

پێویست بە بیری خاوەنی رستەکەیدا هێناوەتەوە و ئەویش وەك کەرەستەیەکی ئامادە هەستی خۆی پێ دەربڕیوە ... هەرچی فریزی بەرەڵلایە لە کاتی ئاخاوتندا لە وشەی جودا دادەڕێژرێ . بە نموونە: کە دەوترێ : « منیش پاش چەند ساڵێك توشی لاوێکی رۆناکبیر هاتم » ، ئەوە لەم رستەیەدا « لاوێکی رۆناکبیر » ، کە فریزی بەرەڵلایە لە کاتی ئەم ئاخاوتنەدا لە وشەی جودا دروست بووە .

لێرەدا پرسیارێك دێتەپێش : بۆچی کێشەی فریزی گیراو لە بەشی لێکسیکۆلۆژیدا تەماشا دەکرێت ؟ ... ئاشکرایە ، کە فریز پارچەیەکە لە رستە ـ واتە مەفهومی سینتاکسییە و ئەمە راستە و بەم پێیە دەبێ فریز لە بەشی سینتاکسدا لێی بکۆڵرێتەوە . بەڵام کێشەی فریزی گیراو (فریزیۆلۆژی) لە سنووری سینتاکس دەردەچێ و لە لێکسیکۆلۆژی نزیك دەبێتەوە . زۆر جار دەبینین ، کە بە مانا و واتا وەك یەك وشەیە ، بە وێنە فریزی گیراوی : « ئەسپێ لە گیرفانیدا سەوزەڵە خانم دەڵێ » ـ بە مانا و واتای وشەی « لات ، هەژار » دێت . یاخود فریزیۆلۆژی : « نانی لەسەر ساج سووتاوە » ـ بەرامبەر بە وشەی « پەلەکەر » دەوەستێ .... هتد .

لە زمانی کوردیدا فریز هەن ، کە هەمیشە بەرەڵلان ، وەك : « کچی جوان » ، « نامە نووسین » ، « چا خواردنەوە » ، « پیاوی ئازا » ، « کتێب خوێندنەوە » .... هتد . فریزیش هەن ، کە هەردەم گیراون ، وەك : « کولۆڵەی کەوتە لێژی » ، « لووت تێ ژەنین » ، « دایە کێو » ، « بە ئاگر یاری کردن » .... هتد .

هەروەها زۆر فرێز هەن ، کە دەکرێ بەرەڵڵاش و گیراویش بن ، ئەمەش پەیوەندی بە مانا و مەبەست و بەکارهێنانیانەوە هەیە و لە رستەدا دەردەکەوێ . بە وێنە فرێزی : « شتوڵی لێ هەڵبڕی » ـ مانا راستەوخۆکەی ئەوە دەگەیەنێ کە « یەکێك شتوڵ لە یەکێك هەڵبڕێ » . بەم پێیە ، ئەمە فرێزێکی بەرەڵڵایە . بەڵام بە مانای تیانی ـ واتە « لە تای دەرکرد ، لە رادەی تێ پەڕاند » ـ دەبێ بە فرێزێکی گیراو (فرێزیۆلۆژی) . یاخود فرێزی : « دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکا » ـ مانا راستەوخۆکەی ئەوە نیشان دەدا ، کە « یەکێك دۆ بهێنێ و لەگەڵ دۆشـاودا تێکەڵی بکا » ـ ئەمـە فرێزێکی بەرەڵڵایە . هەرچی مانای تیانی ئەم فرێزەیە بۆ ئەوە دەوترێ ، کە « یەکێك لە وتوویژێکدا ، یاخود لە کارێکدا .... تووڕە دەبێ و قسەی نابەجێ دەکا و لە رادەی تێ دەپەڕێنێ » ـ بەم مانایە فرێزێکی گیراو دروست دەبێ . فرێزی « ئاشی ناگەڕێ » ، ئەگەر وەك فرێزێکی بەرەڵـڵا بەکار بهێنرێ ، ئەوە واتاکەی ئەوە دەردەخا کە « ئاشەکەی ئیش ناکات » . بەڵام کە ببێ بە فرێزێکی گیراو (فرێزیۆلۆژی) ، ئەوە مانای « کاری وەستاوە » دەگەیەنێ ـ واتە مەرج نییە ، ئەو کارەی ئیشی ئاش بێت ، بەڵکو هەر ئیشێك بێت جیاوازی نییە .

فرێزی گیراو (فرێزیۆلۆژی) هەموو وەك یەك نین ، بەڵکو لە رادەی یەکگرتن و پەیوەندی ئەو وشانەی پێکیدەهێنن ، وە لە رووی ئەوەی کە مانای گشتی فرێزەکە بە هەر وشەیەکی ئەو فرێزەوە تا چ رادەیەك پەیوەستە جیاوازی هەیە جا لەم رێگەیەوە ، لە زمانی

کوردیدا دەتوانرێ سێ جۆر فریزیۆلۆژی دیار بکرێن :

١- فریزیۆلۆژی تێکچڕژاو Phraseological concretion

٢- فریزیۆلۆژی یەکگرتو Phraseological unity

٣- فریزیۆلۆژی تێکئاڵاو Phraseological collocation

فریزیۆلۆژی تێکچڕژاو :

مانای گشتی فریزی بەرەڵڵا سەراپا بەندە بە مانای ئەو وشانەوە کە فریزەکەیان دروست کردوە . هەر وشەیەك مانای سەربەخۆی خۆی هەیە ، وە مانای تەواوی فریز بریتییە لە سەرپاکی مانای تێکڕای وشەکانی . بە نموونە مانای گشتی فریزی « چەقۆ تیژ کردنەوە » ، سەراپا بەندە بە مانای وشەکانیەوە : « چەقۆ » و « تیژکردنەوە » .

لە نێو فریزی گیراودا ، بەر لە هەمو شتێك دەتوانین فریزی تێکچڕژاو دەست نیشان بکەین . ئەم جۆرە فریزانەش ، ئەوانەن کە مانای گشتییان بە هیچ جۆرێك بەند نییە بە مانای ئەو وشانەوە کە فریزەکەیان پێکهێناوە . لەم ڕووەوە فریزی تێکچڕژاو ، بەرامبەر بە فریزی بەرەڵڵا ڕاستەوخۆ دژ دەوەستێ .

کاتێك ، بەشێك لە فریزێك بریتی بێ لە وشەیەك کە خاوەنی مانای سەربەخۆی خۆی نەبێ ، ئەوە پەیوەندی لە نێوان مانای وشەکان و تێکڕای فریزەکەدا نابێ . بە وێنە لە زمانی کوردیدا ، بە جودا وشەی « موڵ »[2] نییە ، لەبەر ئەوە مانای فریزی « گوڵ و

(٢) دیارە کە « موڵ » لە « گوڵ »ەوە هاتوە و ئەم جۆرە دیاردەیە لە زمانی کوردیدا زۆرە . هەرچەندە « موڵ » بە تەنیا مانای نییە ،=

مولْ » ناتوانرێ لە سـەرپاکی مانای هەردوۆ وشـەکە وەربگیرێ ، چونکە بەشێك لەو فرێزە ـ واتە یەکێك لەو دوۆ وشەیە ـ واتای نییە . بەلاّم تێکڕای فرێزەکە واتای ئاشکرایە . وشەی « مت » لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ نییـە ، بۆیەکا مانای فرێزی « شت و مت » ناتوانرێ لە سەرپاکی مانای هەردوۆ وشەکە وەربگیرێ ، چونکە بەشێك لەو فرێزە ـ واتە وشـەی « مت » ـ واتای نییـە . بەلاّم تێکڕای فرێزەکە واتای ئاشکرایە ... هتد .

هەر لەبەر ئەو هۆیە ـ (واتە چونکە لە هەندێ فرێزدا وشەی وا رێ‌دەکەوێ کە بە تەنیا مانای نییـە) ـ دەتوانرێ ئەو فرێزانەی خوارەوە لە خانەی فرێزبۆلۆژیی تێکچڕاژاودا دابنرێن ، وەك :

هاتەران پاتەران ـ « هاتەران » بە مانای (وڕێنـە) دێت ، بەلاّم « پاتەران » بە تەنیا مانای نییە .

گێـژ و وێژ ـ « گێژ » بە مانای (بێهۆش) دێت ، بەلاّم « وێژ » بە تەنیا مانای نییە .

قسە و مسە ... وە گەلێکی تر .

هەروەها لە زمانی کوردیدا فرێزی وا هـەن ، کە وشەی مردە

═ بەلاّم بەشێکە لە فرێزی « گولْ و مولْ » و هێز و پێزی بە فرێزەکە داوە و بە بێ ئەو وشەی « گولْ » بە تەنیا نابێ بە فرێزبۆلۆژیی ، کەچی لەگەلْ ئەوەشـدا مانای فرێزەکە لە رێی وشەی « گولْ »ەوە دەردەکەوێ .

(الكلمه الميتة Obsolete)[٣] یان تێدایە . لە زانستی زماندا ، ئەو جۆرە فرێزانەش هەر بە فرێزیۆلۆژی تێکچڕژاو دەژمێررێن ، چونکە مانای گشتی فرێزەکە ، ناتوانرێ لە رێگای سەرپاکی مانای وشەکانەوە وەربگیرێ . ئەویش لەبەر ئەوەی مانای بەشێکی فرێزەکە (کە وشەی مردەیە) ئاشکرا نییە ... بەهەرحاڵ تری روون کردنەوەی مانای فرێزەکەی گرتۆتە ئەستۆی خۆی . جا کە مانای فرێزێك لە رێگای بەشێکییەوە وەربگیرێ ، ئەوە مەودای ئەوەمان دەدات ، کە ئەو جۆرە فرێزانە بە فرێزیۆلۆژی تێکچڕژاو بدەینە قەڵەم .

فرێزیۆلۆژی یەکگرتو :

فرێزیۆلۆژی یەکگرتو ئەوەیە کە مانای لە رێگای مانای سەرپاکی ئەو وشانەوە (پارچانەوە) پێکیان هێناوە ئاشکرا دەبێ . بە وێنە فرێزی « زمان درێژ » ، کە بە مانای « زۆر بلێ » دێت ، لە « زمان » و « درێژ » پێکهاتوە . لێرەدا هەردوو وشەکە واتادارن . بەم چەشنە مانای فرێزی « زمان درێژ » لە سەرپاکی وشەی « زمان » و « درێژ » ەوە پەیدا دەبێ یاخود فرێزی « کلك و گوێ کردن »[٤] کە فرێزیۆلۆژی یەکگرتووە ، گشت پارچەکانی مانایان هەیە و سەرپاکی ماناکانی ئەو وشانە (پارچانە) مانای تەواوی فرێزەکە دەدەن بە دەستەوە .

جا جیاوازی نێوان فرێزیۆلۆژی تێکچڕژاو و فرێزیۆلۆژی

(٣) بڕوانە : ل ٤٩ ـ ٥٣ ی ئەم کتێبە ، کە دەربارەی وشەی مردەیە .
(٤) بە مانای « ئەتك کردن » هاتووە .

یەکگرتو ئەوەیە ، کە یەکەمیان ـ واتە فرێزیۆلۆژی تێکچڕژاو ـ واتاکەی بەند نییە بە واتای تێکڕای ئەو پارچانەوە (وشـــانەوە) دروستیان کردوە ، بەڵـکو واتای لە ڕێـگای بەشیکییەوە ئاشـکرا دەبێ . دووەمیـــان ـ واتە فرێزیۆلۆژی یەکـگرتو ـ واتاکەی لە ڕێـگای سەرپاکی ئەو وشانەوە پێکیان هێناوە دەردەکەوێ و وشەی بێ واتای تێدا نییە .

لەبەر ئەوەی بەشی هەرە زۆری ئەو وشانەی فرێزیۆلۆژی زمانی کوردییان پێکهێناوە ، وشەی واتادارن ، بۆیەکا دەتوانین ڕێگا بـە خـۆمان بدەین ، کە زوربەی فرێـزیۆلۆژی زمانی کوردی لە خانەی فرێزیۆلۆژی یەککرتودا دابنێین . بەڵگەشمان بۆ ئەوە ، ئەو نموونانەی خوارەوەن : « ناوی بە گەروی ئاشا چێ » ، « ناوی بە قوڕا چێ » ، « دەستی داری گرتوە » ، « دەستە ئەژنۆ » ، « چنـگ لەسەر شان » ، « پشت ئەستوری » ، « زمان لێدەرهێنان » ، « چوارپێی » ، « مل لە چەقۆ سوین » ، « دوکەڵ لە ماڵی هەڵناسێ » ، « داری بەسەر بەردیەوە نەماوە » ، « تفەنـگ بە تاریکە شەوەوە نان » ، « دایە کێو » ، « کای کۆن بە با کردن » ، « کولۆڵەی کەوتە لێژی » ، « نـــاوی خۆی نازانێ بنوسێ » ، « کەوڵەکڵان » ، « لوت تێ ژەنـین » ، « موی سەری ڕەپ بو » ... وە گەلێـکی تر .

فرێزیۆلۆژی تێکئالاو :

فرێزیۆلۆژی تێکئالاو ئەو جۆرە فرێزانەن کە یەکێک لە وشەکانی بەندە و لە بەکار هێناندا گیراوە و تەنیا لە فرێزێـکدا بەکار دەهێنرێ ،

کەچی لەگەڵ ئەوەشدا مانای سەربەخۆی خۆی هەیە . بە وێنە ، ئەگەر فرێزی « خۆ لە تەل دان » وەربگرین ، ئەوە دەبینین کە تێکڕای پارچەکانی ئەم فرێزە واتادارن ، بەڵام « لە تەل دان » تەنیا لەم فرێزەدا بەکار دەهێنرێ[٥] .

لە فرێزیۆلۆژی تێکئاڵاودا تەنیا پارچەیەکی فرێزەکە گیراوە ، ئەگینا پارچەکەی دیکەی بەرەڵایە و دەتوانێ بە هەمان واتا لەگەڵ وشەی تردا یەك بگرن ، وەك : « خۆ کۆ کردن » ، « خۆ گێل کردن » ......هتد .

جیاوازی فرێزیۆلۆژی تێکئاڵاو لەگەڵ فرێزیۆلۆژی تێکچڕژاودا ، ئەوەیە کە یەکەمیان ـ واتە فرێزیۆلۆژی تێکئاڵاو ـ ئەو پارچەیەی گیراوە خاوەنی مانای سەربەخۆی خۆیەتی . بەڵام دووەمیان ـ واتە فرێزیۆلۆژی تێکچڕژاو ـ ئەو پارچەیەی کە گیراوە مانای سەربەخۆی خۆی نییە .

فرێزیۆلۆژی لە ڕوی واتاوە :

لە ڕوی واتــــاوە ، لە زمانی کوردیدا دەتوانرێ دو جۆر فرێزیۆلۆژی دەست نیشان بکرێن :

١ـ فرێزیۆلۆژی یەك واتا :

ئەو فرێزیۆلۆژییانەن کە یەك مانایان هەیە ، وەك : « مل لە چەقۆ سوون » ـ واتە « خۆ هاویشتنە مەترسییەوە » ، « برین

(٥) هەرچەند « لە تەلدان » لە فرێزی تریشدا بەر چاو دەکەوێ ، بەڵام مەودای بەکار هێنانی زۆر تەسکە .

کولانەوە » واتە « خەم ، بەبیرهاتنەوە » ... وە گەلێکی تر .

٢ـ فرێزیۆلۆژی فرەواتا :

ئەو فرێزیۆلۆژییانەن کە پتر لە مانایـــەك دەبەخشن ، وەك : « دوکەڵ لە ماڵی هەڵناسێ » ـ بە واتـای « هەژاری » و « رۆژدێ (رەزیلی) » دێت ... هتد .

لێرەدا ، پێویســتە پەنجە بۆ ئـەوە رابکێشین ، کە لە زمانی کوردیدا فرێزیۆلۆژی فرەواتا لە فرێزیۆلۆژی یەك واتا زۆر کەمترە .

فرێزیۆلۆژی و هەندێ دیاردەی تری زمان :

هەندێ لە زانایانی زمان ، پەندی پێشینان و قسـەی نەستەقیش هەر بە فرێزیۆلۆژی دەدەنە قەڵەم . بەڵام پێویســـتە ئەوە لە یاد نەکەین ، کە « پیاو بە تەمای دراوسێ بێ ، بێ شێو سەر ئەنێتەوە » ؛ « بە زمانی شیرین مار لە کون دێتە دەر » ؛ « مریشك خۆی خۆڵ نەکا بەسەر خۆیا ، کەس ناتوانێ خۆڵی بەســـەرا بکا » ؛ « گا لە کلاوڕۆژنەوە ســـەر ئەخا » ؛ « کەر بێ کورتان نابێ » ؛ « رۆژ بە پەنجە ئەژمێرێ » ؛ « راســـت بە و بە لای شێردا بڕۆ » ؛ « خەو برای مەرگە » ؛ « مردن هەر جارێـــکە » .... هتد لەگەڵ فرێزیۆلۆژیدا جیاوازییان هەیە . ئەو جیاوازییەش ، بە زۆری لە رووی بەخشینی مانا و پێکهاتنی رێزمانییەوەیە .

بێگومان پێویســتە پەنجە بۆ ئەوە رابکێشین ، کە دەتوانرێ هەندێ لە پەندی پێشینان و قسەی نەستەق (بە تایبەتی قسەی نەستەق) لە رێزی فرێزیۆلۆژیدا دابنرێن . ئەویش بە تایبەتی ئەوانەی خاوەنەکانیان

دیارن و لە سنووری پێکهاتنی فرێز دەرنەچوون .

لێکۆڵینەوە لە فرێزیۆلۆژی زمانی کوردی :

لێکۆڵینەوەی فرێزیۆلۆژی زمانی کوردی باسێکی نوێیە و تاکو ئێستا شتێکی ئەوتۆ دەربارەی نەنووسراوە . ئەوەی بڵاوکراوەتەوە و من ئاگادرم ، تەنیا وتارێکی (یو. یو. ئاڤالیانی)[٦] و کتێبێکی (مەکسیمی خەمۆ)[٧] یە کە بە رووسی نووسراون. (یو.یو. ئاڤالیانی) لە وتارێکی چوار لاپەڕەییدا لە مەسەلەی جودا کردنەوەی کاری لێکدراو (الفعل المركب Compound Verb) و فرێزیۆلۆژی دواوە[٨] و شتێکی زۆر کەمی فرێزیۆلۆژی زمانی کوردی باس کردوە . هەرچەندە (مەکسیمی خەمۆ)ش لە کتێبەکەیدا[٩] لە تێکڕای کێشەی فرێزیۆلۆژی زمانی کوردی نەکۆڵیوەتەوە ، بەڵام هەندێ لایەنی گرنگی ئەو باسەی شی کردۆتەوە .

---

(٦) بۆ وەرگرتنی زانیاری تەواو سەبارەت بەم کوردناسە و بە کارە زانستییەکانی ، بڕوانە : د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، چی لە بارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٥٨ .

(٧) بڕوانە : هەمان سەرچاوە ، ل ٩ .

(٨) یو. یو. ئاڤالیانی ، مەسەلەی جودا کردنەوەی کاری لێکدراو و فرێزیۆلۆژی کار (لەسەر کەرەستەی زمانی کوردی) ـ « کورتەی هەواڵەکانی کۆنفرانسی زمانناسی » ، سەمەرقەند ، ١٩٥٨ ، ل ٤٠ ـ ٤٣ (بە زمانی رووسی) .

(٩) م. خەمۆ (خامۆیان) ، دەربارەی فرێزیۆلۆژی ناو لە زمانی کوردیدا ، یەریڤان ، ١٩٧١ (بە زمانی رووسی) .

جگە لەو چەند لێکۆڵینەوەیە ، لێرەدا بە پێویستی دەزانم ، پەنجە بۆ ئەوە رابکێشم ، کە مامۆستایان : تۆفیق وەهبی و قەناتی کوردۆ و چەرکەزی بەکۆ ... لە فەرهەنگەکانیاندا هەندێ نموونەی فرێزی گیراو (فرێزیۆلۆژی)یان تۆمار کردوە . هەروەها مامۆستا صادق بەهائەدین ئامێدی لە ساڵی ١٩٧٣دا لە بەغدا کتێبێکی گەورەی بە ناوی « ئیدیەمێت کوردی »یەوە بڵاوکردەوە[١٠] . ئەم نوسراوە ریتییە لە فەرهەنگێکی فرێزیۆلۆژی کوردی - هەرەبۆ . بێگومان ، ئەمە کارێکی گرنگ و پێویستە و یەکەم هەنگاوی دانانی فەرهەنگی فرێزیۆلۆژی کوردییە . ئەوەی کەم و کورتی هەرە گەورەی ئەم نوسراوە بێت ، ئەوەیە کە هەندێ وشە و فرێزی بەرەڵڵا بە فرێزی گیراو (فرێزیۆلۆژی) دانراون و تۆمار کراون . بێشك ، لە زمانی کوردیدا نەبونی لێکۆڵینەوە لەم روەوە بوەتە هۆی ئاڵۆزی و نائاشکرایی گەلێك کێشەی زمانەکەمان .

لێکۆڵینەوەی قوڵ و تەواو لە فرێزیۆلۆژی زمانی کوردی ، مەودای ساغکردنەوەی گەلێك کێشەی گرنگ و ئاڵۆزی وشە ئاسان دەکات .

ئەرکی سەرەکی فرێزیۆلۆژی لە سەرێکەوە ناسینی لێکۆڵینەوەی سیستێمی زمانە لە ئێستا و رابوردویدا ، لە پەیوەستییدا لە گەڵ وشە و دروست بونیدا . لە سەرێکی دیکەوە رونکردنەوە و دەرخستنی پەیوەندییەتی لەگەڵ رێزماندا .

* * * *

(١٠) صادق بهاءالدین ئامێدی ، ئیدیەمێت کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٣ .

فەرهەنگ نوسی

فەرهەنگ ـ ئەو کتێبەیە ، کە وا وشەی تێدا تۆمار کراوە . جگە لە ریز کردنی وشـە ، هـەروەها لێی کۆڵراوەتەوە و مانای رۆنکراوەتەوە و لێکدراوەتەوە و شیکراوەتەوە و زانیاری دەربارەی چۆنێتی نوسینیان و بە دەما هاتنیان و پەیدابونیان ... دراوە .

هەرچەندە فەرهەنگ جۆری زۆرە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا دەتوانرێ دوَ جۆری سـەرەکی جیا بکرێتەوە : یەك ـ فەرهەنگی ئینسکلۆپیدی ، دوَ ـ فەرهەنگی فیلۆلۆژی . فەرهەنگی ئینسکلۆپیدی سەبارەت بە رووداو و دیاردە و خەڵـك ... هتد دەدوێ . هەرچـی فەرهەنگی فیلۆلۆژییە لە وشە دەکۆڵێتەوە ، واتە وشـە کە دانەی زمانە کەرەستەی سەرەکی فەرهەنگی فیلۆلۆژییە .

لە فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیدا خاسیەتی رێزمانی وشـە و نیشاندانی چۆنێتی بەکارهێنانی و پەیدابونی و دروست بونی و چۆنێتی دەوری لە رستەدا ... بەر چاو ناکەوێ ، بەڵکو کاری سەرەکی لە لێکدانەوەی وشەدا ، رۆنکردنەوەی ئەو دیاردەیەیە کە وشەکەی لێوە هاتوە . بەڵام لە فەرهەنگی فیلۆلۆژیدا بە شێوەیەکی سـەرەکی ،

گرنگی بە وشەکە خۆی دەدرێ و مانای لێکدەدرێتەوە و حاڵەتی رێزمانی دەنوسرێ و سەرچاوەی پەیدابونی نیشان دەدرێ و چۆنێتی بەکارهێنانی بەدیار دەخرێ .

فەرهەنگی ئینسکلۆپیدی جۆر جۆرە ، وەك : ئینسکلۆپیدی گەورە ، ئینسکلۆپیدی بچوك ، ئینسکلۆپیدی پزیشکی ، ئینسکلۆپیدی تەکنیکی ... هتد .

فەرهەنگی فیلۆلۆژی بە گوێرەی مەبەست و شێوەی لێکدانەوە و رونکردنەوەی کەرەستەی زمان ، دەتوانرێ بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش بکرێ :

ئەو فەرهەنگانەی بە کەرەستەی زمانی زگماك ، مانای وشەی زمانێکی بێگانە لێکدەدەنەوە ، یاخود بە پێچەوانەوە ـ واتە بە کەرەستەی زمانێکی بێگانە ، مانای زمانی زگماك لێکدەدەنەوە . ئەم جۆرە فەرهەنگانە ، چۆن بۆیان هەیە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بن ـ واتە دوَ زمان بن ، هەروەها بۆشیان هەیە لە زمانێکەوە بۆ چەند زمانێکی دیکە بن ـ واتە فرەزمان بن .

ئەم جۆرە فەرهەنگانە (بە وێنە : فەرهەنگی کوردی ـ عەرەبی ؛ فەرهەنگی عەرەبی ـ کوردی ؛ فەرهەنگی کوردی ـ ئنگلیزی ؛ فەرهەنگی ئنگلیزی کوردی ؛ فەرهەنگی کوردی ـ روَسی ؛ فەرهەنگی روَسی ـ کوردی ؛ فەرهەنگی کوردی ـ عەرەبی ـ فارسی .... هتد) تا رادەیەك لە کاری فەرهەنگنوسی کوردیدا گرنگییان پێدراوە و ژمارەیەك فەرهەنگی کوردی ـ بێگانە ،

بێگانە ـ کوردی نوسراوە .

لەتەك ئەو جۆرە فەرهەنگانەدا ، هەروەها فەرهەنگ هەن کە وشەی زمانێك بە کەرەستەی هەمان زمان لێكدەدەنەوە . ئەم فەرهەنگانەش چەشنی جیاوازیان هەیە... بەداخەوە لە کاری فەرهەنگ نوسی کوردیدا ، گرنگی بەم جۆرە فەرهەنگانە کەم دراوە[1] .

کاری فەرهەنگ نوسی کوردی

ـ ١ ـ

لە سەرەتاوە تا شەڕی یەکەمی جیهان

دەمێکە دەست بە کاری فەرهەنگ نوسی کوردی کراوە و دانەری یەکەم فەرهەنگی کوردی کورد بووە. لە ساڵی ١٠٩٤ ی ك ـ ١٦٨٢/١٦٨٣ی زدا شاعیری مەزنی کورد ئەحمەدی خانی لە ژێر ناوی (نەوبەهار)دا فەرهەنگۆکێکی بە شیعر بۆ یارمەتی دانی منداڵانی کورد لە فێربونی زمانی عەرەبیدا نوسیوە و لە سەرەتادا پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە :

نە ژ بو صاحب رواجان
بلکی ژ بوچوکی د کرمانجان

ئەم فەرهەنگە چەند جارێك لە چاپ دراوە :

(١) لەو باسەدا کە لێرەوە دەستی پێ دەکەین ـ وانە لە باسی ئەو فەرهەنگانەدا ، کە هەر لە زووەوە تا ئەمڕۆ لە مێژوی فەرهەنگ نوسی کوردیدا دانراون ، ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە .

یەك ـ لە باشكۆی فەرهەنگەكەی یوسف ضیاءالدین پاشای خالدی[۲] و
دوَ ـ لە كتێبەكەی (لی‌كۆك)ی زانای ئەڵماندا[۳]...

یەكەم فەرهەنگی كوردی كە لە لایەن ئەوروپاییەكانەوە نوسرابێ ئەو فەرهەنگە ئیتالیایی ـ كوردییەیە كە قەشەی ئیتالیایی (ماوریزۆ گارزۆنی Maurizio Garzoni) لە ساڵی ١٧٨٧ دا لە رۆما لە باشكۆی ئەو كتێبەدا كە لە بارەی زمانی كوردییەوە نوسیویەتی بڵاوی كردۆتەوە[٤]. ئەم فەرهەنگە دەور و بەری پێنج هەزار وشەی ئیتالیایی‌یە كە مانا كانیان بە شێوەی كوردی ئامێدی لێك دراوەتەوە و لە چۆنێتی شەرح و روونكردنەوە و دانی مانای وشەدا بە نیسبەت ئەو دەمەوە زۆر سەركەوتووە و تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا كە نزیكەی (٢٠٠) ساڵێك بە سەر لە چاپدانیدا تێپەڕیوە، هێشتا سوَد و كەڵكی هەر بەردەوامە.

لە ساڵی ١٢١٠ی ك ـ ١٧٩٥ی ز دا شیخ مارفی نۆدێی لە ژێر ناوی (احمدی)دا بە شیعر فەرهەنگۆكێكی عەرەبی ـ كوردی داناوە. ئەم فەرهەنگۆكە هەر لە ساڵی ١٩٣٦دا دوَ جار لە چاپ دراوە: یەك ـ لە سلێمانی[٥]، دوَ ـ لە بەغدا[٦]. پاش ئەوەش

---

(٢) یوسف ضیاءالدین پاشا الخالدی المقدسی، الهدیة الحمیدیة فی اللغة الكردیة، استانبول، ١٣١٠ هـ ـ ١٨٩٣ م.

(٣) Le Coq, Kurdische Texte, Berlin, 1903 ; T. I. II.

(٤) Maurizio Garzoni, Grammatica e vocabolario della lingua Kurda, Roma, 1787.

(٥) شێخ مارفی نۆدێی، احمدی، سلێمانی، ١٩٣٦.

(٦) شێخ مارفی نۆدێی، احمدی، بەغدا، ١٩٣٦.

گەلێ جاری تر لەچاپ دراوەتەوە .

لە پاش نۆسینی ئەو چەند کارەی لە سەرەوە ناومان بردن تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە لەم روەوە هیچ شتێکی وەها نەنۆسراوە کە شایانی باس بێت . ئەوەی کە هەبێت تەنها ئەو دۆ سەد وشەیەیە کە لە لایەن ریچ(۷) و ئەو ۲۷۳ یەیە لە « فەرهەنگی بەراوردێ هەمۆ زمان و شێوەکان »دا تۆمارکراوە(۸) .

لە سەرەتای نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەدا لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردێ بە گشتێ و نۆسینی فەرهەنگ بە تایبەتێ کەوتە برەو . لە سالانی ۱۸٥٦ و ۱۸٥۷ و ۱۸٥۸ دا رۆژهەلاتناسی بە ناوبانگ ، زانای گەورەی روس - پێوتر لێرخ سێ کتێبی لە بارەی کورد و کوردستانەوە بلاوکردەوە(۹) . کە تا ئەمرۆش لە کتێبخانەی کوردناسیدا

---

(۷) C. J. Rich, Narrative of a residence in Koordistan and on the site of ancient Niniveh, ... London, 1836 - 1837, pp. 394 – 398.

(۸) П.С. Палас. Сравнительные словари всех языков и наречий, СПб., 1787, ч. I, № 77

(پ س. پالاس ، فەرهەنگی بەراوردێ هەمۆ زمان و شێوەکان ، پیترسبورگ ، ۱۷۸۷) .

(۹) П. Лерх. Исследования об иранских курдах и их предках северных халдеях, СПб., 1856, 1857, 1858

(پ. لێرخ ، لێکۆڵینەوە لە بارەی کوردەکانی ئێران و خالدییەکانی=

هاوتایان کەمە و بە سەرچاوەیەکی رەسەن دەژمێررێن . لە کتێبی سێیەمیـــدا فەرهەنگێکی کوردی (کرمانجی ژوورو) - روسی (ل ١ - ٨٤) ، وە کوردی (زازا) - روسی (ل ٨٥ - ١٠٨) لە چاپ داوە .

ئا. ژابا جگە لەو خزمەتەی کە لە تۆمار کردنی فۆلکلۆر و لێکۆڵینەوەی کورد و زمانەکەیدا کردویەتی ، لە نوسینی فەرهەنگی کوردیدا کارێکی گەورە و خزمەتێکی بێشوماری کردوە . ئەم زانایە خاوەنی یەکەم فەرهەنگی کوردی - فەرەنسی یە کە لە پاش خۆی بە فەرمانی ئەکادیمیەی روسی لە ساڵی ١٨٧٩ دا فێردیناند یوستی بڵاوی کردەوە[١٠] . ئەم فەرهەنگە بریتیە لە (٤٦٣) لاپەڕە و (١٥) هەزار وشەی کوردی کە جگە لە لێکدانەوە و شەرح کردنیان لە داڕشتن و دروست بون و پەیدابونیان کۆڵیوەتەوە و هەروەها لەگەڵ وشەکانی فارسی و عەرەبی و تورکیدا بەراوردی کردوون .

ئا. ژابا هەروەها دو فەرهەنگی تریشی داناوە : فەرەنسی - روسی - کوردی ، وە کوردی - فەرەنسی - روسی کە هێشتا بە دەستنوسی ، ماونەتەوە و لە ئارشیفی ئەکادیمیەی زانستی سۆڤێت لە لینینگراد هەڵگیراون .

س. ری - میسیۆنێر (مبشر)ی ئەمەریکایی ماوەیەکی درێژ لە

= سەرۆی باو باپیرانیانەوە ، پیترسبورگ ، بەشی یەکەم ١٨٥٦ ، بەشی دوەم ١٨٥٧ ، بەشی سێهەم ١٨٥٨ .

(١٠) A. Jaba, Dictionnaire kurde - francais, St-Petersbourg, 1879.

ناوچەی هەکاری ژیاوە و ساڵی ١٨٧٠ کورتەیەکی ڕێزمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە (١١) لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا فەرهەنگۆکێکی بیست لاپەڕەیی کوردی - ئینگلیزی نوسیوە

نزیك کۆتایی سەدەی نۆزدە ڕۆژهەڵاتناس - ئا. سۆسین کتێبێکی لە بارەی ڕێزمانی کوردییەوە بڵاوکردەوە (١٢) کە بەشی سێیەمی بریتییە لە فەرهەنگۆکێکی کوردی - ئەڵمانی (ل ٢٨١ - ٣٤١).

لە کتێبەکەی س. ئا. یەگیزارۆڤدا کە لە بارەی ئەتنۆگرافیای کوردەوە نوسیویتی (١٣) ، چاومان بە دوو فەرهەنگۆك دەکەوێ :

(١١) S A. Rhea, Brief Grammar and vocabulary of the Kurdish Language of the Hakari district in « Journal of the American Oriental Society », New Haven, 1872. Vol X.

(١٢) E. Prym and A. Socin, Kurdische Sammlungen, Abt I. II, S. Pbg, 1887 - 1890.

(١٣) С.А. Егизаров. Краткий этнографический очерк курдов Эриванской губернии, "Записки Кавказского отдела императорского Русского географического общества", книжка XIII, выпуск 2, Тифлис, 1891

س. ئا. یەگیزارۆڤ ، مێژوویەکی ئەتنۆگرافی کورتی کوردی پارێزگای یەریڤان ، « هەواڵەکانی لقی قەفقاسیای کۆمەڵی جوگرافیایی ڕوسی ئیمپراتۆری » ، تفلیس ١٨٩١ .

یەك ـ کوردیی ـ رۆسیی (ل ١ ـ ٦٥) ؛ دوو ـ رۆسیی ـ کوردیی (ل ٦٦ ـ ١٢٢) . یەکەم دەوری سێ هەزار ، دووەم ـ چوار هەزار وشەیەکی تیایە .

ساڵی ١٨٩٣ یوسف ضیائەددین پاشای خالدیی فەرهەنگێکی کوردیی ـ عەرەبیی لە ئەستەمبوڵ لە چاپ دا[١٤] . ئەم فەرهەنگە ، کە (٣١٩) لاپەڕەیە ، لە سامانی فەرهەنگ نوسیی کوردیدا کارێکی بە نرخە ...[١٥]

مێجەر سۆن لە پاشکۆی ئەو کتێبەی لە ساڵی ١٩١٣دا لە لەندەن بڵاوی کردۆتەوە[١٦] ، فەرهەنگۆکێکی ئینگلیزیی ـ کوردیی (ل ١٧٠ ـ ٢٨٩) داناوە . هەروەها لەو کتێبەشدا کە لە ساڵی ١٩١٩دا لە بەغدا لە چاپ دراوە[١٧] ، فەرهەنگۆکێکی ئینگلیزیی ـ کوردیی حەفتا لاپەڕەیی نوسیوە .

ساڵی (١٩١٦)ش ف. نیکیتین فەرهەنگۆکێکی رۆسیی ـ

(١٤) سەرچاوەی ناوبراو ، یوسف ضیاءالدين پاشا الخالدي المقدسي ، الهدية الحميدية في اللغة الكردية ، استنبول ، ١٣١٠ ھ ـ ١٨٩٣ م .

(١٥) بۆ وەرگرتنی زانیاریی پتر لە بارەی ئەم فەرهەنگەوە ، بڕوانە : مامۆستا نەجمەددین مەلا ، گەنجینەیەکی پڕ گەوهەری کوردان ، گۆڤاری « رۆژی نوێ » ، ژ ١٢ ، سلێمانیی ، ١٩٦٠ ، ل ٢١ ـ ٢٥ .

(١٦) E. B. Soane, Grammar of the Kurmanji or Kurdish Language, London, 1913.

(١٧) E. B. Soane, Elementary Kurmanji Grammar, Baghdad, 1919.

کوردی لە ورمێ بڵاوکردەوە[18] و دوای ئەوە بە سێ ساڵ کتێبی ڕێزمانی میسیۆنێری ئەمەریکایی ل. و. فۆســـۆم دەرچو[19] ، کە فەرهەنگۆکێـکی شازدە لاپەڕەیی لەگەڵدا بڵاوکردۆتەوە (ل ٢٦٢ ـ ٢٧٨).

ـ ٢ ـ

پاش شەڕی یەکەمی جیهان

لە کوردستان :

لە ساڵانی ٣٠ی سەدەی بیسـتەمدا دەورێـکی نوێ لە مێژوی فەرهەنـگنوسی کوردیدا دەست پێدەکات و ئەمەش یەکێک بوو لە ئەنجامەکانی قوڵ بونەوەی هەسـتی نەتەوایەتی کە یەکێک لە بەرهەمە ڕۆشنبیرییە گرنگەکانی بریتی بوو لە بایەخ پێدانی خوێندەوارانی کورد خۆیان بە لێکۆڵینەوەی زمان و ئەدەب و مێژوی گەلەکەیان . کاری فەرهەنـگنوسی تا ساڵانی پەنجا لە چوارچێوەیەکی سست و سادە و ساکاردا مایەوە و ئەوانەی لەو ماوەیەدا بڵاوکراونەتەوە و شایانی باسن بریتین لە : یەکەم ـ لیستەی ئەو زاراوە کۆمەڵایـەتی و سیاسیانەی جەلادەت عالی بەدرخان لە سـالانی سیدا لە بەشێکی تایبەتی گۆڤاری

(18) В. Никитин. Краткий русско-курдский военный переводчик, Урмия, 1916

(ڤ. نیکیتین ، فەرهەنگی جەنـگی ڕوسی ـ کوردی ، ورمێ ، ١٩١٦

(19) L. O. Fossum, A practical Kurdish grammar, Minneapolis, 1919.

« هـــاوار »دا له ژێر ناوی « فەرهەنگۆك »دا بڵاوی کردۆتـەوە ؛ دووهەم ـ ئەو زاراوانەی مامۆســـتا عەلادین سەجادی لە گۆڤاری « نزار »دا بڵاوی کردۆتەوە ؛ ســـێهەم ـ فەرهەنگۆکەکەی مامۆستا شاکر فەتاح کە ســـاڵی ١٩٣٤ لە چاپی‌داوە [٢٠] ؛ چوارەم ـ ئەو فەرهەنگە عەرەبی ـ کوردییەی ، شاعیری کورد مامۆستا عەبدوڵڵا زێوەر ساڵی ١٩٤١ دایناوە[٢١] ....

لە ماوەی ئەم بیست ســـاڵەی دواییشدا هەندێ مامۆســـتای دڵسۆز لەم مەیدانە پیرۆزەدا هەنـگاوی گەورەیان ناوە و ژمارەیەك فەرهەنگی بایەخداریان بڵاوکردۆتەوە و کاری فەرهەنـگ نوسی کوردی پێشکەوتوە و پەرەی سەندوە و گەشەی کردووە .

مامۆستا گیو موکریانی دەورێـکی گەورە و بەرزی لە مێژوی فەرهەنـگ‌نوسی کوردیدا بینیوە و دەها ســـاڵ لە ژیانی لاوی و پیری بەو کارەوە بردۆتە سەر و لە ئەنجامدا چەند فەرهەنـگێـکی داناوە :

« رابەر » ـ فەرهەنـگێـکی قوتابخانەیی عەرەبی و کوردییە ، لە

---

(٢٠) شاکر فتاح ، فەرهەنـگۆك ، ئینـگلیزی ـ کوردی و کوردی ـ ئینـگلیزیە ، رەواندوز ١٩٣٤ .

(٢١) ئەم فەرهەنـگە کە تەرجەمەی فەرهەنـگی « اختری »یە ، وەك دانەر نوسیویەتی لە بیست و پێنجی مانـگی تەموزی ١٩٤١ دا تەواو بوە . بەلام بەداخەوە تاکو ئێستا لە چاپ نەدراوە و بە دەستنوسی ماوەتەوە . ئەم دەستنوسە کە دو دەفتەری گەورەیە لە کتێبخانەی « کۆڕی زانیاری کورد »دا پارێزراوە .

ساڵی ۱۹۵۰دا لە چاپخانەی کوردستان لە هەولێر دەرچووە[٢٢] . ئەم فەرهەنگە نزیکەی (١٥) هەزار وشـــەی عەرەبییە ، کە ماناکانیان بە کوردی لێدراوەتەوە . لە کردنەوەی مانای وشە ، لە وەرگێڕانی وشە عەرەبییەکاندا بۆ کوردی ، لە شەرح کردنی ئەو وشە عەرەبیانەی لە کوردیدا بەرامبەریان نییە بە تێکڕایی سەرکەوتوە . هەرچەندە پتر لە ٢٠ ســـاڵ بە سەر دەرچوونی ئەم فەرهەنگەدا تێپەڕ بوە ، بەڵام تاکو ئێستا سوود و کەڵـکی هەر بەردەوامە .

لە ســاڵی ۱۹۵۵یشدا فەرهەنگێـکی کوردی ـ عەرەبی ـ فارسی ـ فەرەنسی ـ ئینگلیزی لـە ژێر ناوی « کۆڵکەزێڕینە »دا بڵاوکردەوە[٢٣] . وشەکانی ئەم فەرهەنگە بەسەر (٥٩) باسی بچوکدا دابەش کراون و لە هەر باسێکدا زوربەی ئەو وشانە بەرچاو دەکەون کە پەیوەندییان بەو بـــاسەوە هەیە . هەرچەنـــدە لەم فەرهەنگەدا ناتەواوی و کەم و کورتی هەیە ، بەڵام دەتوانرێ بەشی زۆری ئەو ناتەواوییانە بخرێتە ئەستۆی دواکەوتنی زانستی فەرهەنـــگ نوسی کوردی لەو سەردەمەدا .

مامۆســـتا گیوموکریانی لە ســـاڵی ١٩٦٦ دا چاپی دووەمی « کۆڵـکەزێڕینە »ی دەرکرد[٢٤] . چاپی دووەم ڕێتییە لە هەڵبژێری و

(٢٢) گیو موکریانی ـ « رابەر » ، فەرهەنگێـکی قوتابخـانەیی عارەبی و کوردییە ، هەولێر ، ١٩٥٠ .

(٢٣) گیو موکریانی ـ « کۆڵـکەزێڕینە » ، کوردی ـ فارسی ـ عەرەبی ـ فەرەنسی ـ ئنـگلیزی ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، ١٩٥٥ .

(٢٤) گیو موکریانی ـ « کۆڵـکەزێڕینە » ، کوردی ـ فارسی ـ عەرەبی ـ فەرەنسی ـ ئنـگلیزی ، چاپی دوەم ، هەولێر ١٩٦٦ .

پترکردن و هەروەها لەگەڵ چاپی یەکەمیدا گەلێك جیاوازی هەیە و زۆر لەو کەم و کورتییانەی لە چاپی یەکەمدا هەبوون چارکردوە .

ساڵی ۱۹٦۱یش فەرهەنگێکی کوردی ـ عەرەبی لەژێر ناوی فەرهەنگی « مەهاباد »دا بڵاوکردەوە(۲٥) . ئەم فەرهەنگە چ لە بارەی زۆری وشەوە و چ لە بارەی شێوە و شێواز و جۆری دانانیەوە ، گەلێك باشترە و کەم و کورتی کەمترە وەك لەوانەی پێشوی . ژمارەی وشە کوردییەکانی ئەم فەرهەنگە نزیکەی (۳۰) هەزار وشەیە ـ واتە دوو ئەوەندەی فەرهەنگی « رابەر »ە . لە جۆری ریزکردن و رێکخستنی وشەکاندا و لە چۆنێتی لێکدانەوە و یەکلاکردنەوە و دانی مانای وشەدا لەسەر رێگایەکی نوێی و راست و جوان رۆیشتوە .

جگە لەو فەرهەنگانەی باسمان کردن ، مامۆستا گیو موکریانی فەرهەنگی « کوردستان » یشی داناوە . ئەم فەرهەنگە کە کوردی ـ کوردییە هێشتا لە چاپ نەدراوە(۲٦) .

ساڵی ۱۹٥٥ مامۆستا عیززەددین مەلا مستەفا « فەرهەنگۆك بۆ قوتابییانی کورد »ی بڵاوکردەوە(۲۷) . ناوەرۆك و مەبەستی ئەم بەرهەمە ،

---

(۲٥) گیو موکریانی ـ « مەهاباد » ، فەرهەنگێکی قوتابخانەیی کوردی و عەرەبییە ، هەولێر ، ۱۹٦۱ .

(۲٦) بۆ وەرگرتنی زانیاری پتر لە بارەی فەرهەنگەکانی مامۆستا گیو موکریانییەوە ، بڕوانە : ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، چالاکی مامۆستا گیو موکریانی لە مێژوی فەرهەنگ نوسینی کوردیدا ، رۆژنامەی « هاوکاری » ، ژ ۱۰۰ ـ ۱۰٤ ، بەغدا ، ۱۹۷۲ .

(۲۷) عیززەددین مەلا مستەفا ، فەرهەنگۆك بۆ قوتابیانی کورد ، بەغدا ، ۱۹٥٥ .

وەك دانەر خۆی لەسەر بەرگ و لە پێشەکییەکەیدا پەنجەی بۆ راکێشاوە ، لێکدانەوەی مانای وشە عەرەبییەکانی کتێبی خوێندنەوەی عەرەبی پۆلی چوارەم و پێنجەم و شەشەمی سەرەتایی و ئاســـان کردنی کار و پاشەکەوت کردنی کاتی قوتابییانی کوردە لە تێگەیشتنی ئەو وشانەدا ، کە لە پاشکۆی کتێبەکانیاندا تۆمار کراون .

شـێخ محەمەدی مەردۆخ کە زانایەکی بە ناوبانگ و ناسـراوی کوردە ، لە مەیدانی دانانی فەرهەنگی کوردیدا هەوڵ و کۆششێـکی زۆری داوە . ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە فەرهەنگێکی « کوردی - فارسی - عەرەبی » لە ساڵی ١٩٥٦دا لە تاران لە چاپ داوە[٢٨] . ئەم کارە بەراستی کۆششێکی گـەورە و نوســـراوێـکی بەنرخ و نایابە و کەلێنێـکی گـەورەی لە کاری فەرهەنگ نوسی کوردیدا پڕکردۆتەوە . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند کەم و کورتییەکی تێدا دەبینرێ ، وەك ئەوەی کە هەندێ وشەی دروست کراو کەوتوەتە ناو فەرهەنگەکەوە کە لە زمانی کوردیدا نین و لە گـەڵ دەستوری زمانی کوردیدا ناگونجێن ، یاخود ژمارەیەك وشەی عەرەبی و فارسی وەهای تۆمار کردوە کە کورد بەکاریان ناهێنن . لە لێـکدانەوە و شەرحی وشەشدا ناتەواوی و ئاڵۆزی دەبینرێ . ناتەواوی هەرە گـەورەی ئەم فەرهـەنگە ئەوەتە کە بە دەســـت نوسراوەتەوەو بە زەنـکۆگراف لەچـــاپدراوە . نوسینەوەکەشی بەشێوەیەکی فارسی شکستەیە . ئەوەش بوە بە هۆی ئەوە کوردی عێراق کە فارسی نازانن لە سنورێـکی تەسـکدا نەبێ

---

(٢٨) شێخ محەمەدی مەردۆخ ، فەرهەنـگی « مەردۆخ » ، تاران ، ١٩٥٦ .

کەڵکی لێ وەرنەگرن ... بەڵام هێشتا ئەم کەم و کورتییانە ئەو کارە بە نرخە بێبایەخ ناکەن .

تاوەکو ساڵی ۱۹٦۰ فەرهەنگێکی کوردی ـ کوردیمان نەبوو . هەست و چالاکی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ ئەم کەلەبەرەیان بۆ پڕ کردینەوە . ئەوەبوو لە ساڵی ۱۹٦۰ ـ ۱۹٦٤دا بەرگی یەکەم و دووەمی فەرهەنگی « خاڵ » دەرچوو[۲۹] ، کە تا کۆتایی پیتی (ف) دەگرێتەوە . مامۆستا خاڵ پاشماوەکەشی خستوەتە ژێر چاپەوە .

فەرهەنگی « خاڵ » یەکێکە لە فەرهەنگە سەرکەوتووەکانی کوردی و بەرهەمێکی بەنرخ و بایەخدارە و بەگشتی لەسەر شێوەیەکی جوان و راست دانراوە و گەلێك لەو گرانی و ناتەواوییانەی کە لە فەرهەنگەکانی پێش ئەودا هەبوون ئەم ئاسانی کردوون و پڕی کردوونەتەوە .

بۆ لێکدانەوە و کردنەوەی مانای وشە نووسەر چەند رێگایەکی راست و زانستی گرتوە . بۆ ئەو وشانەی کە بتوانرێ بە یەك وشە مانایان نیشان بدرێ نیشانی داوە . ئەو وشانەش کە پێویستیان بە شەرح بووبێت شەرحی کردوون . لە زۆر شوێنیشدا بۆ ئاسانکردنی تێگەیشتن لە مانای وشە و بۆ فێربوونی بەکار هێنانی وشە ، وەك نموونە رستەی ئاسان و رێك و پێکی هێناوەتەوە ...

هەرچەندە چەند ناتەواوی و کەم و کورتییەکی کەم لە « فەرهەنگی

---

(۲۹) شێخ محەمەدی خاڵ ، فەرهەنگی « خاڵ » ، ب ۱ ـ ۲ ، سلێمانی ، ۱۹٦۰ ـ ۱۹٦٤ .

خاڵ »دا هەیە ، بەڵام ئەو ناتەواوییانە بە جۆرێــك نین لە نرخی فەرهەنگەکە کەم بکەنەوە . بە گشتی فەرهەنگی « خاڵ » فەرهەنگێکی سەرکەوتوە و کارێکی گرنگ و پێویستە ، بەرهەمی رەنجی چەند ساڵەی مامۆستا خاڵە لە تواندنی هونەرێکی بەرز لە دانانی یەکەم فەرهەنگدا لە کوردییەوە بۆ کوردی(۳۰) .

ساڵی ۱۹۶۲ مامۆستا عەلائەددین سەجادی فەرهەنگێکی « کوردی ـ عەرەبی ـ فارسی » بلاوکردەوە(۳۱) مامۆستا لەم نوسراوەدا جگە لە پێشەکی کە بە هەر سێ زمان ـ واتە کوردی عەرەبی و فارسی نوسیویتی ، بە تایبەتی لە کەم و کورتی و چەڵەمەی ئیملای کوردی دواوە ، هەروەها لە (۱۵) لاپەڕەیەکدا لە سەر رێزمانی کوردی نوسیوە و لە چەند شتێکی پێویست و سەرەتایی بۆ فێربونی زمان و بەکار هێنانی فەرهەنگ کۆڵیوەتەوە .

نوسەر وشەکانی ئەم فەرهەنگەی بەسەر (۱۷) باسی فراواندا دابەش کردوە و ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە لە هەر باسێکدا زوربەی ئەو

---

(۳۰) لە ژمارە ۱۹ ـ ۲۲ ی ساڵی ۱۹۷۱ ی رۆژنامەی « هاوکاری »دا لە ژێر ناوی « فەرهەنگی خاڵ »دا ، وە لە ژمارە ۱۰۵ ـ ۱۰۸ ی ساڵی ۱۹۷۲ ی هەمان رۆژنامەدا لە ژێر ناوی « چەند رونکردنەوە و بەڵگە و تێبینییەکی نوێ دەربارەی فەرهەنگی خاڵ »دا زنجیرەیەك وتارم لە بارەی فەرهەنگی ناوبراوەوە بلاوکردوەتەوە و بە دور و درێژی باسی زۆر روی ئەو کارەم تیا کردوە .

(۳۱) عەلائەددین سەجادی ، دەستور وە فەرهەنگی زمانی کوردی ـ عەرەبی ـ فارسی ، بەغدا ، ۱۹۶۲ .

وشانە بەر چاو دەکەون کە پەیوەندییان بە سەرباسەکەیانەوە هەیە و بێ گومان ئەمەش یەکێکە لە رووە چاکەکانی فەرهەنگەکە ... بەڵام بەداخەوە هەندێك کەم و کورتی بەر چـاو دەکەون کە بوون بـە هۆی ئاڵۆزکردن و شێواندنی هەندێ رۆی ئەو نوسراوە . بە وێنە دەبینین لە ریزکردنی وشەکاندا نارێـکی زۆرە و ئەمەش بووەتە هۆی زەحمەت کێشان لە دۆزینەوەی وشەدا . هەروەها زۆر جار لە ژێـر سەرباسەکاندا وشە دەبینرێن کە پەیوەندییان لەگەل سەرباسەکەدا نییە یاخود زۆر وشە کە پەیوەندییان هەیە و کەچی نەنوسراون . ئەمانە و چەند ناتەواوییەکی تر ، وەك دووپاتکردنەوە لە تۆمارکردنی وشەدا و هەڵـەی ئیملا ... دەبینرێن .

« فەرهەنگا کوردی » ، کە مامۆستا جگەر خوێن داینا وە ، لە ساڵی ١٩٦٢دا بەرگی یەکەم و دوەی لە بەغدا چاپکراوە[٣٢] .

ئەم فەرهەنگە کە کوردی ـ کوردییە و بە شێوەی کرمانجی ژوورووە بێ شك دەوری خۆی بینیوە و دەبینێ ، بەڵام بەداخەوە لەم فەرهەنگەدا کەم و کورتی و ناتەواوی ئێجگار زۆرە . ئەگەر ئەم فەرهەنگە لەگەڵ فەرهەنگی « رابەر »ی مامۆستا گیو موکریانی ، کە لە ساڵی ١٩٥٠دا دەرچووە ، یا لەگەڵ فەرهەنگی « خاڵ »ی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ ، کە بەرگی یەکەمی لە ساڵی ١٩٦٠دا بڵاوکراوەتەوە بەراورد بکەین ، ئەوە دەبینین کە کەم و کورتی « فەرهەنگا کوردی » گەلێك زۆرترە وەك لەو دوو فەرهەنگەی لە سەرەوە ناومان بردن ،

---

(٣٢) جگەر خوێن ، فەرهەنـگا کوردی ، ب ١ ـ ٢ ، بەغدا ، ١٩٦٢ .

لە گەڵ ئەوەی فەرهەنگی مامۆستا جگەر خوێن لە پاش فەرهەنگی « رابەر » و « خاڵ » دەرچوە . لێرەدا وا دەردەکەوێ کە مامۆستا جگەر خوێن سوودی لەو فەرهەنگە کوردییانە نەبینیوە کە لە پێش فەرهەنگەکەی ئەو دەرچوون و زۆر کاری ئاڵۆزیان خاوکردۆتەوە و بەسەر گەلێك کۆسپدا سەرکەوتوون[٣٣] .

مووسا عەنتەر ساڵی ١٩٦٧ لە ئەستەمبوڵ فەرهەنگێکی کوردی - تورکی لە چاپ دا[٣٤] . ئەم فەرهەنگە ، کە یەکەم فەرهەنگە لە کوردییەوە بۆ تورکی ، دەور و بەری (١٠) هەزار وشەیەك دەبێت . جگە لەوە ، دانەر لە پاشکۆی ئەم نووسراوەدا هەندێ لە دەنگەکانی زمانی کوردی دواوە .

ساڵی ١٣٤٧ی. ش. - ١٩٦٨ی ز لە تاران م. ئەورەنگ بەرگی یەکەمی « فرهنگ کردی »ی بڵاوکردەوە[٣٥] ، کە تەنیا پیتی (آ - ب) دەگرێتەوە . لەم بەرگەدا ٦٤٠٠ وشەی کوردی تومار کراوە و بە شێوەیەکی باش ماناکانیان بە فارسی لێکدراوەتەوە . ئەم فەرهەنگە کە کوردی - فارسییە ، کارێکی سەرکەوتوو و نایابە ... نووسەر بۆ بەجێهێنانی ئەم ئەرکە ، سوودێکی زۆری لە کاری فەرهەنگ

---

(٣٣) بۆ وەرگرتنی زانیاری تەواو سەبارەت بەم فەرهەنگە ، بڕوانە : ئەو زنجیرە وتارەی کە نووسەری ئەم باسە لە ژمارە ١٣٧ - ١٣٨ ی ساڵی ١٩٧٢ ی رۆژنامەی « هاوکاری »دا لە ژێر ناوی « فەرهەنگەکەی مامۆستا جگەر خوێن »دا بڵاوی کردوەتەوە .

(٣٤) Musa Anter, Ferhanga Kurdi - Tirki, Istanbul, 1967.

(٣٥) م. اورنگ ، فرهنگ کردی ، تهران ، ١٣٤٧ .

نوسـینی کوردی (به تایبەتی لــه فەرهەنگی خاڵ و مەردۆخ و « مەهاباد »ی گیو موکریانی و تۆفیق وەهبی) وەرگرتوە[36] .

مامۆســتا مەلا عەبدولـکەریمـی مودەڕیسیـش ، ســاڵی ۱۹۷۰ فەرهەنگێکی عەرەبی ـ کوردی بە شیعر لە چاپ دا[37] . ئەم فەرهەنگە ، کە لەسەر شێوەی فەرهەنگی « نەوبەهــار »ی ئەحمەدی خانی و « ئەحمـەدی »ی شـێخ مارف نۆدێی دانراوە ، بەرهەمێـکی بەنرخە لە کاری فەرهەنگ نوســین کوردیدا بەنیازی منداڵان فێرە وشەی عەرەبی کردن . ئەم نوسراوە بریتییە لە (۱۱۲) لاپەڕە و چەند باسێـکی گرنگ و پێویست .

ســاڵی ۱۹۷۱ مامۆستا عەبدولقادر بەرزنجـی « فەرهەنـگی زانیاری »[38] ، ساڵی ۱۹۷۲ ـ ۱۹۷۳ مامۆسـتا مەعروف قەرەداغی « فەرهەنگی کشت و کاڵ »[39] و ســاڵی ۱۹۷٤ مامۆسـتا کەمال جەلال غەریب « فەرهەنـگی زانیاری »[40] یان بڵاوکردەوە . بێگومان ئەم سێ فەرهەنــگە کارێـکی گەورە و پێویستن و جێـگای خۆیان

---

(۳٦) بڕوانە : هەمان سەرچاوە ، ل ٥ .

(۳۷) مەلا عبدالـکریمی مدرس ـ « دوو ڕشتە » ، فەرهەنـگێـکی عەرەبی و کوردییــە بە هەڵبەست ، بەغدا ، ۱۹۷۰ .

(۳۸) عەبدولقادر بەرزنجی ، فەرهەنـگی زانیاری ، سلێمانی ، ۱۹۷۱ .

(۳۹) مەعروف قەرەداغی ، فەرهەنـگی کشت و کاڵ ، ب ۱ ـ ۲ ، بەغدا ، ۱۹۷۲ ـ ۱۹۷۳ .

(٤۰) کەمال جەلال غەریب ، فەرهەنـگی زانیاری ، عەرەبی ـ کوردی ، ب ۱ ـ ۲ ، سلێمانی ، ۱۹۷٤ .

لە کتێبخانەی کوردیماندا بەگشتی و سامانی فەرهەنگ نوسیماندا بە تایبەتی گرتووە و هەروەها کەلێنێکی باشیان پڕکردۆتەوە. هەرچەندە لەم سێ فەرهەنگەدا هەندێ کەم و کورتی هەیە، بەڵام وەك تەجروبەی یەکەم لەو مەیدانەدا سەرکەوتوویی خۆیان نیشان داوە.

لەم دوو سێ ساڵەی دواییدا[٤١]، مامۆستا محەمەد ئەمینی میسری سەیدیان لە مەهاباد فەرهەنگۆکێکی کوردی ـ فارسی ـ عەرەبی بڵاوکردەوە[٤٢]. ئەم فەرهەنگۆکە، بە تایبەتی لە شێوازی ڕێکخستنیدا و لە چۆنێتی لێکدانەوەی مانای وشە کوردییەکانیدا کەم و کورتی زۆر تێدایە. بەراستی ئەم بەرهەمە لەچاو کاری فەرهەنگ نوسی کوردی ئەمڕۆدا، کارێکی زۆر سادە و ساکارە.

ئەوەی پەیوەندی بە داڕشتن و دانان و دۆزینەوە و هەڵبژاردن و وەرگێڕانی زاراوەوە هەبێت، ئەوەیە کە تا ساڵانی ٦٠ ئەم کارە بە شێوەیەکی سست و سادە و ساکار بوو، بەڵام لە شۆڕشی چواردەی تەمموزەوە پێشکەوت و پەرەی سەند. بەرهەمی ئەم دەورە بریتییە لە: ئەو زاراوە زانستییانەی لە لایەن چەند لیژنەیەکی تایبەتی جیاوازەوە داتراون و داڕێژراون و لە چەند ژمارەیەکی ساڵی ١٩٦٠ی گۆڤاری

---

(٤١) ئەم فەرهەنگۆکە دەست خەتە و زەنگۆگرافی وەرگیراوە. نە ساڵی نوسینی و نە ساڵی بڵاوکردنەوەی لە هیچ شوێنێکدا تۆمار نەکراوە. بەداخەوە، نەماتوانی ساڵی نوسینی دەست نیشان بکەین. هەرچی ساڵی بڵاوکردنەوەیەتی، لەو ڕایەداین کە ئەم دوو سێ ساڵەی دوایی بێت.

(٤٢) موحەممەد ئەمینی میسری سەیدیان، خود آموز سە زبان، کردی ـ فارسی ـ عەرەبی.

« رۆژی نوێ »دا بڵاوکراونەتەوە. ڕاستە لە وەرگێڕان و داڕشتن و داتاشینی ئەم زاراوانەدا ناتەواوی و کەم و کوڕی ئێجگار زۆرن، وەك لە وتارەکەی مامۆستا جەمال نەبەزدا[٤٣] کە ڕەخنەی تیا لە زاراوەکانی لیژنەی ڕیاضیات گرتوە ـ خراوەتە پێش چاو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بەرهەمە دەوری خۆی بینیوە و دەبینێ. دوا بە دوای ئەم زاراوانە لە لایەن نەقابەی مامۆستایانی سلیمانییەوە فەرهەنگۆکێ « زاراوەی زانستی » دەرچوو کە ٩٧ لاپەڕەیە. مامۆستا غەفور ڕەشید لە زاراوەکانی بەشی جوگرافیا کۆڵیوەتەوە و ڕەخنەی بەجێی لێ گرتووە[٤٤].

لە ساڵی ١٩٦٠ دا مامۆستا جەمال نەبەز لە ژێر ناوی « هەندێك زاراوەی زانستی » دا فەرهەنگۆکێکی لە چاپ دا[٤٥]. لە ساڵی ١٩٦٠ ـ ١٩٦١ یشدا بە ڕۆنیۆ سەد نوسخەیەکی کتێبێکی لە ژێر ناوی « فەرهەنگۆکی زانستی » دا بڵاوکردەوە[٤٦]. یەکەم ـ نزیکەی سێ سەد، وە دووەم ـ دەور و بەری سێ هەزار زاراوەیەك یان تیایە.

---

(٤٣) جەمال نەبەز، زاراوەکانی لیژنەی ڕیاضیات لە ژێر وردەبینی لێکۆڵینەوەدا، گۆڤاری « ڕۆژی نوێ » ساڵی ١٩٦٠، ژ ٦، ل ١٠٢ ـ ١٠٩؛ ژ ٧، ل ١١٢ ـ ١٢١؛ ژ ٨، ل ٨٥ ـ ٩١.

(٤٤) غەفور ڕەشید، سەرنجێك لە پەراوی زاراوەکانی زانستی کوردی، گۆڤاری « ڕۆژی نوێ »، ساڵی ١٩٦٠، ژ ١٢، ل ٢٧ ـ ٣٥.

(٤٥) جەمال نەبەز، هەندێك زاراوەی زانستی، سلێمانی، ١٩٦٠.

(٤٦) جەمال نەبەز، فەرهەنگۆکی زانستی، هەولێر، ١٩٦٠ ـ ١٩٦١.

دوای بڵاوبوونەوەی ئەو چەند بەرهەمەی لە سەرەوە ناومان بردن ، ماوەی دە ساڵێك لەم رووەوە هیچ شتێکی وەها لە چاپ نەدراوە کە شایانی باس بێت . بەڵام لە رێکەوتنە مێژوویییەکەی مارتی ١٩٧٠ وە دیتسان هەست بە بزووتنەوەی ئەم کارە دەکەین :

ســاڵی ١٩٧١ لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتییەوە ، کە ژمارەیەك لە زانا و کوردیزانی بە توانا هــاوبەشییان تێدا کردوە فەرهەنگۆکێك کە بریتییە لە کۆمەڵێك وشە و زاراوی عەرەبی - کوردی لە ژێر ناوی « فەرهەنگۆکی زاراوەی پارێزگای سلیمانی »دا لە چاپ درا[٤٧] . ئەم فەرهەنگۆکە نزیکەی (١٤٠٠) وشــەیەك دەبێت و بۆ مەبەستی نامە نووسین لە نێوان دام و دەزگاکانی فەرمانڕەواییدا دانراوە[٤٨] .

بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی لە ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٧٢ ی گۆڤاری « پەروەردە و زانست » دا کە ١٩٦ لاپــەڕەیە ، فەرهەنگێکی کوردی - عەرەبی بلاوکردۆتەوە[٤٩] . کە بریتییە لەو زاراوانەی بۆ قوتابخانەکان پێویستن . ســاڵی ١٩٧٤ یش لە ژمارە (٧ - ٨)ی هەمان گۆڤاردا ، تێکڕای ئەو زاراوانەیان کۆکردۆتەوە ،

---

(٤٧) زاراوەی پارێزگای سلێمانی ، سلێمانی ، ١٩٧١ .

(٤٨) بۆ وەرگرتنی زانیاری پتر لە بارەی ئــەم فەرهەنگۆکەوە بڕوانە : ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، چەند سەرنجێك دەربارەی زاراوی پارێزگای سلێمانی ، رۆژنامەی « هاوکاری » بەغدا ، ١٩٧٣ ، ژ ١٦١ - ١٦٢ .

(٤٩) بڕوانە : گۆڤاری « پەروەردە و زانست » ، بەغدا ، ١٩٧٢ ، ژ ٤ .

کە لە فەرهەنگۆکی کتێبی قوتابخانەکاندا بڵاویان کردوەتەوە (٥٠)

کۆڕی زانیاری کورد بە شێوەیەکی زانستی و فراوان گرنگی بەم مەسەلەیە داوە و چاکی مەردایەتی بەلادا کردوە و ڕێبازێکی زانستی دیار کردوە بۆ ئەوەی لە سنوری تواناداا بتوانێت بەرهەمێکی کامڵ بخاتە بەر دەست . تاکو ئێستا لە کۆڕی زانیاری کوردا ژمارەیەکی زۆر لە زاراوی کوردی هەڵبژێرراون و داڕێژراون و داتاشراون . ئەنجامی ئەو هەوڵ و کۆششەش ، ئەو چوار لیستەیەیە ، کە لە هەر چوار ژمارەی گۆڤاری کۆڕدا (٥١) و بە سێ کتێبی سەربەخۆ (٥٢) بڵاوکراونەتەوە . ئەگەر کەم و کورتییەکی کەم لە کاری ئەو زاراوانەدا هەبێ ، خۆ رووە باشەکەی و پوختی و نایابییەکەی و شێوە زانستییەکەی بە جۆرێکە ، کە تا ئەمڕۆ لە کاری زاراوی کوردیدا هاوتای نییە .

---

(٥٠) بڕوانە : گۆڤاری « پەروەردە و زانست » ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ژ ٧ ـ ٨ .

(٥١) بڕوانە : « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، بەرگی یەکەم ، بەشی یەکەم ، ل ٤١٩ ـ ٥٢٦ ؛ بەرگی دوەم ، بەشی یەکەم ، ل ٨٩٤ ـ ٩٤١ ؛ بەرگی دوەم ، بەشی دوەم ، ل ١٦٦ ـ ٢١٨ .

(٥٢) زاراوی کارگێڕی ، دانان و لێدوانی ئەنجومەنی کۆڕ ، پێشەکی و ڕێکخستنی د. کەمال مەزهەر ، بەغدا ١٩٧٣ ـ ١٩٧٤ ؛ زاراوی هەمەچەشنە ، دانان و لێدوانی ئەنجومەنی کۆڕ و لێژنەکانی ، پێشەکی و ڕێکخستنی د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، بەغدا ١٩٧٤ ؛ لیستەی چوارەمی زاراوەکانی کۆڕ ، دانان و لێدوانی ئەنجومەنی کۆڕ و لێژنەکانی ، پێشەکی و ڕێکخستنی د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، بەغدا ١٩٧٥

جگە لەو فەرھەنگ و فەرھەنگۆکانەی لە سەرەوە ناومان بردن ، لەم روەوە ھەندێك کار ھەن کە بە دەستەوەن . ئەوەی لە ناویاندا سەرنج رادەکێشێ و پێویستە بەنجەی بۆ رابکێشین ، فەرھەنگی یەکگرتوی کوردی ـ کوردییە ، کە لیژنەی فەرھەنگی کۆڕی زانیاری کورد خەریکە دای ئەنێ . بە گوێرەی ئەو نەخشەیەی بۆی کێشراوە ، دەبێ ئەم فەرھەنگە . گەورەترین و زانستیترین فەرھەنگی کوردی بێت و ھەمو وشەکانی کوردی بە شێوەکانیەوە بگرێتەوە .

<u>لە یەکێتی سۆڤیێت :</u>

بایەخ دان بە کوردناسی لە ڕۆسیادا دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەوەندەی تر پەرەی سەند و بونی کەمینەیەکی کورد لەم ولاتەدا و ئەو گۆڕانە ھەرە گەورەیەی بە سەر ژیانی نوێیاندا ھات بونە ھۆیەکی گرنگ و نوێی گەشە کردن و پێشکەوتنی کوردناسی سۆڤیێت و یەکێك لە ئەنجامە ھەرە گرنگەکانی ئەوەبو کە پاش ماوەیەك ڕۆڵەکانی ئەم کەمینەیە خۆشیان چاکیان لێکرد بەلادا و چالاکانە ھاتنە کۆڕەوە .

پەرەسەندنی فەرھەنگنوسی ، بێ گومان ھەروەھا بەستەیە بە پەرەسەندنی کوردناسی سۆڤیێت خۆیەوە و لە راستیدا یەکێکە لە رووە ھەرە دیار و گەشەکانی . بۆ نمونە دەبینین :

ساڵی ۱۹۳۳ لە یەریڤان فەرھەنگێکی ئەرمەنی ـ کوردی[٥٣] ،

---

(٥٣) خەبەرناما ژ زمانێ ئەلەبی ـ کورمانجی ، رەوان ، ۱۹۳۳ .

وە سـالّی ١٩٣٥ فەرھەنگۆکی زاراوەی ئەرمـەنی ـ کوردی[٥٤] بڵاوکرایەوە . یەکەمیان نزیکەی (٣٠٠) لاپەڕە و دووەمیان دەور و بەری (٥٠) لاپەرە دەبێ . ھەر چەندە نوسەرانی ئەم دوَ فەرھەنگە ھەندێك وشەی کوردی وایان داڕشتوە کە لەگەڵ دەستوری زمانی کوردیدا ناگونجێن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دوَ فەرھەنگە دەوری خۆیان بینیوە .

سـالّی ١٩٥٧ فەرھەنگێکی نوێی ئەرمەنـی ـ کوردی بڵاوکرایەوە[٥٥] . ئەم فەرھەنگە بریتییە لە (٣٥٢) لاپەڕە و (٢٣) ھەزار وشـەیەك . ھەر چەندە ئەم فەرھەنگە لە گەلێ رووەوە لەوانی پێشوَ چاکتر و سەرکەوتوترە ، بـەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا کەم و کورتی زۆرە ، بە تایبـەتی لەوەی کە بەشـە کوردییەکەی گەلێك وشەی رِوَسی و ئەرمەنی وەھـای تیَکەوتوە کە کورد بەکاریان ناھێنن و ھەروەھا بە زۆر پاشگری (ی ، تی ، چی)یان لـکاندوە بە ھەندێك وشەوە و وشـەی چەوت و ناڕاستیان لێ دروست کردوَن .

ھەر لە ھەمان ساڵدا دوَ فەرھەنـگی دیکە بڵاوکرانەوە، یەك :

---

(٥٤) خەبەرناما ئێرمینۆلۆجیێ فەلەیی ـ کورمانجی ، رەوان ، ١٩٣٥ .

(٥٥) سەمەندێ سیابەند ، ئارامێ چاچان ، خەبەرناما ئەرمەنی ـ کوردی ، یەریڤان ، ١٩٥٧ .

فەرهەنگی رۆسی - کوردی[56] ، دۆ : کوردی - رۆسی[57] . فەرهەنگی یەکەم کە دوکتۆر ئی. فاریزۆڤ داینلوە بریتییە لە (٧٨٢) لاپەڕە و (٣٠) هەزار وشەیەك . فەرهەنگی دووەم کە دوکتۆر چەرکەزی بەکۆ (باکاییێف) داینلوە بریتییە لە (٦١٨) لاپەڕە و (١٤) هەزار وشەیەك . هەر یەك لەم فەرهەنگانە کەلێنێکیان پڕکردۆتەوە و شوێنی دیاریان لە کوردناسی سۆڤێتدا وەرگرتووە .

کوردناسی بەناوبانگ و ناسراو قەناتی کوردۆ (کوردۆیێف) لە ساڵی ١٩٦٠دا فەرهەنگێکی کوردی (کرمانجی ژوورو) - رۆسی لە چاپ دا[58] . کە بەرهەمی رەنجی چەند ساڵی بو . داناتی ئەم فەرهەنگە دەستکەوتێکی گەورەیە لە کاری فەرهەنگ نوسی کوردیدا و هەر لەبەر ئەوەشە شوێنێکی بەرزی لە مێژوی فەرهەنگ نوسیاندا گرتووە .

---

(٥٦) И.О. Фаризов. Русско-курдский словарь, Москва, 1957

(ئی. ئۆ. فاریزۆف ، فەرهەنگی رۆسی - کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٧) .

(٥٧) Ч.Х. Бакаев. Курдско-русский словарь, Москва, 1957

(چ. خ. باکاییف ، فەرهەنگی کوردی - رۆسی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٧) .

(٥٨) К.К. Курдоев. Курдско-русский словарь, Москва, 1960

(ق. کوردۆ ، فەرهەنگی کوردی - رۆسی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠) .

نووسەر بۆ کۆکردنەوەی وشە هەوڵێکی زۆری داوە و گەلێك سەرچاوەی هەمەجۆرەی بۆ ئەم مەبەستە بەکار هێناوە و وشەی لە زوربەی بەشە دیالێکتەکانی کرمانجی ژوورو (و کەمێك لە کرمانجی خوارۆش) دەرهێناوە و بەم جۆرە توانیوێتی دەور و بەری (٣٤) هەزار وشەیەك کۆبکاتەوە کە بەشێکی زۆری وشەکانی دیالێکتی کرمانجی ژوورو پێك دەهێنن و ئەمەش یەکێکە لە هۆی سەرکەوتنی فەرهەنگەکە .

مامۆستا کوردۆ لە چۆنێتی وەرگێڕان و لێکدانەوەی مانای وشەکانی فەرهەنگەکەیدا لە هەمان کاتدا هونەرێکی بەرزی نواندوە و بە زمانێکی رەوان و ئاسان ، بە وشەی بەرانبەری پڕ بە پێستی خۆی شەرحی وشەکانی کردوە و مانایانی لێکداوەتەوە و هەر وشەیەك چەند مانای هەبێت هەموو ماناکانی بە رووسی نووسیوە . بەمە و هەروەها بە هێنانەوەی گەلێك پەندی پێشینان و قسەی نەستەق توانیوێتی دەوڵەمەندی زمانی کوردی نیشان بدا . لە لایەکی ترەوە مامۆستا کوردۆ زوربەی وشەکانی فەرهەنگەکەی خستۆتە رستەوە و بۆ رووسی وەری گێڕاون و لەم رێگەیەوە تێگەیشتن و بەکار هێنانی وشەکانی ئاسان کردوە ، خۆ ئەگەر وشەیەکی کوردی بەرانبەری لە رووسیدا نەبێ ئەوە بە شەرحێکی کورت و ئاشکرا مانای ئەو وشەیەی داوە بە دەستەوە .

ئەم فەرهەنگە بە یەکێك لە فەرهەنگە بەرزەکانی کوردی دەژمێررێت و تەنانەت ل. ئی. تسوکرمان دەڵی : « گەورەترین

نووسراوی زانستییە لە کاری کوردناسی سۆڤێتدا[٥٩] ».

نزیکەی دە ساڵێکە چەند کارگێڕێکی بەشی کوردییەکەی لێنینگراد بە سەرۆکایەتی قەناتی کوردۆ خەریکی دانانی فەرهەنگێکی کوردی (کرمانجی خوارو) - روسین و ئێستا ئامادەکراوە بۆ چاپ. ئەم فەرهەنگە کە نزیکەی ٣٠ هەزار وشەیەکی کوردییە و کارێکی سەرکەوتو و نایابە و هەوڵێکی زۆری لەگەڵدا دراوە و بۆ نوسینی سود لە گەلێك سەرچاوە وەرگیراوە.

دوکتۆر مەکسیمی خەمۆ کە کارگێڕی بەشی کوردییەکەی یەریڤانە چەند ساڵێکە خەریکی دانانی فەرهەنگێکی فرێزیۆلۆژی کوردی - روسییە و بێ شك ئەمە کارێکی پێویست و شایانە[٦٠].

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەمەوێ سەرەنجی خوێنەر بۆ ئەوە رابکێشم کە دەستنوسی ئەو فەرهەنگە کوردی - روسییەی ئاکادیمی ئی. ئا. ئۆربیلی لە سالانی بیستا نوسیویتی ئێستا لە لایەن کارگێڕانی بەشی کوردی لێنینگرادەوە ئامادە کراوە بۆ چاپ. بەو وتارەدا کە ئی. ئی. تسوکەرمان و ژ. س. موسیلیان لە بارەی

---

(٥٩) И.И. Цукерман. Очерк курдской грамматики, Москва, 1962, стр. 35

(ئی. ئی. تسوکەرمان ، رێزمانی زمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٢) .

(٦٠) نوسەری ئەم وتارە دەستنوسی ئەو دو فەرهەنگە - واتە ئەوەی لە لێنینگراد بە سەرۆکایەتی قەنانی کوردۆ نوسراوە و ئەوەی لە یەریڤان مەکسیمی خەمۆ خەریکێتی - بینیوە .

ئەم فەرھەنگەوە نووسیویانە وا دەردەکەوێ کە کارێکی بایەخدار و نایاب و گرنگە[٦١] .

له ئەوروپا :

ساڵی ١٩٢٠ ئاغا بطرس ئەلۆ لە ژێر ناوی « رێزمان و فەرھەنگی ئاسووری و کوردی و یەزیدی »دا کتێبێکی بڵاوکردەوە[٦٢] ، نزیکەی (٩٠) لاپەڕەیەك دەبێت . بەشێکی کەمی ئەم نووسراوە دەربارەی رێزمانە و ئەوی کەشی فەرھەنگە .

لە پاش دەرچوونی کتێبەکەی ر. ف. جاردین کە دەربارەی رێزمانی کوردی نووسیوێتی و لە ساڵی ١٩٢٢دا لە بەغدا بڵاوی کردۆتەوە[٦٣] و فەرھەنگۆکێکی کوردی ـ ئینگلیزی بەشی

---

(٦١) И.И. Цукерман, Ж.С. Мусаэлян. Курдско-русский словарь акад. И.А. Орбели, "Тезисы докладов II-й годичной научной сессии ЛО ИНА", март 1966, стр. 69-70

ئی. ئی. تسوکەرمان و ژ. س. موسیلیان ، فەرھەنگی کوردی ـ رووسی ئەکادیمی ئی. ئا. ئۆربیلی ، « کورتەی وتارەکانی ئامۆژگای رۆژھەڵاتناسی لینینگراد » ، مارت ١٩٦٦ ، ل ٦٩ ـ ٧٠ .

(٦٢) Agha Petros Ellow. Assyrian, Kurdish & Yizidis, Indexed Grammar and Vocabulary, with a few Grammatical Notes. Baghdad, Government Press, 1920.

(٦٣) R. F. Jardine, Bahdinan Kurmanji, a Grammar of the Kurmanji of the Kurds of Mosul division and surrounding districts of Kurdistan. Baghdad, 1922.

تیایه، (ل ٥٥ ـ ١١٤)، له کوردناسی ئەورووپادا بۆ ماوەیەك هەست به سستی و بێ بەرهەمی دەکرێت، به تایبەتی له مەیدانی فەرهەنگ نووسیدا و تا ئەم ساڵانەی دوایی لەم بارەیەوە هیچ شتێکی وەها بڵاو نەکراوەتەوە که شـــایانی باس بێت. ئەوەی که لەم ماوەیەی دواییشدا هاتبێتە کایەوە ئەمانەن:

ساڵی ١٩٦٥ جویس بلو فەرهەنگێکی کوردی ـ فەرەنسی ـ ئینگلیزی له پاریس بڵاوکردەوە(٦٤). لەم فەرهەنگەدا هەڵـــەدانی کەم و کورتی بەرچـاو دەکەوێ، وەك ئەوەی گەلێك وشـــەی پێویست و ئاشکرا نەکەوتوونەتە ناوەوە و هەروەها هیـچ رسـتە و نموونەیەك بۆ روونکردنەوەی مانا و بەکار هێنانی وشە نەهێنراوەتەوە.... لەگەڵ ئەوەشدا ئەم فەرهەنــگە کارێکی نایاب و بایەخدارە و کەڵك و سوودی زۆرە و له مەیدانی کوردناسیدا ناسراوە.

ئەوەی شایانی باس و قەدر زانین بێت ئەوەیە له ساڵی ١٩٦٦ دا زانای به ناوبانگی کورد مامۆســـتا تۆفیق وەهبی به هاوکاری س. ئەدمۆنس فەرهەنگێکی کوردی ـ ئینگلیزی له لەندەن بڵاوکردەوە(٦٥). ئەم فەرهەنگە یەکێکە له کارە مەزنەکانی کوردناسی به گشتی و یەکێکە له فەرهەنــگە سەرکەوتووەکانی کوردی به تایبەتی. لەم فەرهەنــگەدا گەلێك کاری ئاڵۆز و نائاشـــکرا له رێـگایەکی زانسـتییەوە یەکالا

---

(٦٤) Joyce Blau, Dictionnaire Kurde - Francais - Anglais, Paris, 1965,

(٦٥) Taufiq Wahby and C. J. Edmonds. A Kurdish - English dictionary, London, 1966.

کراوەتەوە . بەنرخێ و نایابێ ئەم کارە لە کوردناسیێدا دەنگێکی باشی داوەتەوە .

لەم فەرهەنگەدا بەشێکی زۆری وشەکان خراونەتە ناو رستەی کورت و ئاسانەوە ، بەمە مانای وشەکان باشتر ئاشکرا بوون و بۆ خوێنەریش لەم رێگەیەوە رۆن بوەتەوە چۆن ئەو وشانە لە رستەدا بەکار بهێنێ . نوسەرانی ئەم فەرهەنگە بەمە لەگەڵ ئەو ڕایەی فەرهەنگنوسی ناسراوی رۆس ئەکادیمێ (ل. ف. شێربا)دا یەك دەگرنەوە کە دەڵێ : بەینی وشەی زمانێك لەگەڵ زمانێکی تر تەنها ئەوە نییە کە بەرامبەر یەکن و هاوواتان ، بەڵکو پەیوەندێ ئاڵۆز و جیاوازیش لە شێوەی بەکار هینانیاندا هەیە(٦٦) .

جگە لە چەند کەم و کورتییەکی زۆر کەم کە لەم فەرهەنگەدا دەبینرێ ، ئەوەی لەگەڵ ڕای من نەگونجێ ئەوەیە کە لە رێکخستنی فەرهەنگەکەدا تەنیا رەگی وشەکان نوسراوە و ئێنجا ئەو وشانەی لێیانەوە دروست دەبن لە دوایانەوە هاتون . بە بیری من پەیڕەوێ کردنی ئەم ڕێبازە کە هەندێك لە زانایانی رۆژئاواش لە سەری رۆیشتون ، هەرچەند کاری چاپ ئاسان دەکات ، بەڵام دۆزینەوەی وشە لە فەرهەنگی کوردیێدا ئاسان ناکات . هەروەها لەبەر ئەوەی

---

(٦٦) Л.В. Щерба. Опыт общей теории лексикографии, "Известия ОЛЯ АН СССР", № 3, Москва, 1940

(ل. ف. شێربا) تیۆری فەرهەنگنوسێ ، « هەواڵەکانی ئەدەب و زمان لە ئەکادیمیەی زانستێ سۆڤێت » ، مۆسکۆ ، ١٩٤٠ ، ژ ٣ .

ئەمڕۆ لێکۆڵینــەوە لە مەســـەلەی زانستی وشە (lexicology) لە زمانی کوردیدا زۆر کەمە ، دوور نییــە هەندێ وشە بە هەڵە نەکەونە ژێر رەگی خۆیانەوە .

لە ئەمەریکاش پەرتگای جیهانی (World publishing company) لە ســـاڵی ١٩٦٥ دا فەرهەنـــگۆکێکی ئینگلیزی ـ کوردی (٣٠) لاپەڕەیی بڵاوکردەوە(٦٧) . ئەم فەرهەنگوکە بۆ گەڕیدەکان دانراوە و شەش قەوانی لەگەڵدایە .

لە ساڵی ١٩٦٧ یشدا ئەرنست مەکارۆس فەرهەنگێکی کوردی ـ ئینگلیزی لــە چاپ دا(٦٨) . بەداخەوە کەم و کورتی و نــاتەواوی لەم فەرهەنگەدا تێجگـــار زۆرە ، بە تایبەتی لە وەرگێڕانــ و لێکدانەوەی مانای وشە و لە ریزکــردنی وشە کوردییەکان و لە ئیملادا ..... هتد .

* * * *

تا ئێستا نزیکەی (٥٠) فەرهەنــگ و فەرهەنــگۆکی کوردی بڵاوکراوەتەوە(٦٩) ـ واتە گەنجینەیەکی بچووکیان هــەیە . هەرچەندە

---

(٦٧) Kurdish, The world publishing company, Cleveland and New York, 1965.

(٦٨) Ernest N. McCarus. A Kurdish-English dictionary, dialect of Sulaimania, Iraq. Ann Arbor (Michigan), 1967.

(٦٩) شایانی باســـە زوربەی ئەو فەرهەنگە کوردییانەی لەم وتارەدا ناویان براوە لە کتێبخانە رازاوەکەی « کۆڕی زانیاری کورد » دا هەن .

زوربەی ئەم فەرهەنگانە ، لەبەر گەلێك هۆی ئاشكرا ، لە سەر شێوە و رێگـایەكی زانستی دانەنراون ، لەگەڵ ئەوەشدا بە نیسبەت كاری فەرهەنگ‌نوسـی كوردییەوە چەند هەنگاوێكی گەورە نراوە و ژمارەیەك فەرهەنگی سەركەوتومان هەیە .

بە نیسـبەت فەرهەنگە كۆنەكانەوە بە بیری من دوانیان سەركەوتون : ئەوانیـش فـەرهەنگی ئیتالیایی - كوردی (ماوریزۆ كارزۆنی) و كوردی - فەرەنسایی (ئا. ژابا) ن .

وەك ئاشـكرایە ، ماوەیەكە كاری فەرهەنگ‌نوسی كوردی خەریكە جێگەی شایانی خۆی لە ژیانی رۆشنبیری و زانستی گەلی كورددا دەگرێت و هەندێك مامۆسـتای دڵسۆز ، وەك : تۆفیق وەهبی ، قەناتی كوردۆ (كوردۆییێف) ، شێخ محەمەدی خاڵ ، گیو موكریانی ، مەردۆخ ، عەلائەددین سـەجادی ، چەركەزی بەكۆ (باكاییێف) ، جەمال نەبەز ، ئیڤان فاریزۆڤ ، سەمەندی سیابەند ، جگەر خوێن ... هتد لەم مەیدانە پیرۆزەدا هەنگاوی گەورەیان ناوە . ئەم مامۆستایانە لە دەرگایەكی فراوانەوە چـونەتە ناو مێژوی رۆشنبیری كوردەوە ، بەوەی هەر یەكەیان لە سنوری تواناى خۆیدا ئەوەی لە باریدا بووە بۆ پاراستنی زمانی نەتەوەكەی دڵسـۆزانە جێی بەجێی كردووە و گەلێك رۆژهەڵاتناسـی بێگانە باسی نرخی فەرهەنەكانی مامۆستایان : تۆفیق وەهبی و قەنـاتی كوردۆ و شێخ محەمەدی خاڵ یان كردوە .

هەر چەندە لە كاری فەرهەنگ‌نوسی كوردیدا هەندێ كێشەی

ئاڵۆزی زانستی وشە Lexicology بەگشتی و زانستی فەرهەنگنوسی Lexicography بە تـــایبەتی چارکراوە ، لەگەڵ ئەوەشدا گەلێـك کێشەی تری زانستی وشـە و زانستی فەرهەنگنوسی لە زمـــانی کوردیدا هێشتا بیر و نوکی قەڵەمیان نەگەیشتوەتێ .

وەك ئاشکرایە ، کاری فەرهەنگنوسی بە دوو رێچـــکەدا تێدەپەڕێ : یەك ـ تیۆری ، دوو پراکتیك . یەکەمیـانـ رێژەوێکی تیۆری لەســـەر شێواز و لێکۆڵینەوەی زانستی دەهێنیتە بەرهەم ، دوەمیش ئەو ژێژەوە تیۆرییە لە دانانی فەرهەنگدا تطبیق دەکات . لە نێوان ئەم دوو رێچکەیەدا بەیوەندی بـــە هێز هەیە توند پێکەوە بەستراون و هەنگاو و بە هەنگاو لەتەك یەك دەڕۆن . فەرهەنگ نوسێك تەنها بە پراکتیك و زانینی خۆی لە دانانی فەرهەنگدا سەر ناکەوێت . بۆ ئەم مەبەســـتە پێویستە ئاوڕ لە رێژەوی تیۆری بداتەوە . تیۆری رونیش ـ واتە بێ سود وەرگرتن لە پراکتیـك ئەنجامی بە کەڵـکی نابێت .

ئەوەی لـــەم بارەیەوە شایانی باســـە ، ئەوەیـــە لە دانانی هەندێ فەرهەنگی کوردیدا ســـود لە تیۆری فەرهەنگنـوسی وەرگیراوە ، بە تایبەتی لە فەرهەنگی مامۆستایان : توفیق وەهبی و قەناتی کوردۆ ......دا ، کە لە رێگای هەوڵ و کۆشش و زانین و تەجروبەی خۆیانەوە گەیشتونەتە ئەنجامی بەکەڵك . بەڵام بە داخەوە ، دەربارەی زانستی فەرهەنگنوسی هیـچ شتێکی ئەوتۆ بە زمانی

کوردی نەنوسراوە و ئەمـــەش کلۆسپێکی گـەورەیە لە رێگای فەرهەنگ‌نوسە بەڕێزەکانماندا .

وەك ئاشکرایە ، زمانی کوردی بە تایبەتی لە کوردستانی عیراق وردە وردە بە بەرەو پێشەوە دەروات بەڵام پێویســـتە لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەشدا تیۆری فەرهەنگ نوسی هەنگاوی خۆی بهاوێژێ و بە هاوکاری پرا کتیك و تیۆری فەرهەنگی نایاب و بەنرخ بێتەکایەوە .

● ● ● ●

فەرهەنگۆك *

ئاوەڵناو	الصفة	Adjective
- ئاوەڵناوی سادە	الصفة البسيطة	Adjective Simple
ئێتیمۆلۆژی	الاتیمولوجیا (علم اصل الـكلمة و تاریخها)	Etymology

---

(*) لەم کتێبەدا هەندێ زاراوی زمان ، بەتایبەتی ئەو زاراوانەی لە باسی زانستی وشـەدا بەکار دەهێنرێن ، بەر چاو دەکەون ... لەبەر چەند هۆیەکی ئاشکرا ، ئەو زاراوانەمان کردکردەوە و وەك فەرهەنگۆکێك لە پاشکوێ ئەم کتێبەدا بلاومان کردەوە .

بەش بە حاڵی زاراوی کوردی ، تا بڵێی بە رچە و ڕێگایەکی ناهەمواری پێشکەوتندا تێپەڕیوە و هەمیشە لە کێشە و بەرەدا بوە . بەداخەوە تاکو ئەمڕۆ لە زمانی کوردیدا هیچ نوسراوێکی وەها نییە کە بە شێوەیەکی نیۆری ڕێڕەوێك بێت بۆ چۆنێتی دانان و وەرگێڕان و داڕشتنی زاراو ، بەلام ئەگەر تەماشای مێژوی ئـەم کارە بکەین ، ئەوە پێشکەوتن و گەشەکردنی ئـەوەمان نیشان دەدن کە لە زیانی پرا کتیکدا شارەزابوون و پسپۆڕی پەیدا کردن بونەتە هۆی سەرکەوتنی .

تا ئەم ساڵانەی دوایش لە زمانی کوردیدا ، جگە لە زاراوی رەسەنی کوردی ، زاراوی عەرەبی و فارسی و تورکی زۆر بەکار دەهێنران . بەلام لەگەڵ پێشکەوتن و پەرەسەندنی زیانی سیاسی و ئابوری و زانستی ...دا زاراو پەرەی سـەند و پێویستی بەوە کرد کە گرنگی پێ بدرێ و لێی بکۆڵرێتەوە و وشەی جوان و راست و=

Superlative Degree	اسم التفضيل (للمرتبة العليا)	پلەی باڵا
Comparative Degree	اسم التفضيل	پلەی بەراورد
Letter	الحرف	پیت
Derivation	الاشتقاق	داڕشتن
Unit	وحدة	دانە
Sound	الصوت	دەنگ
Sentence	الجملة	ڕستە
Language	اللغة	زمان

= گونجاو و لەبار و ڕەسەنی کوردی بدۆزرێتەوە و دابنرێ و دابڕێژرێ و داتاشرێ .

لە ئەنجامی پێشکەوتندا پێویستمان بە گەلێ زاراوی کوردی بوو . کاتێک کتێبەکانی فێرگەکان کران بە کوردی پێویستی وەرگێڕانی ئەو زاراوانە هاتە کایەوە . بەم جۆرە کاتێک خوێندن بوو بە کوردی گەلێک زاراوی زانستی دۆزرانەوە و زیندوو کرانەوە ، وە گەلێکی نوێ داڕێژران و داتاشران ... جگە لەوە ئەم کارە لە سنووری قوتابخانە تێپەڕی و فراوانتر بوو و ژمارەیەک مامۆستای دڵسۆز و هەندێ دەزگای کوردی و لیژنەی تایبەتی خۆیان بە دانانی فەرهەنگی زاراوەوە خەریک کرد . هەروەها لەو لێکۆڵینەوانەدا کە دەربارەی زمان و ئەدەب و فۆلکلۆر و مێژوو ... وە بڵاوکراونەتەوە ، نووسەرەکانیان بە پێی پێویستی باسەکانیان زاراوی کوردییان دۆزیوەتەوە و داناوە و داڕشتوە ...

بێگومان ئێمەش لە نووسینی ئەم کتێبەدا پێویستمان بە هەندێ زاراو بوو . ئەوەی زۆرتر دانرابوو و بەلامانەوە لەبار و ڕەسەن بوو وەرمان گرت . ئەوەش کە نەبوو ، یاخود هەبوو بەڵام بە ڕای ئێمە جوان و =

- زمانناس	لغوي ، عالم اللغة	Linguist
- زمانە ئێرانییەکان	اللغات الايرانية	Iranian languages
- زمانە هیند و ئەوروپاییەکان	اللغات الهندو - أوربية	Indo - European languages
- زمانی نێو میللەتان	لغة عالمية	International language
سینتاکس	علم النحو	Syntax
فرێز	العبارة (العقدة)	Phrase
- فرێزی بەرەڵلا	العبارة الصريحة	Free phrase

= گونجاو نەبێ ، ئەوە بە سەلیقەی خۆمان جێگەیمان پڕ کردەوە .

لە بەجێ هێنانی ئەم کارەدا بە زۆری پەنامان بردۆتە بەر زمانی کوردێ و مایەی خۆشییە کە زمانەکەمان دەوڵەمەندە و توانیومانە وشەی وەها بهێنینە کایەوە کە گەلێك لەبار و گونجاو بن و جێگەی زاراوی بێگانە بە تەواوێ بگرنەوە . بێگومان ئەگەر زاراوێك لە کوردیدا نەبێ و یاخود پڕ بە پێستی زاراوە عەرەبیەکە نەبێت ، ئەوسا یا هەر عەرەبیەکمان وەرگرتوە ، یاخود پەنامان بۆ لاتینێ بردوە و ئەمەش دیاردەیەکی واقعییە و لە گشت زمانێکی سەر ئەم زەمینەدا رەچاو دەکرێ .

ئێمەش دەزانین هیچ کارێك ، ئەویش کارێکی سەرەتایی و تازە بێ کەم و کورتی نابێ و دوور نییە لە هەڵبژاردن و داڕشتنی ئەم زاراوانەدا تووشی هەڵە بووبین . بۆیەکا تکا لە زانایان و رووناکبیرانی کورد دەکەین ، ئەگەر زاراوی لەوانە جوانتر و رەسەنتر و لەبارتریان بێ شك دێ یا بە بیر دێتەوە بیخەنە پێش چاو ، تا کەڵك لە زانیاریێ ئەوان وەرگرین و جێی زاراوە ناڕاست و جێنەگرتووەکانمان پڕ بکەینەوە و لە ئەنجامدا کارەکە پوختەتر و بە قازانجتر بێت

Linked phrase (Phraseology, Idiomatic)	الكناية ، العبارات الاصطلاحية	ـ فريزى گيراو
Phraseology	علم الكناية ، علم العبارات الاصطلاحية	ـ فريزيۆلۆژى
Phraseological collocation	الكناية المعقدة	ـ فريزيۆلۆژى تێكئالاو
Phraseological concretion	الكناية الملتحمة	ـ فريزيۆلۆژى تێكچرژاو
Phraseological unity	الكناية الموحدة	ـ فريزيۆلۆژى يەكگرتو
Phonetics	علم الأصوات	فۆنەتيك
Vocabulary, Dictionary	قاموس ، معجم	فەرهەنگ
Lexicographer	مؤلف معاجم (قواميس)	ـ فەرهەنگ نوس
Lexicography	علم وضع القواميس ، علم تصنيف المعاجم	ـ فەرهەنگ نوسى
Verb	الفعل	كار
Compound Verb	الفعل المركب	ـ كارى لێكدراو
Lexicology	علم المفردات القاموسية	لێكسيكۆلۆژى
Meaning	المعنى	مانا
Indirect	المعنى غير المباشر	ـ ماناى تيانى
Direct (proper) meaning	المعنى الحقيقى	ـ ماناى حەقيقى

Direct ...	المعنى المباشر	ـ ماناى راستەوخۆ
Transferred meaning	المعنى المجازي	ـ ماناى مەجازى
Morphology	علم الصرف	مۆرفۆلۆژى
Morpheme	المورفيم	مۆرفێم
Semasiology	علم معانى الالفاظ	واتاناسى
Word	الكلمة	وشە
Free word	الكلمة المطلقة	ـ وشەى بەرەڵلا
Autosematic word	الكلمة التامة	ـ وشەى تەواو
Antonym	الاضداد	ـ وشەى دژواتا
Calque. Translation loan - word	كلمة مقتبسة بالقياس	ـ وشەى زڵەزێو
Primary word	الكلمة البسيطة	ـ وشەى سادە
Polysematic	من جوامع الكلم ، الكلمة ذات المعاني الكثيرة	ـ وشەى فرەواتا
Liuked word	الكلمة المقيدة	ـ وشەى گیراو
Compound , composite word	الكلمة المركبة	ـ وشەى لێكدراو
Obsolete	الكلمة الميتة	ـ وشەى مردە
Syntactic word	الكلمة الناقصة	ـ وشەى ناتەواو
Neologism	الكلمة المولدة	ـ وشەى نوێباو

- وشەی هاوبێژ	المشترك اللفظي	Homonym
- وشەی هاوواتا	المرادف	Synonym
- وشەی یەکواتا	الكلمة ذات المعنى الواحد	Monsemous word

• • • •

سەرچاوە

بە زمانی کوردی

١ ـ ئۆسکارمان ، محمدی مظفریە ، پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانەوەسەر رێنوسی کوردی هێمن موکریانی ، بەشی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٧٥ .

٢ ـ پاکیزە رەفیق حیلمی ، زمانی کوردی « دەفتەری کوردەواری » ، بەغدا ، ١٩٧٠ ، ب ٣ ، ل ١٠٤ ـ ١١٠ .

٣ ـ د. پاکیزە رەفیق حیلمی ، لە کوێوە دەست بکەین بە دەستور سازی رێزمانی کوردی ، بەشی یەکەم ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ١ ، ١٩٧٣ ، ل ١٨٠ ـ ٢١١ ؛ بەشی دووەم ، هەمان گۆڤار ، ب ٢ ، ١٩٧٤ ، ل ٢٢٤ ـ ٢٦٢ .

٤ ـ جەمال بابان ، هەندێك لەو زاراوانەی واتایەك زیاتر ئەبەخشن ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٢ ، ز ١ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٥٦٩ ـ ٦٢٣ .

٥ ـ جەمال نەبەز ، زاراوەکانی لیژنەی ریاضیات لە ژێر وردەبینی لێکۆڵینەوەدا ، گۆڤاری « رۆژی نوێ » ، سالی ١٩٦٠ ، ژ ٦ ، ل ١٠٢ ـ ١٠٩ ؛ ژ ٧ ، ل ١١٢ ـ ١٢١ ؛ ژ ٨ ، ل ٨٥ ـ ٩١ .

٦ ـ سعید صدقی ، مختصر صرف و نحوی کوردی ، بەغدا ، ١٩٢٨ .

٧ ـ طاهر صادق ، رێنوس . چۆنیەتی نوسینی کوردی ، کەرکوك ، ١٩٦٩ .

٨ ـ عەلائەددین سەججادی ، وشەی کوردی ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، بەرگی دووەم ، بەشی یەکەم ، بەغـدا ، ١٩٧٤ ، ل ١٤٨ ـ ١٧٨ .

٩ ـ د. عیزەددین مستەفا رەسوڵ و د. ئیحسان فوئاد و سادق بەهائەددین ، زمان و ئەدەبی کوردی (بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی) ، چاپی دووەم ، بەغدا ، ١٩٧٢ .

١٠- غەفور رەشید ، سەرنجێك لە پەراوی زاراوەكانی زانستی كوردی ، گۆڤاری « رۆژی نوێ » ، سالی ١٩٦٠ ، ژ ١٢ ، ل ٢٧ ـ ٣٥ .
١١- د. كمال فوئاد ، زمانە ئیندۆ ـ ئەوروپێكان ، گۆڤاری « پرشنگ » ، بەرلین ، ١٩٦٦ ، ژ ١ ، ل ٢٠ ـ ٢٤ .
١٢- محەمەد ئەمین هەورامانی ، سەرەتایێك لە فیلۆلۆژی زمانی كوردی ، بەغدا ، ١٩٧٤ .
١٣- نوری عەلی ئەمین ، قواعدی زمانی كوردی ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ب ٢ .
١٤- نوری عەلی ئەمین ، رێزمانی كوردی ، سلێمانی ، ١٩٦٠ .
١٥- هەژار ، كورد و سەربەخۆیی زمان ، « گۆڤاری كۆڕی زانیاری كورد » ، بەرگی دووەم ، بەشی یەكەم ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٢٨٠ ـ ٣٢٣ .

بە زمانی عەرەبی

١٦- الدكتور ابراهيم أنيس ، من أسرار اللغة ، الطبعة الثالثة ، القاهرة ، ١٩٦٦ .
١٧- الدكتور ابراهيم السامرائي ، فقه اللغة المقارن ، بيروت ، ١٩٦٨ .
١٨- الدكتور ابراهيم السامرائي ، مباحث لغوية ، النجف ، ١٩٧١ .
١٩- توفيق وهبي ، قواعد اللغة الكردية ، الجزء الاول ، بيروت ، ١٩٥٦ .
٢٠- عباس حسن ، النحو الوافي ، الجزء الأول ، القاهرة ، ١٩٧١ .
٢١- ڤلاديمير مينۆرسكي ، الأكراد أحفاد الميديين (ترجمة وتعليق د. كمال مظهر احمد) ، « مجلة المجمع العلمي الكردي » ، المجلد الأول ، العدد الأول ، بغداد ، ١٩٧٣ ، ل ٥٥٢ ـ ٥٦٦ .
٢٢- الدكتور محمد احمد ابو الفرج ، المعاجم اللغوية ، بيروت ، ١٩٦٦ .

بە زمانی رووسی

٢٣- یو. یو. ئاڤالیانی ، مەسەلەی جودا كردنەوەی كاری لێكدراو و فرێزیۆلۆژی كار (لەسەر كەرەستەی زمانی كوردی) ـ « كورتەی

هەواڵەکانی کۆنفرانسی زمانناسی » ، سەمەرقەند ، ۱۹۵۸ ، ل ٤٠-٤٣ .
٢٤- ئی. م. ئۆرانسکی ، زمانە ئێرانییەکان ، ، مۆسکۆ ، ۱۹٦۳ .
٢٥- س. ئی. ئۆژیکۆف ، لێکسیکۆلۆژی و فەرهەنگنوسی و کولتوری ئاخاوتن ، مۆسکۆ ، ۱۹۷٤ .
٢٦- ر. ئا. بوداگۆف ، مێژووی وشە لە مێژووی کۆمەڵدا ، مۆسکۆ ، ۱۹۷۱ .
٢٧- م. ف. پالیفسکایا ، وشەی هاووانا لە زمانی روسیدا ، مۆسکۆ ، ۱۹٦٤ .
٢٨- ئی. ئی. تسوکەرمان ، رێزمانی زمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ۱۹٦۲ .
٢٩- ئی. ئی. تسوکەرمان و ز. س موسیلیان ، فەرهەنگی کوردی - روسی ئەکادیمی ئی. ئا. ئۆربیلی ، « کورتەی وتارەکانی ئامۆزگای رۆژهەلاتناسی لینینگراد » مارت ۱۹٦٦ ، ل ٦٩ - ۷٠ .
٣٠- ئا. ئا. ریفۆرماتسکی ، سەرەتایێك لە زمانناسی ، چاپی چوارەم ، مۆسکۆ ، ۱۹٦۷ .
٣١- ی. ئا. زیمسکایا ، وشە چۆن سازدەبێ ، مۆسکۆ ، ۱۹٦۳ .
٣٢- س. ن. سۆکۆلۆف ، زمانی ئاوێستا ، مۆسکۆ ، ۱۹٦۱ .
٣٣- ن. م. شانسکی ، فرێزیۆلۆژی زمانی روسی ئەمڕۆ ، مۆسکۆ ، ۱۹٦۳ .
٣٤- ن. ئا. شانسکی ، لێکسیکۆلۆژی زمانی روسی ئەمڕۆ ، چاپی دووەم ، مۆسکۆ ، ۱۹۷۲ .
٣٥- ل. ف. شێربا ، تیۆری فەرهەنگنوسی ، « هەواڵەکانی ئەدەب و زمان لە ئەکادیمیەی زانستی سۆڤیێت » ، مۆسکۆ ، ۱۹٤٠ ، ژ ۳ .
٣٦- ل. ف. کالینین ، موفرەداتی زمانی روسی ، مۆسکۆ ، ۱۹٦٦ .
٣٧- ز. م. کالینینا ، لە بارەی لێکسیکۆلۆژی زمانی ئەدەبی پشتۆیی ئەمڕۆوە ، مۆسکۆ ، ۱۹۷۲ ،
٣٨- ف ف. لۆپاتین ، لە دایك بونی وشە ، مۆسکۆ ، ۱۹۷۳ .
٣٩- مەکسیمی خەمسۆ (خامۆیان) ، دەربارەی فرێزیۆلۆژی ناو لە زمانی کوردیدا ، یەریڤان ، ۱۹۷۱ .

فەرهەنگ و فەرهەنگۆك

٤٠- ئۆ. س. ئاخانۆڤا ، فەرهەنگی زاراوەکانی زمان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ (رۆسی - ئینگلیزی - فەرەنسی - ئەڵمانی - ئیسپانی) .

٤١- م. اورنگ ، فرهنگ کردی ، تهران ، ١٣٤٧ .

٤٢- چ. خ. باکایێف ، فەرهەنگی کوردی - رۆسی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٧ .

٤٣- بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی ، گۆڤاری « پەروەردە و زانست » ، ژ ٤ ، بەغدا ، ١٩٧٢ ؛ ژ ٧ - ٨ ، بەغدا ، ١٩٧٤ .

٤٤- پ. س. پالاس ، فەرهەنگی بەراوردی هەموو زمان و شێوەکان ، پیترسبورگ ، ١٧٨٧ .

٤٥- جگەر خوین ، فەرهەنگا کوردی ، ب ١ - ٢ ، بەغدا ، ١٩٦٢ .

٤٦- جەمال نەبەز ، هەندێك زاراوەی زانستی ، سلێمانی ، ١٩٦٠ .

٤٧- جەمال نەبەز ، فەرهەنگۆکی زانستی ، هەولێر ، ١٩٦٠ - ١٩٦١ .

٤٨- خەبەرناما تێرمینۆلۆجیێ فەلەیی - کورمانجی ، رەوان ، ١٩٣٥ .

٤٩- خەبەرناما ژ زمانێ فەلەیی - کورمانجی ، رەوان ، ١٩٣٣ .

٥٠- زاراوەی پارێزگای سلێمانی ، ١٩٧١ .

٥١- سەمەندێ سیابەند ، ئارامێ چاچان ، خەبەرناما ئەرمەنی - کوردی ، یەریڤان ، ١٩٥٧ .

٥٢- شاکر فتاح ، فەرهەنگۆك ، ئینگلیزی - کوردی و کوردی - ئینگلیزییە ، رەواندوز ، ١٩٣٤ .

٥٣- شێخ مارفی نۆدێ ، احمدی ، بەغدا ، ١٩٣٦ .

٥٤- شێخ مارفی نۆدێ ، احمدی ، سلێمانی ، ١٩٣٦ .

٥٥- شێخ محەمەدی خاڵ ، فەرهەنگی « خاڵ » ، ب ١ - ٢ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ - ١٩٦٤ .

٥٦- شێخ محەمەدی مەردۆخ ، فەرهەنگی « مەردۆخ » ، تاران ، ١٩٥٦ .

٥٧- صادق بەهائەددین ، ئیدیەمێت کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٣ .

٥٨- ئی. ئۆ. فاریزۆف ، فەرهەنگی رۆسی -کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٧ .
٥٩- کۆڕی زانیاری کورد ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ١ ، ژ ١ ، زاراوی کارگێڕی ، ل ٤١٩ - ٥٢٩ ؛ ب ٢ ، ژ ١ ، لیستەی دووەمی زاراوەکانی کۆڕ ، ل ٨٩٤ - ٩٤١ ؛ ب ٢ ، ژ ٢ ، لیستەی سێیەمی زاراوەکانی کۆڕ ، ل ١٦٦ - ٢١٨ ؛ ب ٣ ، ژ ١ ، لیستەی چوارەمی زاراوەکانی کۆڕ ، ل ٤٩٧ - ٥٤٢ .
٦٠- کۆڕی زانیاری کورد ، زاراوی کارگێڕی ، ١٩٧٣ - ١٩٧٤ ؛ زاراوی هەمەچەشنە ، ١٩٧٤ ؛ لیستەی چوارەمی زاراوەکانی کۆڕ ، ١٩٧٥ .
٦١- ق. کوردۆ ، فەرهەنگی کوردی - رۆسی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ .
٦٢- ق. کوردۆ و .... ، فەرهەنگی کوردی (کرمانجی خوارو)- رۆسی (دەستنوس) .
٦٣- کەمال جەلال غەریب ، فەرهەنگی زانیاری ، عەرەبی - کوردی ، ب ١ - ٢ ، سلێمانی ، ١٩٧٤ .
٦٤- گیو موکریانی - « رابەر » ، فەرهەنگێکی قوتابخانەیی عارەبی و کوردییە ، هەولێر ، ١٩٥٠ .
٦٥- گیو موکریانی - « کۆڵکەزێرینە » ، کوردی - فارسی - عەرەبی - فەرەنسی - ئینگلیزی ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، ١٩٥٥ .
٦٦- گیو موکریانی - « کۆڵکەزێرینە » ، کوردی - فارسی - عەرەبی - فەرەنسی - ئینگلیزی ، چاپی دووەم ، هەولێر ، ١٩٦٦ .
٦٧- گیو موکریانی - « مەهاباد » ، فەرهەنگێکی قوتابخانەیی کوردی و عەرەبییە ، هەولێر ١٩٦١
٦٨- ب. لێرخ ، لێکۆڵینەوە لە بارەی کوردەکانی ئێران و خالدییەکانی سەرۆی باو باپیرانیانەوە ، پیترسبورگ ، بەشی یەکەم ١٨٥٦ ، بەشی دووەم ١٨٥٧ ، بەشی سێیەم ١٨٥٨ .
٦٩- عەبدولقادر بەرزنجی ، فەرهەنگی زانیاری ، سلێمانی ، ١٩٧١ .
٧٠- عەبدوللا زێوەر ، فەرهەنگی عەرەبی - کوردی ، سلێمانی ، ١٩٤١ (دەستنوس) .

٧١- صەلاحەددین سەججادی، دەستوور وە فەرهەنگی زمانی کوردی - عەرەبی - فارسی، بەغدا، ١٩٦٢.
٧٢- عزەددین مەلا مستەفا، فەرهەنگۆك بۆ قوتابیانی کورد، بەغدا، ١٩٥٥.
٧٣- منیر البعلبكی - «المورد» قاموس انكلیزی - عربی، بیروت، ١٩٧٢.
٧٤- Musa Anter, Ferhanga Kurdi - Tirki, Istanbul, 1967.
٧٥- مەلا عبدالكریمی مدرس - «دوو ژشتە»، فەرهەنگێكی عەرەبی و كوردییە بە هەڵبەست، بەغدا، ١٩٧٠.
٧٦- مەعروف قەرەداغی، فەرهەنگی كشت و كاڵ، ب ١ - ٢، بەغدا، ١٩٧٢ - ١٩٧٣.
٧٧- موحەممەد ئەمینی میسری سەییدیان، خود آموز سه زبان، كردی - فارسی - عەرەبی. ١٩٧٣ ؟
٧٨- مەكسیم خەمۆ، فەرهەنگی فرێزیۆلۆژی كوردی - رووسی (دەستنووس).
٧٩- نەجمەدین مەلا، گەنجینەیەكی پڕ گەوهەری كوردان، گۆڤاری «رۆژی نوێ»، ژ ١٢، سلێمانی، ١٩٦٠، ل ٢١ - ٢٥.
٨٠- ف. نیكیتین، فەرهەنگی جەنگی رووسی - كوردی، ورمێ ١٩١٦.
٨١- یوسف ضیاء الدین پاشا الخالدی المقدسی، الهدیه الحمیدیة في اللغة الكردية، استانبول، ١٣١٠ هـ - ١٨٩٣ م.
٨٢- س. ئا. یەگیزارۆف، مێژوویەكی ئەتنۆگرافی كورتی كوردی پارێزگای یەریڤان، «هەواڵەكانی لقی قەفقاسیای كۆمەڵی جوگرافی رووسی ئیمپراتۆری»، تفلیس، ١٨٩١.
٨٣- Agha Petros Ellow. Assyrian, Kurdish & Yizidis, Indexed Grammar and Vocabulary, with a few Grammatical Notes. Baghdad, Government Press, 1920
٨٤- Ernest N. McCarus. A Kurdish - English dictionary,

dialect of Sulaimania, Iraq. Ann Arbor (Michigan), 1967.

L. O. Fossum, A practical Kurdish grammar, Minneapolis, 1919. ٨٥-

A. Jaba, Dictionnaire Kurde - Francais, St-Petersbourg, 1879. ٨٦-

R. F. Jardine, Bahdinan Kurmanji; a Grammar of the Kurmanji of the Kurds of Mosul division and Surrounding districts of Kurdistan. Baghdad, 1922. ٨٧-

joyce Blau, Dictionnaire Kurde - Francais - Anglais, Paris, 1965. ٨٨-

Kurdish, The world publishing company, Cleveland and New York, 1965. ٨٩-

Le Coq, Kurdische Texte, Berlin, 1903; T. I.II. ٩٠-

Maurizio Garzoni, Grammatica e vocabolario della lingua kurda, Roma, 1787. ٩١-

E. Prym and A. Socin, Kurdische Sammlungen, Abt I.II, S. Pbg, 1887 - 1890. ٩٢-

C. J. Rich, Narrative of a residence in Koordistan and on the site of ancient Niniveh,...... London, 1836-1837. pp. 394-398. ٩٣-

S. A. Rhea, Brief Grammar and vocabulary of the Kurdish Language of the Hakari district in « Journal of the American Oriental Society », New Haven, 1872 Vol. X. ٩٤-

١٥- E. B. Soane, Elementary Kurmanji Grammar, Baghdad, 1919.

١٦- E. B. Soane, Grammar of the Kurmanji or Kurdish Language, London, 1913.

١٧- Taufiq Wahby and C. J. Edmonds A Kurdish - English dictionary, London, 1966.

پێداچوونەوە

خوێنەرانی بەڕێز !
تکایە بەر لە خوێندنەوە ئەم چەند هەڵەیە راست بکەنەوە .

ل ٣ ، دێڕ ٨ ـ وشەی (شوێنیان) بکرێت بە (شوێنیانەوە)

ـ دێڕ ١٢ـ وشەی (چەسپاندنیان) بکرێت بە (چەسپاندنیانەوە) .

ل ٤ ، دێڕ ١ ـ بەرامبەر بە (ئێتیمۆلۆژی) نوسراوە : (وشەداتاشین ـ الاشـتقاق) . بەلاَم راستییەکەی : (ئێتیمۆلۆژی ـ الاتیمولوجیا دراسە تعنی باصل الـکلمات وتاریخها) یە .

ـ پەراوێز ٢ ـ وشەی (فرازیۆلۆژی) بکرێت بە (فرێزیۆلۆژی) .

ل ٥ ، دێڕ ١ ـ (هەلکو) بکرێتە (هەلـکو) .

ل ١٣ ، دێڕ ٢ ـ وشەی (نێـکچوون) هەڵەیە و راستییەکەی (تێـکچوون)ە .

ـ دێڕ ٣ ـ وشەی (وەکرگیراو) هەڵەیە و راستییەکەی(وەرگیراو)ە .

ل ١٤ ، دێڕ ٧ ـ وشەی (مادەیەك) لە جێی (مادیك) دابنرێت .

ل ١٨ ، دێڕ ٧ ـ وشەی (رێبازی) لە جێی (رێیازی) دابنرێت .

ل ٢٠ ، دێڕ ١٤ـ (دیالێکتێك) بخرێتە جێگەی (دیالیکتیك) .

ل ٢١ ، دێڕ ٢١ـ (شیۆەی) هەڵەیە و راستییەکەی (شێوەی)ە .

ل ٢٩ ، پەراوێز ٣ ـ لە کۆتایی دێڕی دووەمدا نوسراوە (لە) ، بەلاَم راستییەکەی (لەم)ە .

ل ٣٧ ، خانـە ٣ ـ وشەی (ئەسپ) هەڵەیە و بە فارسی دەبێتە (ئەسب) .

ل ٣٨ ، پەراوێز ١٣ـ وشەی (motpheme) بکرێت بە (morpheme) .

ل ٤٥ ، دوادێڕ ـ پاش وشەی (دیاردە) ، (و) نوسراوە کە زیادەیە .

ناوەڕۆک

* * * *

بە امر سز ، ستامه السلیمانیه

نرخی (١٥٠) فلسه

وێنەی بەرگەکە دەسکردی هونەرمەند
(وەلید مەهدی)یە

لە کتێبخانەی نیشتمانیدا
ژمارە ٨٥٧ی ساڵی ١٩٧٥ی دراوەتێ

من مطبوعات المجمع العلمي الكردي

الكلمة

في اللغة الكردية

د. عبد الرحمن معروف

مطبعة المجمع العلمي الكردي

بغداد ـ ١٩٧٥